پەیامی قیبلە

زنجیرەی
١١

# پەیامی چاوکراوەیی

# ئەنفالی قورئان و ئەنفالی سەدام



د.عومەر عەلی

٢٠١٨

زنجيره (١١)

# پەیامی چاوکراوەیی

# ئەنفالی قورئان و ئەنفالی سەدام

د. عومەر عەلی

٢٠١٨

پەیامی قیبلە

رۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


ناوی کتێب: پەیامی چاوکراوەیی - ئەنفالی قورئان و ئەنفالی سەدام

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (        )ی ساڵی (        )ی

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## بەرکوڵ

ماڵـمان لـە گوندێـك بـوو خاوەنـی مەڕوماڵاتێکـی زۆر بوویـن، زۆرجـار ئێـواران کـە مەڕوماڵاتەکەمـان دەهاتـەوەو چاومـان بەناویانـدا دەگێـڕا دەمـان بینـی مەڕێـك یـان چەنـد مـەڕو بـزن نەهاتوونەتـەوە، دەبوایـە ئێمـەش بـەو شـەوە بـەو دەشـت و شـاخەدا بگەڕایەیـن بەدوایانـدا لەترسـی ئـەوەی نـەوەك شـەو گـورگ بیـان خـوات، چونکـە گـورگ زۆرجـار شـەرم لـە مرۆڤەکانیـش نـاکات و لـە ڕۆژیشـدا هێرشـیان بـۆ دەهێنێـت چ جـای ئـەوەی شـەو بێـت و خـۆی حاکـم بێـت، جـا هـەر جارێـك گـەر مـەڕو بزنەکانمـان نەدۆزایەتـەوە باوکـم چەقۆیەکـی پێـم دەداو دەینـاردم بـۆ لای مـەلای گوندەکەمـان بـە ئومێـدی ئـەوەی دەمـی گـورگ لـە مـەڕو ماڵاتەکانمـان ببەسـتێت، دراوسـێیەکمان هەبـوو سـەگێکی زۆر هاریـان هەبـوو منیـش منـداڵ بـووم و لێـی دەترسـام، شەرمیشـم دەکـرد بڵێـم دەترسـم چونکـە باوکـم دەیگـووت کوڕەکـەی مـن زۆر چـاو نەترسـە، کـەم شـەو هەبـوو بـەلای ئـەو سـەگەدا تێنەپـەڕم بـۆ لای مامۆسـتا بـە مەبەسـتی دەمـی گـورگ بەسـتن، لـە هەمانکاتـدا ڕۆژانـە دەڕۆشـتم بـۆ لای هەمـان مـەلای گوندەکەمـان بـۆ قورئـان خوێنـدن، منیـش ڕۆژ ئەگـەر بـە پـارە بکرِدرایـە دەمکـڕی بـۆ ئـەو ڕۆژەی کـە بگەیـن بـەو

سـورەتەی کـە تایبـەت بـوو بـە دەمـی گـورگ بەسـتنەوە، تـا ڕۆژێـك هـات و مامۆسـتا پێـی ووتیـن سـبەینێ ئـەو سـورەتە دەخوێنیـن کـە تایبەتـە بـە دەمـی گورگـەوە، منیـش زۆر دەمێـك بـوو ئـەو ڕۆژەم ئـاوات بـوو بـۆ ئـەوەی هیـچ نەبێـت لـە دڵـە تەپـەی سـەگی دراوسـێکەمان و قـوڕاوی ڕێگـەو بانەکـە ڕزگارم بێـت، هـەر کـە ڕۆشـتمەوە بـۆ مـاڵ دەسـتم کـرد بـە خوێندنـی ئـەو سـورەتەی کـە تایبـەت بـوو بـە دەمـی گـورگ بەسـتن، تەفسـیرێکی چکۆلانـەم بـە ئەمانـەت لای هاوڕێیەکـم هێنـاو زۆر عەوداڵـی ئـەوە بـووم کـە ئـەو سـورەتە لـە هەمـوو سـورەتەکانیتر باشـتر بزانـم، چونکـە وەك چـۆن ئێمـەی مسـوڵمانی نوێـژ خوێـن ڕۆژانـە پێویسـتمان بـە خوێندنـی سـورەتی فاتیحـە دەبێـت و لەسـەرمانە بـاش بیزانیـن بەهەمـان شـێوە ئـەو سـورەتەی کـە تایبـەت بـوو بـە دەمـی گـورگ بەسـتنەوە بـە نسـبەت منـەوە زۆر گرنـگ بـوو، دەیـان جـار خوێندمـەوەو تەفسیرەکەشـم لەگەڵیـدا دەخوێنـدەوە بەشـێوەیەك هەموویـم وەك نـاوی خـۆم لەبەرکـرد بـە عەرەبـی و بـە کـوردی، لەسـەرەتاوە ئەوەنـدەم ئـەو ڕۆژە بـەلاوە گرنـگ بـوو بیـرم لای خـۆم نەمابـوو کـە بیـر لـە ماناکـەی بکەمـەوە، گەرچـی هەموویشـم لەبـەر کردبـوو، تـا کاتـی نزیـك بوونـەوەی قورئـان خوێندنەکەمـان هـات ئەوسـا ووتـم باشـە خـۆ ئـەوە مـن ئێسـتا هەمـوو سـورەتەکەم بـە چاکـی لەبـەرە بـە عەرەبـی و بـە تەفسـیری کوردیشـەوە، خـۆ هیـچ باسـی گورگـی تێـدا نەبـوو!، لەسـەرەتاوە وام بیـر دەکـردەوە کـە سـورەتەکە هـەر بـاس و خواسـتی مەڕومـاڵات و گـورگ بێـت کەچـی هیچـی لەوانـە تێـدا نەبـوو!، هەرچەنـد منداڵیـش بـووم بـە ئەقڵـی ئـەو کاتەشـم ووتـم ئەمـە ڕاسـت نـی یـەو شـتی وا نـی یـە، چـۆن دەکرێـت سـورەتێك تایبـەت بێـت بـە دەمـی گـورگ بەسـتنەوە کەچـی نـە ڕاسـتەوخۆ نـە ناڕاسـتەوخۆ سـورەتەکە باسـی تێـدا نەبێـت، کاتێـك

لەلای مامۆستا دانیشتین ووتی ئادەی قورئانەکانتان بکەنەوە ئەمڕۆ ئەو سورەتە دەخوێنین کە تایبەتە بە دەمی گورگ، لەبەر ئەوەی کە منداڵ بووم و زۆر ئەدەبی گەورەو بچوکیشم نەدەزانی ڕاستەوخۆ بە مامۆستام ووت مامۆستا واللە ئەم سورەتە هیچ پەیوەندی بە دەمی گورگەوە نی یەو ئەسڵ و ئەساسی نی یە شتی وا، مامۆستاش هیچی نەووت ووتی بیخوێنن، دوای ئەوەی کە سورەتەکەمان خوێند ئەو ووتانەی من بووە سەرباست و خواستی هاوڕێکانی ترم و پشتگیریان کردم و هەندێك جاریش دەیانووت چۆن وێرات ئەوە لەو کاتەدا بڵێی، منیش ووتم کوره وام دانابوو ئەوە ڕاست بێت و ئێستەودوا دەمی سەگیش لە خۆم ببەستم کەچی هەمووی ناڕاست دەرچوو، ئیتر دوای بۆمان دەرکەوت ئەو مەسەلە کۆن کە دروست کراوە هەر بۆ بەرژەوەندی مادی و دەعوەت و دەعوەتکاری بووەو دواتر لەناو خەڵکیدا باوەڕێکی بەهێزی بەرانبەری بۆ دروستکراوە. سورەتەکەش سورەتی (الشمس)ە دەبوایە مامۆستا بیخوێندایە بە دەمەی چەقۆکەداو دواتر چەقۆکەی ببەستایە! وەك خۆی لەگەڵ تەفسیرەکەیدا بەم شێوەیە:

# سورەتی الشمس
# وَٱلشَّمسِ وَضُحَىٰهَا (١)

خـودای بـەرزی بـێ وێنـە لـەم سـوورەتەدا سـوێند بـە هەندێـك لـە دروسـتكراوەكانی خـۆی دەخـوات، كـە لـەم كائیناتـەدا لەبـەر چاومانـدان... سـوێند لەسـەر خوراوەكەیـش ئـەو فەرمایشـتەیە كـە لـە ئایەتـی ژمـارە(٩) دا دێـت. سـوێند دەخـوات بـە خـۆرو بـە چێشـتەنگاوو بـە مانـگ و بـە ڕۆژو بـە شـەوو بـە ئاسـمان و بـە زەوی و بـەو گیانـەی كـە بەخشـیویەتی بـە ئادەمیـزاد، كـە هـەر كام لـەم دروسـتكراوانە زۆر سەرسـوڕهێنەرن و بەڵگـەی ڕوون وئاشـكران لەسـەر بـوون و تـاك و تەنهایـی و دەسـەڵات و توانـای ڕەهـای پـەروەردگاری جیهـان.

لـە تەفسـیری ئایەتـی یەكـەم دا{الشـمس ...} دەفەرموێـت: سـوێند بێـت بـە ڕۆژ ئـەم ڕۆژەی كـە ڕووناكـی و گەرمـا بـە زەوی دەبەخشـێت، سـوێند بێـت بـە كاتـی چێشـتەنگاوەكەی، كـە كاتـی گەرمـەی هـەوڵ و كۆشـش كردنـەو هەركەسـەو بـە كاری خۆیـەوە لـەو كاتـەدا سـەرقاڵە[1].

وَٱلقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا (٢)

سـوێند بێـت بـە مانـگ كـە دوا بـەدوای ڕۆژ هەڵدێـت و سـوێند بێـت بـەو شـەوقە درەخشـان و جوانـەی كـە تاریكایـی شـەو دەبڕێـت و ڕووناكـی بـە گـۆی زەوی دەبەخشـێت

وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا (٣)

هەروەهـا سـوێندم بـە كاتـی ڕۆژ كاتێـك كـە ڕووناكـی ڕۆژ ئاشـكرا دەكات و زەوی ڕوونـاك دەكاتـەوەو تاریكایـی شـەو ڕادەماڵێـت.

---

١ تەفسیری گوڵشەن

وَٱلَّيلِ إِذَا يَغشَىٰهَا (٤)
سوێند به كاتی شەو، كه به تاریكاییەكەی ڕووناكی ڕۆژ دادەپۆشێت.
وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا (٥)
سـوێند بـە ئاسـمان و بـەو خودایـەی كـە بـەم شـێوە جـوان مەحكەمـە بنیاتـی نـاوە. ووشـەی (مـا) لێـرەدا لـە جێگـەی (الـذي) دایـەو، لـە زمانـی عەرەبیـدا بـەم جۆرە(مـا) یـە دەووترێـت: (ئیسـمی مەوصـول).
وَٱلأَرضِ وَمَا طَحَىٰهَا (٦)
سـوێندم بـە زەوی و بـەو خودایـە بێـت كـە ڕایخسـتووەو، بەشـێوەیەك فەراهەمـی هێنـاوە كـە ژیانـی ئادەمیـزادو گیانلەبەرانـی تـرو دارو درەخـت و شـینایی تیـادا مەیسـەر بێـت.
وَنَفس وَمَا سَوَّىٰهَا (٧)
هەروەهـا سـوێند بێـت بـە ئینسـانیەتی ئادەمیـزادو بـەو خودایـەی كـە بـە شـێوەیەكی ڕێـك و پێـك و زۆر چـاك فەراهەمـی هێنـاوە.
فَأَلهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقوَىٰهَا (٨)
ئینجـا بەهـۆی بەخشـینی ژیریـی و فـام و تێگەیشـتنەوە، هەروەهـا بەهـۆی ئـەو پەیامانـەوە كـە بـە پێغەمبەرانـدا ناردوویەتـی، ڕێـگای ڕاسـت و چـەوت و كـردەوەی چاكـەو خراپـەی بـۆ ڕوونكردوەتـەوە، تـا ئادەمیـزاد خـۆی سەرپشـك بێـت و بـە ویسـتی خـۆی هـەر كامەیانـی دەوێـت، ئەوەیـان هەڵبژێرێـت و ژیانـی خـۆی پـێ بباتـە سـەر.
قَد أَفلَحَ مَن زَكَّىٰهَا (٩)
خـودا سـوێند دەخـوات بـە گشـت ئـەو شـتانەی كـە باسـكران، لەسـەر ئەمـە كـە هـەر كەسـێك دڵـی خـۆی بـە پاكیـی ڕابگرێـت و چاكـەكار بێـت و بەپێـی فەرمانەكانـی خـودا ژیانـی خـۆی بباتـە سـەر، ئـەوە بەڕاسـتیی كەسـێكی

سـەرکەوتوو سـەرفرازەو لـە سـوودو قازانجێکـی زۆردایـە.
وَقَد خَابَ مَن دَسَّىٰهَا (١٠)
ئـەو کەسـەیش کـە نەفسـی خـۆی بـەرەو گونـاه و خراپەکاریـی ببـات و خـۆی لـە ئیمانداریـی و چاکـە خوازیـی دوور بخاتـەوە، ئـەوە بەڕاسـتی خـۆی نائومێـد دەکات و خـۆی دەفەوتێنێـت.
پـاش ئـەوەی کـە لـە ئایەتـی پێشـوودا فەرمـووی: ئـەو کەسـەی پشـت بکاتـە ئیـمان و خـۆی لـە گونـاه و خراپـە نەپارێزێـت و لـە ڕێـگای هیدایـەت خـۆی دوور بگرێـت، ئـەوە زەرەرمەنـدو فەوتـاوە، ئینجـا لێـرەدا چەنـد نموونەیـەك لـەو جـۆرە کەسـانە دەخاتـە پێـش چـاو، کـە لەبـەر خراپیـی و سـتەمکاریی خۆیـان کەوتوونەتـە بـەر غەزەبـی خـودا.
كَذَّبَت ثَمُودُ بِطَغوَىٰهَا (١١)
قەومـی (ثمـود) بەهـۆی بـێ باوەڕیـی و ملهوڕیـی خۆیانـەوە، پێغەمبەرەکـەی خۆیـان کە(صاڵـح) بـوو_ سـەلامی خـودای لەسـەر بێـت_ بـە درۆزن دانـاو گوێیـان بـۆ نەگـرت.
إِذِ ٱنبَعَثَ أَشقَىٰهَا (١٢)
لەنـاو ئـەو قەومـە یاخییـەدا خراپتریـن کەسـیان دەرپـەڕی لەگـەڵ چەنـد کەسـێکی تریانـداو ویسـتیان ئـەو حوشـترە بکـوژن، کـە خـودا بـە موعجیـزە بـۆی خوڵقانـد بـوون، تـا بەڵگـە بێـت لەسـەر ڕاسـتگۆیی پێغەمبەرەکەیـان_ سـەلامی خـودای لەسـەر بێـت_.
فَقَالَ لَهُم رَسُولُ ٱللَّهِ نَاقَةَ ٱللَّهِ وَسُقيَٰهَا (١٣)
صاڵحیـش_ سـەلامی خـودای لـێ بێـت_ پێـی ووتـن: خۆتـان لـەم حوشـترە بپارێـزن و لـە بەشـە ئـاو خواردنەوەکـەی خۆیـدا دەسـتدرێژی مەکەنـە سـەری و ڕێـگای ئـاو خواردنـەوەی لـێ مەگـرن، ئەگـەر دەسـتدرێژی بکەنـە

سـەر، ئـەوە خـودا سـزاتان دەدات و دەتانفەوتێنێـت... بەپێـی دابەشـکردنی صالّح_ سـەلامی خـودای لـێ بێـت_ دەبـوو سـەرچاوەی ئاوەکەیـان ڕۆژێـك بـۆ قەومەکـە بێـت و ڕۆژێکیـش تایبـەت بێـت بـە حوشـترەکە.

فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمدَمَ عَلَيهِم رَبُّهُم بِذَنبِهِم فَسَوَّىٰهَا (١٤)

کەچـی قەومەکـە گوێیان نـەدا بە ئینزارکـردن و هەڕەشـەکانی پێغەمبەرەکەیان و بـە درۆزنیـان دانـاو حوشـترەکەیان سـەربڕی، جـا خودایـش لەبـەر بـێ باوەڕییـان و بـەو گوناهـەی ئەنجامیانـدا_ کـە سـەربڕینی حوشـترەکە بـوو_ سـزایەکی سـەختی دان و هەموویانـی لەناوبـرد، بەبـێ ئـەوەی کەسـێکیان لـێ دەربـاز ببێـت.

وَلَا يَخَافُ عُقبَٰهَا (١٥)

خـودا لـە سـەرەنجامی سـزادان و لەناوبردنـی ئەوانـەدا هیـچ ترسـێکی نیـەو ناترسـێت کەچـی ڕوودەدات و چـی دەبێـت، ئـەو خودایەکـە گشـت بوونەوەری درووسـتکردووەو ترسـی لـە هیـچ شـتێك نیـە. مەبەسـت لـەم فەرمایشـتە ئەوەیـە کـە خـودا هـەر شـتێکی بوێـت دەیـکات و هیـچ هێـزو توانایـەك نیـە کە ببێتـە ڕێگـر لەبـەردەم ئیـرادەی خـواداو لایبـدات لـەوەی دەیەوێـت بیـکات، بۆیـە سـزای هـەر قەومێـك یـان هەرکەسـێکی یاخیـی بـدات، دەیـدات و هیـچ باکیشـی نیـە. هەندێـك لـە زانایـان دەڵێـن: ئـەم ئایەتـە پیـرۆزە دەربـارەی ئـەو کەسـەیە کـە حوشـترەکەی سـەربڕی، واتـە: ئـەو کەسـە یاخیـی و نەگبەتـە، بەبـێ ئـەوەی هیـچ تـرس و بیمێـك دایبگرێـت یـان لـە سـەرەنجامی ئـەو کارەی خـۆی بترسـێت حوشـترەکەی سـەربڕی.

کاتێکیـش باسـی ئەنفـال و ئەنفـال کردنـی کـورد دەکـرا، سـورەتی ئەنفـال لـە قورئانـدا زۆر پێـی ئاشـنا بـووم و گـەر بـە تایبەتیـش نەمخوێندایـە لـە خەتمەکانمـدا بـەردەوام دەمخوێنـد، لەبـەر باسـکردنی جینۆسـاید کردنـی

کـوردوو ناسـاندنی بەنـاوی ئەنفـال ووشـەی ئەنفـال پێچەوانـەی ڕاسـتیەکەی خـۆی لام وەرگرتبـوو، دواتـر کـە دیراسـەتی سـورەتی ئەنفـالم کـردوو هێنـام و بـردم وەك مەسـەلەی دەم بەسـتنی گورگەکـەی لێهـات، بـۆم دەرکـەوت ئـەم سـورەتی ئەنفالـە وەك ئـەو سـورەتەی کـە تایبـەت کرابـوو بـە دەمـی گورگـەوەو مـەلاکان بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان تایبەتیـان کردبـوو پێـوەی، سـەدامیش بەهەمـان شـێوەی بەسـەر ئـەو سـورەتەدا کردبـووی، بـەڵام هەرکـەس ناهەقـی بەرانبـەر قورئـان بـکات و بـۆ بەرژەوەنـدی تایبەتـی خـۆی بـەکاری بهێنیـت و لـە ئامانجـی ڕاسـتی خـۆی بیشـێوێنێت خـوای گـەورە ژیانـی لـە دونیانـدا دەشـێوێنێت و لـەو دەردەی کـە سـەدامی پـێ لەنـاو بـرد باشـتری بـە قسـمەت نابێـت، لـە ئاینـی ڕاسـتی ئیسـلامدا کوشـتنی تاکـە کەسـێك وەك کوشـتنی هەمـوو دونیـا وا بێـت چ چـای کۆمەڵکـوژی، ئاشـکرای لای هەمـوو شـارەزایانی ئـەم پەیامـە پاکەیـە کـە ئاینـی ڕاسـتی ئیسـلام لـە پێنـاو پێنـج ئامانجـی سـەرەکیدا هاتـووە یەکێـك لەوانـە بـۆ پاراسـتنی مرۆڤەکانـە، هەربۆیـە زۆر دەقـی ڕاسـتەوخۆو نـا ڕاسـتەوخۆ دەبینیـن لـەو مـەدارەدا دەسـوڕێتەوە، پێغەمبـەری ئیسـلامیش یاسـای ئیسـلامی بەسـەر زیناکەریشـدا نەدەچەسـپاند ئەگـەر بێـت و کەسـەکە لـە زگیـدا منداڵێـك هەبوایـە لەبـەر خاتـری ئـەو منداڵـە، چونکـە یەکێکـی تـر لـە ئامانجـی ئیسـلام بـۆ پاراسـتنی وەچەکانـە، چ جـای میللەتێـك لەژێـر نـاوی سـورەتێکی ئـەو پەیامـەدا بکوژرێـت و ڕاسـتی لای خەڵکـی لنـگاو قـوچ بکرێـت.

# پێش خوێندنەوە

*بەهەمان ناونیشانی ئەم سەردێڕەوە (ئەنفالی قورئان و ئەنفالی سەدام) بابەتێکم بڵاوکردەوە لەسەر ئەو چەواشەکاریانەی کەوا ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن دەیانکرد بە کورد لە ژێر ناوی ئەنفالدا، دوابەدوای بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە حەزم کرد بیرۆکەکە زیاتر فراوان و ووردتری بکەمەوەو لە شێوەی بەش بەش بڵاویان بکەمەوە تا ئەو کاتەی دڵم تۆزێك ئۆقرە بگرێت لە ناساندی چەواشەکاریەکانی ئەو ڕژێمە، هەر بەوەشەوە نەوەستێت و بابەتەکان هەر بۆ چەند ڕۆژێکی ڕووبەری سایتەکان نەبێت بەڵکو بکرێت بە کتێب و بەچاپ بگەیەنرێت بۆ ئەوەی دڵم زیاتر ئۆقرەی پێدا بێت و لەو هەموو نەهامەتیانەی کەوا کورد چەشتوویەتی بەهۆی ئەو شۆڤێنیانەوە زیاتر بە خەڵکی بناسێنرێت، چونکە هەموو ئەوانەی کەوا بەر ڕق و قینی ڕەشی ئەو ڕژێمە کەوت ئەوەندە لەسەرمانە ئێمە هەستین بە ناساندنی و هیچ نەبێت ئەوەندە بە جیهان بڵێین ئەوە ئێمەین بەرگەی ئەو هەموو نارەحەتیانەمان گرتووەو لەگەڵ ئەوەشدا هەر پێداگرین لەسەر داواکردنی مافەڕەواکانی خۆمان، هەروەك چۆن پەیامێکی گەورەش لەو ناساندنەدا هەیە کە ئەویش ئەوەیە ئەو کەس یان لایەن و دەستەڵاتانەی کەوا بەعسانە بیر دەکەنەوەو بزانن هەوڵەکانی ئەو ڕژێمە دەست ڕەشە کۆڵی پێ نەداوین لە تێکۆشان و پێداگریمان ئێوەش خۆتان هیچ ئەزیەت مەدەن چونکە هیچ هەوڵێکی ڕەش بەرانبەرمان زیاتر لەوە سەوز ناکات، جگە لە مێژوویەکی بۆگەن و ڕەش هیچی تری بۆ خۆی تۆمار نەکرد، جگە لەوەی کە ئەو دەستەڵاتەی کە ڕکەبەرایەتی لەگەڵ ئاینیشدا دەکرد

سەرەنجامەکەیمان بەچاوی خۆمان بینیمان کە چۆن کۆتای پێ هات، کوردی خۆشمان ووتوویانە پەتی ستەم کورتە، وەیان لە قایمیدا دەپچڕێت، لە لایەکی ترەوە ئەم پێداگریە داوایەکی تری هەقە بۆ ئەوانەی کەوا زەرەرمەند بوون بەو کارەساتانە، داواکاریەکەش دوو تەوەرە لە خۆ دەگرێت لایەنکی مادی وە لایەنێکی مەعنەوەی بە تاك بەتاکی ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەشتووە بەهۆی ئەو جینۆسایدانەوە، لە ڕووی حکوومەتیشەوە جارێکی تر ئەو پشکەش مافی خۆمانە ئەو وولاتانەی کەوا دەستیان لە یارمەتی ئەو ڕژێمەدابووە هەم دیسان مادی و مەعنەوی دانی پێدا بنێن و ئەوسا ئێمەش هەرچەند هەموو ئەو قەرەبوانەش هاوتا نی یە لەگەڵ هەناسەی دایکێکی کورد کە ئێستەش چاوەڕێی کوڕەکەی یان کچەکەیەتی بگەڕێتەوە، ئەو بێوەژنەی کە ئێستەش شووی نەکردووەو هەر بە ئاواتی ئەوەوە دەخەوێ کە سبەی یەکێك لە دەرگای بدات و مژدەی گەڕانەوەی مێردەکەی پێ بدات ئەگەرچی بە نیوە مردوویش بێت، ئەو منداڵەی کە ووشەی باوکی لە منداڵانی تر بیستووەو ڕۆژێك لە ئامێزی باوکیدا نەبووە چۆن! قەرەبوو دەکرێتەوە؟! ئەو کچەی کە باوکی ژنی تری هێناوە دوای لەناوچوونی ژنەکەی و خراپە بۆ منداڵەکان و نازانن بۆ دایکیان خراپە بۆیان و دواتر کە گەورە بوون و زانیوویانە ئەم دایکە دایکی یەکەمیان نی یە! چ بە پارەو داوای لێبوردن بکات؟ هەموو ئەمانەش پڕاوپڕی داواکاریەکانیشمان بکرێت هەر زەرەر لە نێوەی بگەڕێتەوەیە، ئەو ئافرەتەی کە تا ئێستەش لە دوو ڕیانی بێوەژنی و شووداریدایەو هەردەم لە دڵە ڕاوکەدایە چ بە پارەو داوای لێبوردن بکات؟! کە جگەری لە جگەری جگەرە خۆر خراپتری پێ هاتووە، هەرچەند بووترێت و بنوسرێت ناتوانرێت ئەو شعورە

ڕاستیەی کە لە دڵی ڕۆڵەی کوردەکاندایە ماف پێ بدات، کاتێکیش کە بیر لەو ڕاستیانە دەکەمەوەو ئەگەر بمەوێت ناخی تەنها چەند کەسێکی جگەرسوتاو باس بکەم ئەوا دەبێت خۆشم دۆش بەدیاری نوسینەکەمەوە دابنیشم و لەتاو گریان نەگەم بەو ئامانجەی کە دەمەوێت لێرەدا بیخەمە ڕوو، هەربۆیە ئەو لایەنە عاتفەی کە کاریگەری لە ناخمان کردووە واز لێدێنم بۆ ئەوەی بتوانم بەردەوامبم دانبەخۆمدا بگرم تا نوسینەکە تەواو دەبێت ئەوسا لە تەنیشت مامەوە دادەنیشم و دەڵێم مامە گیان باسی حەیدەرو فاتیحم بۆ بکە، لەبیرمە جارێکیان لە کانی سارد یاریمان دەکرد ئیتر دوای ئەوە کە ئێمە بارمان کرد ئەو دوو هاوڕێمە نەبینیەوە، خۆ ئەوان هێشتان زۆر منداڵ بوون!، ئەی خۆ دەڵێن ئەنفال، ئەنفالیش سورەتێکی قورئانە کەوابێت ئەو کارەی کە کرا کارێکی شەرعی بوو، ئەی خۆ من ئێستە دەرچووی کۆلێژی شەریعەم و لە مینبەرەو سورەتی ئەنفال شەرح دەکەم بۆ خەڵك بۆ ئەو باسەی تێدا نی یە، ئەی خۆ ئەو فەرموودەش لە فەرموودە ڕاستەکانەو بە دەستەواژە عەرەبیەکەی صحیح ە کە دەفەرموێت (رفع القلم عن الثلاث عن النائم حتي يستيقيض، و عن الصبي حتي يحتلم و عن المجنون حتي يعقل أو يفيق)[2] واتە: قەڵەمی تاوان لەسەر سێ کۆمەڵ لابراوە، لەسەر خەوتوو تا خەبەری دەبێتەوە، لەسەر منداڵ تا باڵغ دەبێت، لەسەر شێت تا ژیری بۆ دەگەڕێتەوە یا چاك دەبێتەوە. ئەی خۆ حەیدەرو فاتیح هێشتا لە کۆڵاندا هەلوکێن[3] و قەرەقەرەیان[4] دەکرد، بۆ ئەو کارە بەناوی دینەوە

---

٢ حديث عائشة : فأخرجه أبوداود ( رقم : ٤٣٩٨) و النسائي ( رقم : ٣٤٣٢) و ابن ماجه ( رقم : ٢٠٤١) و الترمذي في « العلل الكبير « ( ٢/ ٥٩٢ )

٣ جۆرە یاریەکی منداڵانەیە کە داردارێنیشی پێ دەوترێت

٤ لە هەندێك جێگە چاوشارێکێشی پێ دەوترێت

کـرا ئایـە ڕاسـتیەکەی شـەرعی بـوو؟ وەیـان بـۆ ئـەو بەرگـەری بەسـەردا سـەپێنرا؟ ئایـە منیـش ڕق لـە سـورەتی ئەنفـال و هەمـوو سـورەتەکانی تـری هاوڕێـی بکـەم؟! بەهـۆی ئـەو جینۆسـایدەوە وەیـان بـارك اللـە بکـەم، پێـش ئـەوەی ئـەو بڕیـارە بـدەم و خۆشـم بـە دەسـتی خـۆم بخەمـە ڕێـزی جینۆسـایدکراوەکانەوە بڕیـار دەدەم بکۆڵمـەوەو بچمـە بنـج و بناوانـی ئـەو ڕاسـتیەی کـە هێشـتا تاریکـی لەسـەرە، ئەوسـا بڕیارێـك دەدەم لەسـەر بەرچـاو ڕوونـی بێـت و دەبـم بـە پارێزەرێـك بـۆ داواکردنـی هـەر مافێـك کـە لـە ئەنجامـدا بـە ڕوونـی دەرکـەوت.
لێـرەوە دەمامکـە لەسـەر دەمـم لا دەبـەم و دەسـتێکی پـاك بـە دەموچاومـدا دەهێنـم و فرمێسـکەکانم بـە کلێنسـێکی پـاك پـاك دەکەمـەوەو دەزانـم کـە بەهـۆی گریـان و غـەم و خەفەتـەوە چـاوم ئەزیەتـی پـێ گەشـتووە بڕیـاری لەچاوکردنـی چاویلکەکـەم دەدەم بـۆ ئـەوەی بـە ڕوونـی ڕاسـتیەکان ڕوومـاڵ بکـەم، نـەوەك چـاوم بەهـۆی کزیـەوە پیتـەکان تێکـەڵ بـکات و مانایەکـی ناڕاسـت بـە دەسـتەوە بـدات، وەیـان فرمێسـکەکانم بەسـەر کاغەزەکانـدا بڕژێـت و ووشـەیەکی ڕاسـت بکوژێنێتـەوە.

## سەدام و حیزبەکەی

هەڵەیەکی ئێمەی کورد ئەوەیە لە سەرەتاوە هەموو عەرەبمان بە هاوەڵی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت دەزانی و هەرکەس بە عەرەبی قسەی بکردایە لێمان دەبوو بە قورئان و جۆرێك لە پیرۆزیمان پێ دەدان، هەربۆیە هەموو سەرۆکانی وولاتانی عەرەبی و حووکمەکانیانمان بە ئیسلامی دەزانی! ئەم جۆرە بیرکردنەوە دەتوانم بڵێم لە دڵ سافی و گومانبردنی چاکەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەرچی ئەو دڵ سافی و باش گومانبردنە زەرەری زۆریشی لێداوین و هەر ئەوەش بوو کە کوردستانی بە پارچە پارچەکردن داوە، بەڵام بۆ گەشتن لە هەر کەسێك کە خاوەنی هەر بیرۆکە وەیان دەستەڵاتێك بێت، گەرهاتوو لە چوارچێوەی ئیسلامدا هەژماردمان کرد دەبێت بە پێوەرە ئیسلامیەکانیش لە قاڵبی بدەین لەبەر دووهۆکار.

یەکەم: بۆ ئەوەی کەسەکە وەیان لایەنەکە وەك خۆی بناسین.

دووهەم: بۆ ئەوەی لایەن وەیان شتی تری پێوە تاوانبار نەکەین، کە بەو تاوانبارکردنە خۆمان تاوانبار ببین، تا لە شەڕەکانیشی بەدووربین.

## سەدام کێیە؟

ناوی تەواوی صەدام حسێن عەبدولمەجید تکریتی یە، لە دایك بووی ١٩٣٧/٠٤/٢٨ لە گوندی عوجەی تکریت سەر بە پارێزگای سەلاحەدین. بووە بە سەرۆکی عێراق لە ساڵی ١٩٧٩، بەردەوام بوو لەسەر حوکم تا ٢٠٠٣/٠٤/٩ کە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی عێراقیان داگیر کردوو

لەسـەر حوكـم بەتـەواوی لایانـبرد، هێشـتا خـۆی نەگرتبـوو لەسـەر حوكـم و هـەر بـە تێپەڕبوونـی سـاڵێك وەك كەسـێكی ئاژاوەگێـڕ لەگـەڵ ئێرانـدا دەسـتی كـرد بـە شـەڕ كـە لـە سـاڵی ١٩٨٠ تـا ١٩٨٨ ئـەو شـەڕە بـەردەوام بـوو كـە بـە مەلایـن دۆلار زیانـی بـە ئابـووری ووڵاتەكـەی گەیانـد، جگـە لـە كوشـتارێكی بـێ شـومارو بـێ سەروشـوێن كردنـی هەزارەهـا هاوڵاتـی كـوردوو عـەرەب كـە تـا ئێسـتەش خەڵكـی چاوەڕێـی گەڕانـەوەی كەسـەكانیانن و ئافرەتـی وا هەیـە تـا ئێسـتەش شـووی نەكردووەتـەوە هـەر بـە تەمـای گەڕانـەوەی مێردەكەیەتـی.

دوابـەدوای شـەڕی لەگـەڵ ئێرانـدا بەچەنـد سـاڵێك لـە كۆیتـی دا زیـان و قوربانیەكـی یەكجـاری تـری بـەدوای خۆیداهێنـا.

ئـەو دوو شـەڕە لەگـەڵ فـارس و عەرەبـدا بـوو كـە پەیوەندیـان بـە كـوردەوە نەبـوو، وە لەگـەڵ ووڵاتانـی دەرەوەدا، جگـە لـە كیمیابارانـی هەڵەبجـەو جێگـە كـورد نشـینەكانی تـر، جگـە لـە جینۆسـایدكردنی كـوردەكان بەنـاوی ئەنفالـەوە.

مێـژووی حوكمڕانێتـی سـەدام حسـێن خوێـن لەسـەر جـادەكان ووشـك نەدەبۆیـەوەو برینـەكان سـاڕێژ نەدەبـوو برینـی تـری بـەدوادا دەهـات.

كوشـتن و بەدەرنانـی خەڵكـی لـە جێگـەو ڕێگـەی شـەرعی خۆیـان ئاواتـی هەمیشـەی سـەدام بـوو، وەك كەسـێكی دەرون نەخـۆش مامەڵـەی لەگـەڵ هاوڵاتیانـی خۆیـدا دەكـرد، بـە ناخۆشـیەكانی خەڵكـی خۆشـحاڵ دەبـوو، لـە هەمـوو زەمەنـی حوكمڕانێتیـدا تاكڕەوانـەو بـەدوور لـە هەمـوو بەهـا دیموكراسـیەكان مامەڵـەی دەكـرد، پەرلەمـان نـاوی نەبـوو لـە بوونـی ئـەودا، هەڵبـژاردن بەنـاو هەبـوو بـەڵام لـە هەمـوو خولەكانـدا كەمـتری لـە ١٠٠٪ نەدەهێنـا! منـداڵ هـەر لـە منداڵیـەوە بـە ترسـی ئـەو گـۆش دەكـران،

جاسوسـی لەنـاو خەڵکـدا بەشـێوەیەکی وا بەربڵاوبـوو کـەس لـە کەسـی خۆشـی ئەمیـن نەدەبـوو، وەڵامـی ڕەخنـە بـە گوشـتنی ئاشـکرا دەدرایـەوە، هەتـا بیـری لێبکەیتـەوەو چـاو بـە مێژوویـدا بگێڕیتـەوە هـەر مەوقیفـی خـراپ و کارەساتی جۆراوجـۆر بەبەرچـاو دەکەوێت، کاری چاکـی لـە مێـژووی حکوومڕانیەتیـدا زۆر کـەم بەرچـاو دەکەوێـت، مەگـەر ئاڵـۆزی و قەیرانـە جۆربەجۆرەکانـی ئێسـتەو لـە ناچاریـدا هەندێـك کـەس باسـی چاکـەی ئـەو کاتـە بـکات، ئـەوە لەبیرکردنـی ڕاسـتیەکان و سـتەمی ئـەم دەسڵاتەشـە کـە کـوردە زۆرجـار وایکـردووە ئـاوات بـە ڕابـردوو بخوازرێـت.

هـەر لـە سـەرەتایی گەنجیـەوە لـە سـاڵی ١٩٥٧ پەیوەنـدی بـە حیزبـی بەعسـەوە کـردووە بـە پاڵپشـتی خاڵـی خەیـروڵا طلفـاح.

ئەگـەر بێـت و لـە حیزبـی بەعسیش بکۆڵینـەوە ئەوسا پـێ دەچێت گلـەی لـە سـەدامیش نەکەیـن چونکـە حیزبێکـی وایـە دەبێـت چاوەڕوانـی بەرهەمـی وەك سـەدامی لـێ بکەیـن، هەربۆیـە کاتێـك پرسـیاریان کـرد لـە شـێخی گـەورەی سـعودی ئیـبن بـاز لەسـەر مسـوڵمانێتی سـەدام؟ ڕاسـتەوخۆ بـە کافـرە وەڵامـی دەداتـەوە وەك دەقـی پرسـیارو وەڵامەکەشـی بـەم شـێوەیە هاتـووە:

السـؤال : هـل يجـوز لعـن حاكـم العـراق؟ لأن بعـض النـاس يقولـون: إنـه مـا دام ينطـق بالشـهادتين نتوقـف في لعنـه، وهـل يجـزم بأنـه كافـر؟ ومـا رأي سـماحتكم في رأي مـن يقـول: بأنـه كافـر؟

الجـواب : هـو كافـر وإن قـال: لا إلـه إلا اللـه، حتـى ولـو صلـى وصـام، مـا دام لم يتـبرأ مـن مبـادئ البعثيـة الإلحاديـة، ويعلـن أنـه تـاب إلى اللـه منهـا ومـا تدعو إليـه، ذلـك أن البعثيـة كفـر وضـلال، فـما لم يعلـن هـذا فهـو كافـر، كـما أن عبد

الله بن أبي كافر وهو يصلي مع النبي - صلى الله عليه وسلم-، ويقول: لا إله إلا الله ويشهد أن محمدا رسول الله وهو من أكفر الناس وما نفعه ذلك لكفره ونفاقه فالذين يقولون: لا إله إلا الله من أصحاب المعتقدات الكفرية كالبعثيين والشيوعيين وغيرهم ويصلون لمقاصد دنيوية، فهذا ما يخلصهم من كفرهم؛ لأنه نفاق منهم، ومعلوم عقاب المنافقين الشديد كما جاء في كتاب الله: {إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا}[٥] وصدام بدعواه الإسلام ودعواه الجهاد أو قوله أنا مؤمن، كل هذا لا يغني عنه شيئا ولا يخرجه من النفاق، ولكي يعتبر من يدعي الإسلام مؤمنا حقيقيا فلا بد من التصريح بالتوبة مما كان يعتقده سابقا، ويؤكد هذا بالعمل، لقول الله تعالى: {إِلا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا}[٦] فالتوبة الكلامية، والإصلاح الفعلي، لا بد معه من بيان، وإلا فلا يكون المدعي صادقا، فإذا كان صادقا في التوبة فليتبرأ من البعثية وليخرج من الكويت ويرد المظالم على أهلها، ويعلن توبته من البعثية وأن مبادئها كفر وضلال، وأن على البعثيين أن يرجعوا إلى الله، ويتوبوا إليه، ويعتنقوا الإسلام ويتمسكوا بمبادئه قولا وعملا ظاهرا وباطنا، ويستقيموا على دين الله، ويؤمنوا بالله ورسوله، ويؤمنوا بالآخرة إن كانوا صادقين. أما البهرج والنفاق فلا يصلح عند الله ولا عند المؤمنين، يقول سبحانه وتعالى: {إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ}[٧]، ويقول جل وعلا: {ومن الناس من يقول ءامنا بالله وباليوم الآخر وماهم بمؤمنين * يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلا أَنْفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ * فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ * وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لا

٥ سورةتى النساء ١٤٥
٦ سورةتى البقرة ١٦٠
٧ سورةتى النساء ١٤٥

تُفْسدُوا في الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلحُونَ * أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسدُونَ وَلَكِنْ لا يَشْعُرُونَ * وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمنُوا كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُوا أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاءُ أَلا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاءُ وَلَكِنْ لا يَعْلَمُونَ}[8] هذه حال صدام وأشباهه ممن يعلن الإسلام نفاقا وخداعا وهو يذيق المسلمين أنواع الأذى والظلم ويقيم على عقيدته الإلحادية البعثية[9].

جگە لەوەی شێخ بن باز سەدام وەك خودی خۆی زۆر بە ڕوونی كافر دەكات تیشك دەخاتە سەر ئەو هزرەشی كە هەڵیبژاردووەو كە بەعسیە وە هزرێكی ئیلحادی ناو دەبات هەربۆیە لێرەدا پێویستە هزری ئیلحادیش بناسین، بۆ ئەوەی سەدام نەك خودی خۆی بەرنامەكەشی لەسەر ئیسلام حسێب نەكرێت.

## هزری ئیلحادی

ئەم هزرە لە بێ باوەڕیەوە سەرچاوە دەگرێت و بڕوا بوون ڕەد دەكاتەوە.

مەدرەسەیەكی فەلسەفی تایبەتی بەو شێوە نی یە كە فكری ئیلحادی هەمووی پێكەوە كۆ بكاتەوە، بەڵام ئاشكرایە ئەم هزرە پێش ئیسلامیش هەبووە وەك بە دەهریەكان ناسراون كە دەڵێن ئەم جهیانە سەرەتاو كۆتای نی یە قورئانی ڕاستیش ئەم باسەمان بۆ دەكات و دەفەرموێت {وقالوا ما هي الا حياتنا الدنيا نموت ونحيا وما يهلكنا الا الدهر وما لهم بذلك من علم ان هم الا يظنون}[10]

---

٨ سورەتی البقرة ٨-١٣

٩ المصدر : من ضمن أجوبة سماحته رحمه الله على الأسئلة الموجهة له عام ١٤١١هـ - ١٩٩١م، أيام غزو العراق للكويت-الفتاوى المجلد٦

١٠ سورەتی الجاثية ٢٤

واتـه: بێبـاوەڕەکان دەیانـووت ئـەم دونیـا چـی یـه دەژیـن و دەمریـن سروشـت و ڕۆژگاره دەمـان ژێنێـت و لەناومـان دەبـات، بـەڵام لـه ڕاسـتیدا ئـەوەی ئـەوان دەیڵێـن لـه ڕێگـەی زانسـتەوە نـی یـه تەنهـا گومانـه.

جەمالەدینـی ئەڤغانیـش کتێبێکـی هەیـه بەنـاوی بەربەرچدانـەوەی دەهریـەکان، الـرد علـی الدهرییـن، وە بەکارهێنانـی ئیلحادیـش بۆ ئەوەیـه کـه باوەڕیـان بـه دیـن نـی یـه، ئیـتر دەکرێـت دەسـتەواژەی جیـا جیـا بەدەرکـەون وەك لێـرەدا دەهـری دەرکـەوت، گرنگـه ئەوەیـه گەرچـی ناوەکانیـش جیابـن، بـەڵام هەمـووی لـه ژێـر ئیلحـاددا یـەك دەگـرن، بـەڵام هەتـا نـاوی ئیلحـاد خۆشـی لـه قورئانـدا هاتـووە وەك لـەم ئایەتانـەدا دەبینرێـت: {وللـه الأسـماء الحسـنى فادعـوه بهـا وذروا الذيـن يلحـدون في اسـمائه سـيجزون مـا كانـوا يعملـون}[11]

واتـه: هـەر بـۆ خوایـه هەمـوو نـاوە جـوان و پیـرۆزەکان، جـا (ئـەی ئیمانـداران) بـەو ناوانـه دوعـا و نـزا بکـەن و هانـاو هـاوار بـۆ ئـەو زاتـه بـەرن، واز بهێنـن لەوانـەی کـه لـه نـاوە پیرۆزەکانـی خـوادا لادان دەکـەن و (سـیفەت و ناوەکانـی خـوا بەکاردەهێنـن بـۆ غەیـری خـوا)، لـه ئاینـدەدا پاداشـتی ئـەو کارو کردەوانەیـان وەردەگـرن کـه ئەنجامیـان دەدا.

لێـرەدا بـه ئاشـکرا خـوای گـەورە ناوەکانـی خـۆی بـه بیـر مسـوڵمانان دەخاتـەوەو فەرمـان دەکات کـه بـەو ناوانـه دوعـا بکـەن و واز لەوانـه بهێنـن کـه باوەڕیـان پێـی نـی یـەو گرنگـی پـێ نـادەن بەبـێ ئـاگا لەڕاسـتی خـوای گـەورە ناویـان دەبـات.

{ولقـد نعلـم انهـم يقولـون انمـا يعلمـه بـشر لسـان الـذي يلحـدون اليـه اعجمي وهـذا لسـان عـربي مبين}[12]

١١ سورەتی الأعراف ١٨٠

١٢ سورەتی النحل ١٠٣

واتــە: ســوێند بــە خــوا ئێمــە بەڕاســتی دەزانیــن بــێ بــاوەڕان دەڵێــن: ئــەم قورئانــە تەنهــا کەســێك فێــری دەکات، (بەمەرجێــك) زمانــی ئــەو کەســەی ئــەوان دەڵێــن قورئــان فێــری محمــد دەکات، عەجەمیــەو عەرەبــی نیــەو ڕەوان نیــە، لەگــەڵ ئــەوەدا ئــەم قورئانــە بــە زمانــی عەرەبــی و پاراوو ڕوون و ئاشــکرا داڕێــژراوە.

{ان الذیـن یلحـدون في ایاتنـا لا یخفـون علینـا افمـن یلقـی في النـار خـیر ام مـن یـاتي امنـا یـوم القیامـة اعملـوا مـا شـئتم انـه بمـا تعملـون بصـیر}[13]

واتــە: بەڕاســتی ئەوانــەی کــە ســەرســەخت و بــێ بــڕوان و دژایەتــی ئایــەت و فەرمانەکانــی ئێمــە دەکــەن و لێــی لادەدەن. خۆیــان ناشــارنەوە لــە ئێمــە، باشــە، ئــەوەی فــڕێ بدرێتــە نــاو ئاگــری دۆزەخــەوە چاکــترە یــان ئــەو کەســەی کــە بەدڵنیایــی و ئارامــی و هێمنیــەوە دێــت لــە ڕۆژی قیامەتــداو بــەرەو بەهەشــت بەڕێــزەوە بــەڕێ دەکرێــت؟! ئــەی بــێ بــاوەڕان هەرچیتــان لــە دەســت دێــت بیکــەن، چونکــە لــە دەســتی خــوا دەرناچــن، دڵنیاشــبن خــوا بینایــە بــەو کردەوانــەی دەیکــەن.

دەبینــی لەهــەر ســێ ئــەو ئایەتانــەی کــە هێنامانــەوە ووشــەی ئیلحــاد بێبــاوەڕ هاتــووە، بــەڵام ئــەم بێبــاوەڕی و ئینــکاری کردنــە وەك لــە ســەرەوەش ئاماژەمــان پێــدان جۆریــان زۆرە هەیــە بــۆ نمونــە بــاوەڕی هەیــە بەخــوای گــەورە بــەڵام ئینــکاری شــتی تــر دەکات کــە ئەویــش هــەر لــە ژێــر ئیلحــادی نایباتــە دەرەوە وەك قورئانــی پیــرۆز ئەمەشــمان بــۆ بــاس دەکات و دەفەرموێــت {ولـئن سـالتهم مـن خلـق السـماوات والأرض وسـخر الشـمس والقمـر لیقولـن اللـه فـانی یؤفکـون}[14]

موئەریخێکــی ئیغریقــی بەنــاوی بلوتــارك وەڵامێکــی جوانــی دەداتــەوە وەك

١٣ سورەتی فصلت ٤٠

١٤ سورەتی العنکبوت ٦١

دەڵـێ( لقـد وجـدت في التاريـخ مـدن بـلا حصـون، و مـدن بـلا قصـور، و مـدن بـلا مـدارس، ولكـن لم توجـد أبـدا مـدن بـلا معابـد) واتـە لـە مێـژوودا شـارم بینـی بەبـێ خانـوی بـەردو خشـت، شـارم بینـی بەبـێ باڵەخانـە، شـارم بینـی بەبـێ قوتابخانـە، بـەڵام هەرگیـز شـارم نـەدی بەبـێ پەرسـتگا، یانـی ئـەوە چ باوەڕێکـە ئـەوە ڕەد بکاتـەوە، لەکاتێکـدا ئـەو هەمـوو شـتە گرنگـە دونیایانـە زۆرجـار لـە شـاردا بوونـی نەبـووە بـەڵام پەرسـتگا هەبـوون.
هەروەها لقـی تـری لـێ دەبێتـە ئـەم ئیلحادانـە وەك لا دینیـەکان کە ئەسـڵەن دەڵێـن دیـن مرۆڤـەکان خۆیـان دروسـتیان کـردووە، یانـی هـەر بوونـی نەبـووە خـۆی، وە لا أدري یـەکان کـە نازانـن هەیـە یـان نـا!، وە ڕەبانیـەکان کـە باوەڕیـان بـە خـوا هەیـە بـەڵام دینیـش بـە گرنـگ نازانـن.
بـەڵام ئـەم هـزرە کـە لـە ئێسـتەدا هـەر ئـەو هـزرەی پێـش ئیسـلام نی یە بەڵکو لەنـاو مەسـیحیەکاندا زیاتـر ئەمـە دروسـت بـوو لـە دژی مەسـیحیەت، وە بڕوایـان وایـە کـە دیـن مرۆڤـەکان کـۆت دەکات و ڕێگـری دەبێـت لـە داهێنـان جـا گـەر بێـت و خۆتـی لـێ داماڵـی دەتوانیـت پێـش بکەویـت، کـە مشـتومڕێکی یەکجـار زۆری لەسـەرە.
هەمـوو ئـەم هزرانـە هەڵقـوڵاوی ناوچـە مەسـیحیە نشـینەکانن، بـەڵام لەگـەڵ فراوانیـان و هـۆی پشـتگیریان لەلایـەن زۆرێکـەوە ئیـتر خۆیـان لا زیاتـر گـەورە بـووەو بـە پێـوەری خۆیـان پێوایانـە بـۆ وولاتانـی تریـش دانـاوەو ووتوویانـە دیـن هـەر دینـە، بـۆ ئـەوەی ئێـوەش وەك ئێمـە پێـش بکـەون دەبێـت وازی لێبهێنـن و خۆتانـی لـێ دابماڵـن، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا دیـن هـەر دیـن نـی یـە چونکـە ئەحکامـی شـەرعەکانیان جیـاوازی هەیـە، هەربۆیـە کاتێـك لـە وولاتانـی ئیسـلامی بـەدوای ئـەم جـۆرە هزرانـە کەوتـن بینیـان هـەم دینەکەشـیان لـە دەسـتداو وە هـەم پێشـیش نەکەوتـن ، ئـەو سـاتەی کـە دەسـتەکان

بـه ئیسـلامەوە پابەندبـوون لـە قیمـەی پێشـکەوتندا بـوون و ئەوروپـاو ئەمەریـکا بەدەسـت پیاوانـی کەنیسـەوەو بەدەسـت شـەڕەوە دەیـان ناڵانـد، لـە لەندەنـدا تـا ئەژنـۆ لـە قـوڕدا دەچەقـی لـە ئەندەلـوس کـە ئیسـپانیای ئێسـتەیە هەمـوو کۆڵانـەکان ڕوونـاك بـوون، کـە ئێسـتەش ئاسـەواری ئیسـلامی ئەوکاتـەی پێـوە دیـارە. لـە ڕێگـەی ڕۆژهەڵاتناسـەکانیانەوە دیسـان توانیـان گـورزی بەهێـز لـە وڵاتانـی ئیسـلامی بـدەن و داگیریـان بکـەن و بەسـەرخۆیاندا دابەشـیان بکـەن و وە سـود لـە زانسـتە ئاینیەکانیـش بـۆ خۆیـان وەربگـرن و بەرگـی تـری بەبـەردا بکـەن و بیکـەن بـە هـی خۆیـان، هەربۆیـە ئێسـتە کـە سـەرنج لـە هەندێـك یاسـاکانیان دەدەیـن لـە ڕاسـتیدا ئیسـلامین و پێـش هەمـوو کـەس ئیسـلام دایهێنانـەوەو پیـادەی کـردووە، ئەوانیـش ئەکفـەرەو ئەلحەدەیـان کـردووە بـۆ خۆیـان، نمونـە ئـەو حەسـانەی کـە بـە منـداڵ دەدرێـت و مافـی منداڵـی لـە ژێـردا دەپارێزرێـت ئاشـکرایە لەسـەردەمی ئیمامـی عومـەردا ڕەزای خـوای لـێ بێـت داهێـنرا لـە ئەنجامـی گریانـی منداڵێکـدا، وەیـان سیسـتمی پۆسـت و گەیانـدن، لەسـەروی هەموویانـەوە پەرلەمـان و هەڵبـژاردن لـە ڕووی دیموکراسـی و ئـازادی خۆیانـی تێـدا دەردەبـڕن لـە ئیسـلامەوە هاتـووە، تەنهـا ناوەکـە گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە لەگـەڵ هەندێـك ئالیـەت و شـوێنی دانیشـتندا، کەچـی ئێسـتە لـە ئەوانـەوە بـۆ ئێمـە دێتـەوە هێشـتا ئێمـەش قبوڵـمان نـی یـە! ئەوەتـا زۆرێـك لـە وڵاتانـی عەرەبـی و ئیسـلامی پەرلەمـان هـەر بقەیـە! مافـی ئافـرەت کـە کردوویانـە بـە موڵکـی خۆیـان ئاشـکرایەو هیـچ بەڵگـەی ناوێـت کـە تـا پێـش ئیسـلام ئافـرەت چـۆن دەچەوسـایەو زینـدە بەچاڵیـان دەکـردن کـە ئیسـلام هـات چـۆن ئـەو کەلتـورەی گـۆڕی و خۆشـی بـۆ دەکـردن کـە بـە عەقیقـە نـاسراوە لـە نـاو مسـوڵماناندا دایهێنـاو تـا ڕۆژی قیامـەت هـەر سـونەتە،

هەرکـەس دوو کـچ بەچاکـی بەخێـو بـکات جێگـە بەهەشـتە پێکـرد، لـە هەمـوو کارو چالاکیـە دینیەکانیشـدا دەبینیـن ئافـرەت هاوکاربـووە لەگـەڵ پیاوانـداو هیچیـش عەیـب وعـار نەبـووە، لـە پەرستنەکانیشـدا لەگـەڵ پیاوانـدا نوێژیـان کـردووە، بـەڵام ئەمـڕۆ پێچەوانەکـەی دەبینینـەوە ئافـرەت لـە ڕۆژئـاوا ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیـە لـە بـەرەو پێشـبردنی وولاتـداو لـە وولاتانـی ئیسـلامی دەسـتیان ناوەتـە بینەقاقەیـان بـە زینـدووی لـە ماڵـدا وەك کوژراویـان لێهاتـووە، پشـتگیری مـن ڕەهایـی نـی یـە بـۆ ئافـرەت وەك ئـەوەی لـە ڕۆژئـاوا هەیـەو زۆرێـك لـە بەرەڵایـی تێکـەڵ کـراوەو دژی ئـەو ئافرەتانـەش نیـم کـەوا حەیـای خۆیـان دەپاریـزن و چاودیـری مـاڵ دەکـەن، بـەڵام ئافـرەت گەرتواناکانیـان بخەنەگـەڕ کاری زۆریـان پـێ دەکریـت و دەتوانـن لەگـەڵ پیاوانـدا چمکێکـی ژیـان بەرزبکەنـەوە، وەك ئاشکراشـە هەندێـك کار بـە ئافـرەت نەبێـت ناکرێـت لـە فیقهـی ئیسلامیشـدا گرنگـی ئافـرەت بەسـەر پیـاودا دراوە لـەو ڕوانـەوە مەگـەر لەبـەر ناچـاری نەبوونـی ئافـرەت پیـاوان بـە مەرجـەوە قبـوڵ بـکات.

تەنهـا وەڵامـی ئـەو شـێخە گـەورە لەسـەر خـودی سـەدام و حیزبەکـەی بەسـە بـۆ وەڵامـی هەمـوو ئـەو کەسـانەی کـە سـەدام بـە ئیسـلامەوە دەگلێنـن و کارەکانـی شـەرعیەتی ئیسـلامی پـێ دەدەن، چونکـە بـە ئاشـکرا شـێخ دەڵـێ کافـرە هەتـا شـەهادەش بهێنێـت و خـۆی بـە مسـوڵمان نیشـان بـدات، دەیشـوبهێنێت بـە عەبـدوڵای کـوڕی ئوبـەی کـە مونافیـق بـوو، وە حاڵـی مونافیقیـش لـە ئیسـلامدا لـە کافریـش خراپـترەو جێگەکەشـی لـە قیامەتـدا لـە جێگـەی کافـران خراپـترەو لـە ژێـرەوەی ئاگـرە، چونکـە بەهـۆی دینـەوە خەڵکیـان خەڵەتانـدووەو ناخـی خۆیانیـان لای خەڵکـی شـێواندووەو نمونـەی ناشرینـی ئیسـلامیان بەخەڵکـی گەیانـدووە بەنـاوی ئیسـلامەوە.

لێـرەدا وەڵامـی شـێخ زۆر ڕوونـە لەسـەر کافریتـی سـەدام و حیزبەکـەی، بـەڵام ئـەوەی لای مـن بۆتـە پرسـیار بـۆ شـێخ ئیـبن بـاز لـەو کاتـەدا ئـەو فەتـوای داوە کـە لـە کۆیـت درا ١٩٩١ کـە کیمیـا بـاران و بەنـاو ئەنفـال و زۆر لـە جینوسـایدەکانی تـر پیـش ١٩٩١ کـراوە.

ئـەو پرسـیارە لای مـن زۆر جـدی بـوو لـە سـەفەرێکمدا بـۆ سعودیە ڕووبـەڕووی کەسـانێکم دەکـردەوە کاتێـك وەسـفی کوردیـان دەکـردوو بـە نەوەکانـی سـەلاحەدینیان نـاو دەبردیـن، وەڵامـی ئەوانیـش ئـەوە بـوو دەیانـووت ئـەو کەرەسـتانەی کـە ئێسـتە لەبەردەسـتایە وەك ڕاگەیاندنـەکان و سـەتەلایت بـەم شـێوەیە نەبـوو، دەیانـووت ئێمـە بەگوێـرەی پێویسـت ئاگامـان لـە سـەدام نەبـووەو نەمانزانیـووە ئەوەنـدە سـتەمکارە تـا دای لـە کۆیـت، ئەوسـا کـە بۆمـان دەرکـەوت بەهـۆی ئـەو سـتەمەوە سـتەمەکانی تریشـمان بـۆ دەرکـەوت و کارەسـاتەکانی بەنـاو ئەنفـال و کیمابارانـەکان کردمـان بـە سـیدی و بڵاومـان دەکردنـەوە کـە تـا ئێسـتەش لـە مەکتەبـەکان و چەندەهـا جێگـەی تایبـەت دامـان نـاون.

وەڵامەکـەی ئـەوان دوو پرسـیاری تریـش دروسـت دەکات کـە ڕوو بـەڕووی کـورد دەبێتـەوە.

یەکـەم: کەمتەرخەمـی کـورد لـە گەیانـدن و ناسـاندنی سـەدام و حیزبەکـەی بـە وڵاتانـی دراوسـێ بـە تایبـەت زانایانـی ئیسـلام کـە فەتواکانیـان کاریگەری گرنگـی هەیـە لـە وڵاتانـی ئیسـلامی و عەرەبیـدا، هـەروەك کاتێـك ئیـبن بـاز ئـەو فەتـوای دا دەنگدانەوەیەکـی یەکجـار گـەورەی دروسـت کـرد لـە وڵاتانـی عەرەبـی بـە تایبەتـی، وەڵامەکـەی بـن بـاز لەسـەر کافرێتـی سـەدام پەیوەسـت نـی یـە بـە لێدانـی کۆیتـەوە بەڵکـو پرسـیارەکە ئـەو کاتـە لێیـان کـردووە، لـە وەڵامەکەیـدا ئـەوە دەردەکەوێـت کـە سـەدام هـەر لـە

ئـەوەڵ سـاتی هاتنـە سـەر حوکمیـەوە ئـەو حوکمـەی بەسـەردا سـەپیووە، بـەڵام بەداخـەوە کەسـایەتیە دینیـە کوردیـەکان دەبوایـە هـەر زوو ئـەو پرسـیارەیان لـە کەسـانێکی وەك بـن بـاز بکردایـە، بـۆ ئـەوەی هـەر زوو بـۆ خەڵکـی دەربکەوتایـەو بەهۆشـیەوە کێشـەکانی ئێمـە زیاتـر دەنـاسراو ڕێگەیـەك بـوو بـۆ کەمکردنـەوەی، وەك چـۆن ئێسـتەش بـووە بـە گرێیـەك لـە دڵـی خـاوەن شـەهیدەکانی کیمیابـاران و بەنـاو ئەنفالـەکان کـە سـەدام بـۆ لەسـەر کێشـەی دووجەیـڵ لـە سـێدارە درا! دەبـوا لەسـەر ئەنفـال و کیمیابـاران لـە سـێدارە بدرایـە، بێگومـان ئەگـەر وا بوایـە کێشـەکانی ئێمـە چارەسـەرەکانی دەچـووە پێشـەوە زووتـر.

دووهـەم: خەمنەخواردنـی کەسـایەتیە بەرپرسـیە کوردیـەکان لـە دروسـت نەکردنـی لیژنەیەکـی چاودیـری ئاینـی، ئێمـە لـە خاڵـی یەکەمـدا مامۆسـتایانم تاوانبـار کـرد بـەوە کەمتەرخـەم بـوون لـە گەیاندنـی ئـەو ڕاسـتیانە بـە زانایانـی وڵاتانـی عەرەبـی ئیسـلامی، بـەڵام بـە پلـەی یەکـەم بەرپرسـە کـوردەکان تاوانبـارن لـە دروسـت نەکردنـی لیژنەیەکـی وا کـە بەخـەم ئـەو جـۆرە کارانـەوە بـڕۆن، چونکـە تـاك وەك خـۆی ئەوەنـدەی پـێ ناکرێـت، هەتـا ئێسـتەش کـە کـورد خاوەنـی کیانێکـی تـاڕادە بەهێـزی هەیـە بـە بـەراورد لـە چـاو پێشـوودا بەداخـەوە ئـەو لیژنـە کارا هـەر نابینیـن، گەرچـی وەزارەتـی ئەوقـاف و یەکیەتـی زانایانیـش پەیوەندیەکـی زۆریـش لەگـەڵ وڵاتانـی عەرەبـی و دراوسـێدا هەیـە.

بەدەمـەوە نەبـوون و نەچوونـی ئـەم پرسـە گرنگـە ئـەو گومانـەش دروسـت دەکات کـە کەسـانێکی کـوردو لـە ئاسـتی بەپرسـیاریەتیدا دەسـتیان لـەو تاوانانـەدا هەبـووە، هەربۆیـە بـە گوێـرەی پێویسـت و لەکاتـی خۆیـدا تـا ڕادەیەکـی زۆر پشـتگوێ خـراوە، هەرچەنـد ئێمـە دەڵێیـن گومـان بـەڵام

خۆی ڕاستیەو ناوی ئەو کەسانەی کەوا دەستی ڕەشیان لەگەڵ دەستی سوری سەدامدا هەبووە بەشێکی ئەو تاوانانەیان خستووەتە گەردەنی خۆیان، کوردیش ڕقی خۆی بەسەر قورئاندا دەڕێژێ! لە کاتێکدا نەدوور نە نزیك نە کارەکە وە نە حیزبەکەی سەدام و خودی خۆی پەیوەندیان بە ئیسلامەوە تەنها مونافیقیەتی بووە، هەربۆیە جێگەی خۆیەتی ئەو گلەییە لەخۆمان بکەین کە بە شتی لاوەکیەوە خەریك نەکەین و بەتاوانبارکردنی بێ تاوانەکان خۆمان لە بنەڕەتی کێشەکان نەدزینەوە.

## ئیسلام و ئامانجەکانی

مەبەست لەم باسەی ئێمە لەناوی ئەنفالی قورئان و ئەنفالی سەدامەوە بۆ گەشتنە لە ڕاستێتی ئەو کردارانەی کە سەدام بەناوی ئەنفالەوە کە سورەتێکی قورئانە کردی، هەربۆیە گرنگە بۆ گەشتن لە ڕاستێتی باسەکە ئامانجەکانی ئیسلام بزانین، ئایا لە ئیسلامدا ئەو جۆرە کارانە ڕێگە پێ دراوە؟ وەیان چ قەوارەیەکی هەیە ئیسلام لەمەڕ کارەکانی، ئەڵبەت لە بەشەکانی تردا وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەو زۆرێك لە پرسیارانی تریشمان بۆ دەردەکەوێت، بەڵام بۆ بەرچاوی ڕوونی دەبێت بزانین ئایا ئیسلام بۆچێ هاتووە؟ چونکە هۆکاری نەزانین و لەبیر کردنی ئەو ڕاستیانەیە کارانێکی وەك ئەو جینۆسایدانەی کە سەدام کردی بە ئیسلامەوە بگلێنن، لە کاتێکدا لە هیچ جێگەیەکی ئاینی ئیسلامدا کاری لەو شێوە جێگەی نابێتەوە. زۆرن ئەو پرسیارانەی کە لای زۆرمان دروست دەبێت لەسەر کوشت و کوشتارو جۆرەکانی هەمووی هەندێك بە ووردی باس دەکەین، بەڵام پێش ئەوە پێویستە لە دڵماندا ئەوە جێگیر

ببێـت ئـەم ئیسـلامە بـەو هەمـوو پشـتگیری و ئەندامانەیـەوە دەکرێـت بـێ ئامانـج بێـت؟ بێگومـان نەخێـر لـە سـورەتی ئەنفـال و باقـی سـورەتەکانی تریشـدا ئـەو ڕاسـتیە سـەلماوە، کـە ئیسـلام بـۆ پاراسـتنی پێنـج شـت هاتـووە، لەسـەرەنجامی گەشـتن لـە دەقـە شـەرعیەکان بـە ڕاسـتەوخۆو نـا ڕاسـتەوخۆ بەڕوونـی بۆمـان دەردەکەوێـت کـە ئـەو پێنـج شـتە کـە بـە مقاصد الخمـس نـاسراوە کـە بریتیـن لـە:

١-پاراستنی دین.

٢-پاراستنی مرۆڤەکان.

٣-پاراستنی وەچە.

٤-پاراستنی ژیری.

٥-پاراستنی ماڵ.

## پاراسـتنی دین

مەبەسـت لـە پاراسـتنی دیـن چـی یـە؟ الدیـن : هـو مجمـوع العقائـد والعبـادات والأحـكام التـي شرعهـا اللـه سـبحانه وتعـالى لتنظيـم علاقـة النـاس بربهـم وعلاقـات بعضهـم ببعـض.

دیـن بریتیـە لـە کۆمەڵـە بیروبـاوەڕو پەرستشـێك لەگـەڵ کۆمەڵێـك یاسـادا کـە خـوا ڕێگـەی پێـداوەو بـە پێویسـتی دانـاوە بـۆ ڕێکوپێککردنـی نێـوان مرۆڤـەکان لەگـەڵ خـوای گـەورەداو لەنێـوان خۆیانـدا. حیـث قصـد الشـارع بتلـك الأحـكام إقامـة الديـن وتثبيتـه في النفـوس.. وذلـك باتبـاع أحـكام شرعهـا.. واجتنـاب أفعـال أو أقـوال نهـى عنهـا... حفاظـا عـلى الديـن .

مەبەسـت لـەم شـەرعیەت دانـە بـە جێگیرکردنـی یاسـا شـەرعیەکانە لـە دڵـی کەسـەکاندا، ئەویـش بـە شـوێنکەوتنی بنەمـا شـەرعیەکانە، وە دوورکەوتنـەوە لـە هەندێـك كـردارو گوفتـار كـە ڕێگـری لـێ كـراوە، لەبـەر پاراسـتنی دیـن.

قـال أبـو حامـد الغـزالي : « إن مقصـود الـشرع مـن الخلـق خمسـة : وهـو أن يحفـظ عليهـم دينهـم ونفسـهم وعقلهـم ونسـلهم ومالهـم..

ئەبـوی حامـد غەزالـی دەفەرموێـت: مەبەسـت لـە شـەرعیەتدانی پاراسـتنی ئـەو پێنـج شـتە بـۆ ئەوەیـە دیـن و جەسـتەو ژیـری و وەچـەو مـاڵ و سـامانیان پارێـزراو بێـت.

واتـە كـەس دەسـتدرێژی نـا شـەرعی نەكاتـە سـەریان، چونكـە خـوای گـەورە شـەرعیەتی بـە پاراسـتنی داوەو یاسـای تایبەتـی خـۆی بـۆ دانـاوەو تـەواوی ئیسـلام لـەدەور ئـەو ئامانجانـە دەسـوڕێنەوە.

فكل ما يتضمن حفظ هذه الأصول الخمسة فهو مصلحة.

وكل مايفوت هذه الأصول فهو مفسدة ودفعها مصلحة[١٥].

هەرشـتێك ببێتـە مایـەی پاراسـتی ئـەو پێنـج ئامانجـە بـە بەرژەوەنـدی دادەنرێـت.

وە هەرشـتێك ببێتـە مایـەی لـە دەسـتدانی ئـەو ئامانجانـە ئـەوە خراپەیـەو بەرگـری كـردن لێـی بەرژەوەندیـە، مەبەسـت لـە بەرژەوەنـدی ئـەو بەرژەوەندیەیـە كـە شـەرعیەتی لـە دینـدا پێـدراوە، چونكـە كاتێـك سـەدام جینۆسـایدی دەكـرد بـە بەرژەوەنـدی دەیناسـاند وەیـان لـە بەرژەوەنـدی عێـراق و یەكپارچەیـدا، وەهەتـا زۆرێـك لـە ستەمكاران كـە كارێكـی خـراپ دەكـەن حەتمـەن بـە بەرژەوەنـدی دادەنێـن، بـەڵام بەرژەوەنـدی شـەرعی

15 http://www.123arab.com/vb/showthread.php?t=55623

جیایە لـەو بەرژەوەندیانـە، لـە دینیشـدا بەرژەوەنـدی گشـتی لـە پێش بەرژەوەنـدی تاکەوەیـە، هەربۆیـە لـە زۆر کاردا دەبینیـن شـەرع تەحامولـی لـە دەسـتدانی بەرژەوەنـدی تاکـە کـەس دەکات لەبـەر بەرژەوەنـدی گشـتیدا، بـۆ نمونـە جێگەیـەك ڕێگـەی گشـتی یـە وە ئەرزەکـەش خاوەنـی هەیـە ئەوسـا شـەرع بـۆ مانـەوەی بەرژەوەنـدی گشـتی ڕێگـە بـەو کەسـە نـادات کـە ڕێگەکـە لـە خەڵکـی ببڕێـت، کارەکانـی سـەدام زۆربـەی لەبەرخاتـری مانـەوەی بەرژەوەنـدی تاکـی خـۆی بـوو لەسـەر دەسـتەڵات، ئـەو هەمـوو کوشـتارە ناهەقانـەی دەکـرد کەچـی ئامانجەکەشـی بـۆ نەهێنایـە دی و ئـەوەی بەسـەری خەڵکیـدا هێنـا هەمـووی بەسـەر خۆیـدا هاتـەوە، مـاڵ ڕمـان، کـوڕ کوشـتن، ژن و مـاڵ ئـاوارە بـوون، لـە سـێدارەدانی خـۆی، کـە هەمـوو ئـەو کردەوانـەی بەسـەر هاووڵاتیانـی عێراقیـدا دەهێنـا، کـە لـە ڕاسـتیدا پەیامێکـی گرنگـی تێدایـە بـۆ هەمـوو دەسـتەڵاتداران و پێیـان دەڵـێ پەتـی نادادگـەری کورتـە، وە هەمـوو ئەوانەشـی کـە دەسـتیان لـەو کارانـەدا هەبـوو سـەرەنجامیان لـە سـەدام باشـتر نابێـت، چونکـە ئـەو کارانـەی کـە سـەدام لەگـەڵ خەڵکیـدا دەیکـرد پێچەوانـەی هەمـوو ئامانجەکانـی ئیسـلامدا بـوو، کـە ئـەم ئامانجانـەی ئیسـلام درێـژە پێـدەری هەمـوو ئامانجـە ئاینـە ئاسـمانەکانی تریـش بـووە وەك ئیمامـی غەزالـی دەفەرموێـت (أن كافـة الشرائـع والملـل قـد أطبقـت عـلى حفـظ الضروريـات الخمـس) بـێ دینـی لەکـەس قبـوڵ ناکرێـت لـە دینـی ئیسـلامداو خـوای گـەورە داوای مسـوڵمانێتی لـە گشـت ئادەمێـزاد دەکات وەك دەفەرموێـت { وَمَـنْ يَبْتَـغِ غَـيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًـا فَلَـنْ يُقْبَـلَ مِنْـهُ وَهُـوَ فِي الْآخِـرَةِ مِـنَ الْخَاسِرِيـنَ }[١٦] ئـەم خاڵـە گرنگـە مێـژوو گەواهـی دەدات کـە گەلـی کـورد بەبـێ گرفـت

١٦ سورەتی ال عمران ٨٥

و بـه دڵێکـی فراوانـەوە ئیسـلامی وەرگرتـووەو هەنوکـە پەیـڕەوی دەکات. جگـە لـە جۆرێتـی کوشـتنەکەی لـە دینـدا زۆر بـە تونـدی دژی وەسـتراوە. خویەکـی پیـس لەنـاو عەرەبـدا پێـش ئیسـلام زینـدە بەچاڵکردنـی کچـەکان بـوو، بـەڵام دوای تێپەڕبوونـی ١٤٠٠ سـاڵ بەسـەر پەیامـی ئیسـلامیدا کەسـێك ئـەو کارە بـکات چ شـەرعیەتیەکی هەیـە، لـە کاتێکـدا زینـدە بەچاڵکردنەکـەی سـەدام زۆر لـەوەی پێـش ئیسـلام خراپـتر بـوو، بـە کۆمـەڵ و بـە گشـت ڕەگەزەکانـەوەو بـە جیـاوازی تەمـەن، کـە بەهەزارەهـا منداڵـی نـا باڵـغ و ئافرەتـی حامیلـەی تیـدا بـووە، ڕاسـتی دەبوایـە کردەوەکانـی سـەدام بـە کـردەوەی جاهیلـی و پێـش ئیسـلامەوە بچوێنرایـە نـەك ئیسـلام! هەمـوو ئـەو زەقکردنانـەوەو تاواندانـە پـاڵ ئیسـلام ئەڵبـەت دەستیشـی لـە پشـتەو کەسـانێك چـاك دەزانـن ئـەم کارانـە زۆر دوورن لـە ئیسـلامەوە بـەڵام وەك هزرێکـی ئیلحـادی و دژی دیـن دەیانەوێـت هـزری خۆیـان بـەم شـێویە بەرانبـەر ئیسـلام نیشـان بـدەن! ئەمـەش سـتەمێکی تـرە لـە ئیسـلام دەکرێت و پوچـی ئـەو هزرانـە خۆیانـە لەبـری پـرۆژەو کـرداری جـوان هێـرش دەکەنـە سـەر هزرەکانـی تـرو بەناشریـن کردنیـان لەبەرچـاو خەڵکـی خۆیانـی پێچـوان بکـەن..!

# پاراستی جەستە

گەرچی هەندێك ئاماژەمان بەم خاڵە کرد لە سەرەوەو لە بەشی داهاتووشدا بە ڕوونی باسی کوشت و ڕای ئیسلام لەسەرئەو جۆرە کارانە دەکەین، بەڵام لێرەدا ئەوە گرنگە بزانین پاراستنی مرۆڤەکان لە ئیسلامدا یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی و دوای دین دێت، هەربۆیەش دەبینین یاسایەکی زۆرتوندو بنبڕ دانراوە بۆ ئەو کەسانەی هەتا کە تاوانباریشن، بە تاوانی گەورە بۆ ئەوەی کوشتنەکان لەسەر بنەمای چەسپاندن و دڵنیای بێت نەوەك وەهم و خەیاڵ و حەزو ترسی بەرانبەر، دەبینین مرۆڤەکان ئەوەندە بەلای خوای گەورەوە گرنگن کوشتنی یەکێك وەك کوشتی هەموو سەر زەوی دەشوبهێنێت وەك دەفەرموێت{من قتل نفسا بغير نفس أو فساد في الأرض فكأنما قتل الناس جميعا}[17]

ئەوەی کەسێک بەناحەق بکوژێت و لە جیاتی کوژراوێک نەبێت، یان گوناهو تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت لەزەویدا (وەکوجەردەیی و دەستدرێژی و... هتد)، ئەوە وەک ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی کوشتبێت.

تەنها کوشتنی کەسێك ئەوەندە گەورە بێت لای خوای گەورە ئەی میللەتێك دەبێت چۆن بێت؟ خۆ گەر پاساوی ناڕەواش بۆ کارەکانی دابنرێت بە تاوانبارکردنی هەندێك لە کەسەکان کە شەرعیەتیشی ئەگەر هەبوو بێت کە پێچەوانەش بووە، ئەی ئەو هەموو منداڵ و ئافرەتە چ پاساوێکی بۆ هەیە!.

---

١٧ سورەتی المائدة ٣٢

# پاراستنی وەچە

لەبەر پاراستنی وەچەیە دەبینی لەئیسلامدا یاساو ڕێساو تۆڵەی زۆر توند دانراوە، زینا کردن حەرام کراوە لەبەر پاراستنی وەچەکان، ئافرەتێك کە مێردەکەی دەمرێت وەیان تەڵاق دەدرێت ماوەیەك دانراوە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە بەبێ شوو تا دڵنیا دەبێت لەوەی حامیلە نی یە، بۆ ئەوەی وەچەکان تێکەڵ نەبن، کاتێك کەسێك زینای کرد ئەگەر ژنی نەبوو دەبێت دارکاری بکرێت بۆ ئەوەی جورئەتی ئەو کارە جارێکی تر نەکاتەوە، وەگەر ژن وەیان شووی هەبوو دەبێت بە بەرد سەروگوێی بشکێنرێت تا دەمرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە پیس نەبێت و وەچەکان بە تەندروست بێنە دونیایەوە، منداڵ چ تاوانی هەیە ببێتە قوربانی خۆشیەکی کاتی پیاو یان ئافرەت بەهۆی زیناوە. هەندێك لەو ئافرەتانەی کە کە جینۆسایدکران کاری بەد ڕەوشتیان لەگەڵدا کراوە لە کاتێکدا بەد ڕەوشی ئەو تۆڵە توندانەی بۆهەیە لە کاتێکیشدا ئەگەر بە ئارەزووی هەردوولاش بێت چ جای ئەوەی بە گیراوی و بە زۆریش بوو بێت، ئافرەتی وا هەیە ئەوکات فرۆشراون بە وولاتانی دەرەوەو لە هەندێك گەڕانەکاندا لەو ئافرەتانە دۆزراونەتەوە، لە دوا سیمینارماندا لەسەر ئەنفال لە بەریتانیا کەسێك هەندێك لەو بەسەرهاتانەی گێڕایەوە کە باوکی لەو جۆرە ئافرەتانەی لە کوەیت بینیوەو قسەی لەگەڵ کردوون، بەڵام بەهۆی ئەو کارەی کە بە زۆر پێی کراوە ئیتر ناچار بووە وەك کەسێکی ئەو وولاتە بژی و بۆ هەتا هەتایە هەموو کەس و کاری و وولات و گشت حەزەکانی بە قوربانی هزری ئیلحادی سەدام بکات، ڕاگەیاندنەکانیش لەم چەند ساڵەدا پرسی چەند ئافرەتێکی ئەو کاتەیان لە میسر وروژاندو بەڵگە نەویستە کە ئەو کارە کراوە.

## پاراستنی ژیری

لەبەر پاراستنی ژیریە هەموو ئەو شتانەی زیانی پێ دەگەیەنێت لە ئیسلامدا حەرام کراوە، وەك مەشروباتی سەرخۆشکەر، مادە بێهۆشکەرەکان، بە دەیان و بگرە سەدان بەهۆی توندی ستەم و نا دادگەری سەدامەوە بەبێ ئەوەی قومێك مەشروب بخۆنەوە ژیریان لە دەستداوەو بەردەوام بەو ئازارانەوە تلاونەتەوە، لە قورئاندا دەقی ڕاستەوخۆمان لەسەر پاراستنی ژیری بەرچاو دەکەوێت وەك ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا﴾[18].

## پاراستنی ماڵ

لەبەر پاراستنی ماڵە کۆمەڵە یاسایانێکی وا دانراوە لە شەریعەتی ئیسلامدا کە ووردەکاری و چۆنێتی و جۆرێتی پاراستنی ماڵ و بەدەسهێنانی و لەدەستدانی کراوە، هەر لەبەر پاراستنی ماڵە دەبینین دزی حەرام کراوەو ئەگەر کەسێك دزی کرد شایەنی ئەوە دەبێت ئەو دەستە کە کۆمەڵگە پیس دەکات ببڕدرێت بۆ ئەوەی هیچ دەستێکی تر جورئەتی درێژ کردنی نەبێت بۆ سەر ماڵی خەڵکی، هەر لەبەر پاراستنی ماڵە ڕیباو هەندێك لە مامەڵەکانیش بە حەرام کراوە، تەنها شتێکیشە لە قیامەتدا دووجار پرسیاری لێ دەکرێت لەبارەوە کە ئەوانیش لە کوێوە بەدەستت هێناوەو وە چۆن سەرفت کردووە، کە فەرمودەی سەحیحی

---

١٨ البقرة ٢١٩

لەبارەوە هاتووە، ئەو خەڵکەی کە بەبێ تاوان جینۆسایدیش دەکرا ماڵەکەشی بە فیرۆ یان دەبرا وەیان دەفەوتا.
ئەگەر واقعیانە بۆ ئامانجەکانی ئیسلام بڕوانین و بەراوردیان بکەین لەگەڵ کارەکانی سەدامدا لە مەڕ جینۆسایدەکاندا ئەوا دەبینین پێچەوانەی هەموو ئامانجە گرنگەکانی ئیسلامەو، هیچ ئامانجێکی ئەو نەبوو لە گەڵ ئەوەی ئیسلامدا یەك بگرێت، میللەتێکی مسوڵمان و دیندار کە خاوەنی دین بووە بە ناحەق کوشتوونی، بەدڕەوشتی لەگەڵ کردوون، ژێری تێکداون ماڵەکەشیانی بە فیڕۆ داوە، لە چ جێگەیەکی ئیسلامدا ئەم کارانە جێگەی دەبێتەوە؟، سەرم سوڕدەمنێت لەو کەسانەی کە ئەو کارانە بە ئیسلامەوە دەنوسێنن، کە ئاشکرایە ئەو کەسانە پێویستیان بە دیراسەکردنی ئیسلامە بۆ ئەوەی حەق لە ناحەق جیا بکەنەوە.
کە جینۆسایدی کورد کراوە بەناوی ئەنفالەوە بۆ تێکدان و تەم خستنە سەر ئەو تاوانە گەورەبووە کە پێی بشارێتەوە، بەڵام بەبڕوای شارەزایانی ئاینی تاوانەکەی دووجار گەورەتر کردۆتەوەو بەم شێوەیەش ڕووی ڕاستی سەدام و حیزبەکەی ڕوونتر دەرخستووە.
هەتا ئەو زانا گەورانەش کەوا کاری یەکجار گەورەیان کردووە بۆ ئیسلام ناوی ئیسلامیان لە کارەکەیان نەناوە لەبەر لەکەدار نەکردنی ئیسلام و گەڕانەوەی هەڵەکان بۆ خۆیان، بۆ نموونە بە دەیان و سەدان و بگرە هەزارانیش تەفسیری قورئانی پیرۆز هەیە کەوا قورئان یەکەم سەرچاوەو گرنگترین سەرچاوەی شەریعەیە موفەسیرەکان ناوی خۆیان وەیان ناوێکی شیاویان لە تەفسیرەکە داوە، بۆ نموونە تەفسیری الطبري، تەفسیری ابن الكثير، تەفسیری الجلالين، تەفسیری القرطبي،

تەفسـیری في ضـلال القـران، تەفسـیری المیـسر ...هتـد.
هەروەهـا ئـەو زانـا گەورانـەش کـەوا ڕاڤـەی شـەریعەتی ئیسـلامیان کـردووەو بوونەتـە سـەرچاوەیەکی فیقهـی ناوێکیـان لـە فیقهەکەیـان نەنـاوە تـا ئیسـلامی پـێ لەکـەدار بکرێـت، بەڵکـو ناوێکیـان لێنـاوە هـەر بـە خوێندنـەوەی دەزانرێـت کـە هەڵەیەکـی هەڵگـرت هەڵەکـە بـۆ خاوەنەکـەی دەگەڕێتـەوەو فەقیهەکانیـش خۆیـان ئەوەیـان ووتـووە ئەگـەر هەڵەیـەك هەبـوو لـە ئێمەوەیـە، وەك فیقهـی شـافعی، حەنەفـی، مالیـك، ئەحمـەد، الضاهـري ...هتـد.
هیـچ یـەك لەوانـە نەهاتـووە نـاوی فیقهەکـەی بـە نـاوی ئیسـلامەوە بنێـت، وەیـان تەفسـیرەکەی لەکاتێکـدا هەمـوو ئـەو تەفسـیرو فیقهانـە سـەرچاوەی لـێ تێگەشـتنی ئیسـلامن و بوونەتـە سـەرچاوەیەکی گرنـگ بـۆ لـە ئیسـلام گەشـتن، کەچـی سـەدامێك کـە لـە سـەر هـزری ئیلحـادەوە فەتـوای کافرێتـی هەیـە بـە کۆمـەڵ خەڵـك دەکوژێـت و نـاوی ئیسـلام وەیـان نـاوی سـورەتێکی قورئـان و کەسـایەتیەکی دینـی لـێ دەنێـت، ئەڵبـەت ئاشکراشـە سـەدام هـەر ئـەوە نەبێـت تەنهـا نـاوی ئەنفالـی لـە کۆمـەڵ کوژیەکانـی نابێـت، بەڵکـو زۆر نـاوی تـری جیـاوازی بـۆ کۆمـەڵ کـوژی بەکارهێنـاوە، بـەڵام ئێمـە زیاتـر ئەنفـال لەناومانـدا بـڵاوەو لەبیرمانـە بەشـێوەیەکی گشـتی، بـۆ نموونـە کاتێـك سـەدام لەگـەڵ ئیرانـدا شـەڕی دەکرد ئـەو ساروخانەی کـە بـە ئێرانیـەوە دەنـا نـاوی نابـوون ساروخ حەسـەن و سـاروخ حوسـێن ...تـاد.
لـە ڕاسـتیدا ئـەوەش لـە کارەکانیـدا دەردەکەوێـت کـە خـودی خـۆی زیاتـر دژی دیـن بـووە وەك لـەوەی دژی کـورد بێـت، چونکـە ئـەو سـاروخانەی کـە دەینـا بـە ئێرانـەوە خـۆ ئێـران فارسـە نـەك کـورد، پەلامـاری کۆیتـی دا خـۆ

ئەوانیــش کــورد نەبــوون و بــە بەشــێکیش لەخۆیــی دادەنــان!.
کەچـی لـەو لاشـەوە لەکاتـی خۆشـیدا هـەم دیسـان بازرگانـی بـە ئیسـلامەوە دەکرد، کاتێـك بـۆ نموونـە برنجـی بـۆ ئێـران دەنـارد نـاوی دەنـا برنجـی فاطمـە، برنجـی زەهـراء ئـەو جـۆرە ناوانـەی کـەوا شـیعەکان حەزیـان لێیـە، لـە کاتێکـدا هـەر ئـەو ئێرانەبـوو کـە سـاروخ الحسـین و الحسـنی پێـوە دەنـان!!!.
هەربۆیـە گرنگـە ئیسـلام لـە ئیسـلامەکە خۆیـەوە وەربگیـرێ و پێناسـەکانی بزانرێــت، نــەك لــەوەی کــە ئیلحادێکــی سەرســەخت و دژ بــە ئیســلام و مرۆڤایەتــی بــۆ ئیســلامی بــکات...
هــەروەك ئێســتە زۆر لــە ئەندامانــی حیزبــە کوردیــەکان بــە عەلمانــی و ئیسـلامیەوە لەبـەر بەرژەوەنـدی خۆیـان کوردیـان کردووەتـە قوربانـی پلـەو پایـەو بەرژەوەنـدی خۆیـان، بـەڵام ئایـا دەبێـت ئیـتر هەمـوو کـورد بـەو چاوەوە سـەیری کوردایەتـی بـکات کـە ئەوانـە کردوویانـە؟!
مێژوویەکـی دێریـن، خەباتێکـی دوورو درێـژ، خاکێکـی بەپیـت و فـراوان، گەلێکـی دڵسـاف و چـاك، میلیۆنـان هاووڵاتـی، ئایـا شـایەنی لەبیـر کردنـن؟ لەبــەر چەنــد کەســێکی نەفــس نــزم و خــۆ فــرۆش؟
ئەمیـش هەروایـە وە زۆر بـە تونـد تریـش چونکـە ئیسـلام بـە دەر لـە هـزری بەهێـزی خۆشـی عەقیدەیـە کۆمەڵـە شـتانێکی هەیـە جێگیـرو نەگـۆڕەو بیروبـاوەڕە، چـۆن دەکرێـت بـە کـردەوەی کەسـانێکی نەفـس نـزم و دەرون پیـس ئێمـە بـە ئیسـلامیەوە بگلێنیـن.

# ڕای ئیسلام لەسەر کۆمەڵکوژی

ئەگەر بمانەوێت ووردەکاری تەواو لەسەر کۆمەڵکوژی لێرەدا شیبکەینەوە گومانی تێدا نی یە کە شتێکی ئاسان نی یەو لە کتێبێکی وەك ئەم ناونیشانەدا لەوانەیە جێگەی نەبێتەوەو لە ئەسڵی باسەکە لامان بدات، بەڵام چەند دەقێکی شەرعی لەبارەیانەوە دەخەینەڕوو بۆ بەرچاو ڕوونی و دەرکەوتنی زیاتری ئەو دەستە پیسانەی کەوا کوشتن بەناوی ئیسلامەوە دەکەن.

ئیسلام کە ژیانی تاکی بەلاوە ئەوەندە گرنگ بێت دەبێت ژیانی کۆمەڵ چۆن بێت! لەسەر کوشتنی تاکە کەسێك خوای گەورە بە توندی ڕوو بەڕووی دەبێتەوە چ جای کۆمەڵ وەك دەفەرموێت:

{من قتل نفساً بغير نفس أو فساد في الأرض فكأنّما قتل النّاس جميعاً ومن أحياها فكأنّما أحيا النّاس جميعاً}[19]

واتە: مرۆڤ دەبێ ڕێز لە مرۆڤ بگرێ: جا لەبەر بێ فەڕی و خراپی ئەو کوشتنە نادروست و نارەوایە، وە بۆ ئەوە جارێکی تر کاری وا ڕوونەداتەوە لەسەر نەوەکانی (یەعقووب)مان بڕیاردا کە هەرکەسێك بەناهەق مرۆڤێك بکوژێ یان بێ ئەوە کارێکی خراپ و گەندەڵی لەوڵاتدا کردبێ (وەك ڕێگرتن و شەریکدانان بۆ خوا، وەیان هەر هۆیەکی تر لەو بابەتانە کە دەبێتە هۆی کوشتنەوە) وەکو هەموو خەڵکی سەر زەویی کوشتبێ هەر کەسێکیش مرۆڤێکی بێ تاوان لەمەرگ رزگار بکا، وابزانێ کە تەواوی خەڵکی لەمەرگ ڕزگار کردووە و ژیانی پێبەخشیوە. بەڵێ ئەو دووبارەیە هەردووکیان قەدرو ڕێزنانە لەئادەمیی و پاراستنیەتی لەکوشتن خۆ

---

١٩ سورەتی المائدة ٣٢

بـەردەوام پەیامبەرانیشـمان بەچەنـد بەڵگـەی روونـەوە هاتنـە لایـان، تـا بەڵکـو لەهـەق لانـەدەن کەچـی دوای هاتنەکەشـیان گەلێکیـان بـە پیـاو کـوژو سـنوور بەزێـن دەرچـوون لـە زەوییـدا!.

ئەمـە تەنهـا ئەیەتێکـە لەسـەر کوشـتنی کەسـێك کـە بـەلای خـوای گـەورەوە چەنـد گەورەیـە، نـەك هـەر کوشـتنەکەی بەڵکـو لـە مـردن ڕزگار کردنەکەشـی هـەم دیسـان گەورەیـی ئێجـگاری بـەلای خـوای گـەورەوە هەیـە، هەربۆیـە ئـەو کـەس و لایەنانـەش کـە ئێسـتە پێداگـرن لەسـەر مافـە ڕەواکانـی کـوردو بەرگـری لـێ دەکـەن ئومێـدی هەیـە بکەوێتـە بەشـی دووهەمـی ئایەتەکـە کـە ڕزگار کردنـی مرۆڤەکانـە لـە کوشـتن.

لـە زۆر جێگـەی تـری قورئانـدا باسـی کوشـتنی ناهەقی کـردووە، بـۆ نموونە لەم ئایەتـەدا لەگـەڵ بەتـالان بردنـی ماڵـدا پێکـەوەی گرێـداوە وەك دەفەرموێـت:

{يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِيـنَ ءَامَنُـواْ لَا تَأۡكُلُـوٓاْ أَمۡوَٰلَكُـم بَيۡنَكُـم بِٱلۡبَـٰطِلِ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَـٰرَةً عَن تَـرَاضٖ مِّنكُـمۡۚ وَلَا تَقۡتُلُـوٓاْ أَنفُسَـكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّـهَ كَانَ بِكُـمۡ رَحِيمٗا}[20]

واتـە: ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە مـاڵ و سـامانی یەکـتر بەناحـەق و بەبـێ بەرامبـەر مەخـۆن لەنێـوان خۆتانـدا، مەگـەر بازرگانیـەك بێـت و لەسـەر ڕەزامەنـدی هەمووولایەکتـان بێـت، خۆتـان مەکـوژن و (یەکـتر بەناحـەق مەکـوژن، کاتێـک بێزاریـی و بێتاقەتـی ڕووتـان تێـدەکات یـان تووشـی زیانێـك دەبـن)، بەڕاسـتی خـوا میهرەبانـە پێتـان.

لـە بەنـاو ئەنفالەکەشـدا بەڵکـو هـەر کوشـتن نەبـوو ماڵەکانیـش بـە تـالان بـراو فەرهـوود کـران و لەنـاو چـوون، جگـە لـە بەتـالان بردنـی ئـەو هەمـوو سـەروەت و سـامانە سروشـتیەی کـە لـە خاکـی کوردسـتاندا هەیـەو زۆری ئـەم کێشـانە بـۆ خۆشەویسـتی ئـەوە دەگەڕێتـەوە.

---

٢٠ سورەتی النساء ٢٩

لـە ئیسـلامدا ئەوەنـدە نەفسـی مرۆڤـەکان گرنگـی پێـدراوە هەتـا ئەگـەر کۆمەڵێـك کـەس لەسـەر کوشـتنی کەسـێکیش ڕێ بکـەون و بیکـوژن ئـەوا دەبێـت هەموویـان لەبریـدا بکوژێنـەوە بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر ئـەو جورئەتـە دروسـت نەبێـت بەرانبـەر نەفسـی مرۆڤـەکان و کوشـتنیان بـە ئاسـان بگرێـت.

وەك عەبـدوڵا عـزام لـە کتێبەکەیـدا بەنـاوی ((جریمـة قتـل النفـس المسـلمة))دا دەڵـێ

## قتل الجماعة بالواحد

روى سـعيد بـن المسـيب عـن عمـر أنـه قتـل سـبعة مـن أهـل صنعـاء قتلـوا رجلا وقـال : لـو تمـالأ عليـه أهـل صنعـاء لقتلتهـم بـه جميعـا .

قـال الباجـي في المنتقـى شرح الموطـأ لمالـك (٦١١/٧): فأمـا قتـل الجماعـة بالواحـد يجتمعـون في قتلـه فإنهـم يقتلـون بـه وعليـه جماعـة مـن العلـماء وبـه قـال عمـر وعـلي وابـن عبـاس وغيرهـم، وعليـه فقهـاء الأمصـار ولم نعـرف مخالفا لعمـر فثبـت أنـه إجـماع.

وقـال الكاسـاني في بدائـع الصنائع: لـو قتـل جماعـة واحدا يقتلـون بـه قصاصـا ، ثـم فـسر ذلـك فقـال: وأحـق مـا يجعـل فيـه القصـاص إذا قتـل الجماعـة الواحـد لأن القتـل لايوجـد عـادة إلا عـلى سـبيل التعـاون والإجتـماع، فلـو لم يجعـل فيـه القصـاص لانسـد بـاب القصـاص إذ كل مـن رام قتـل غـيره استعان بغـيره لضمـه إلى نفسـه ليبطـل القصـاص عـن نفسـه وفيـه تفويـت مـا شرع لـه القصـاص وهـو الحيـاة (١). ١- (٨٣٢/٧).[٢١]

---

٢١ http://www.daawa_info.net/books١.php?id=٣٤١٥&bn=١٢٥&page=٩

سەعیدی کوڕی موسیب دەگێڕێتەوە کەوا ئیمامی عومەر حەوت کەسی کوشتووە لەبری ئەوەی کەوا کەسێکیان کوشتبوو لە سەنعا لە یەمەن، دەفەرموێت ئەگەر تەواوی خەڵکی سەنعا دەستیان لە کوشتنیدا هەبوایە دەمکوشتنەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کەوا دەستەودایەرەی سەدام ئەگەر تەنها کەسێکیشیان کوشتبێت مادام لەسەری ڕێکەوتوون هەقی خۆیانە هەموویان لەبریدا بکوژرێتەوە.

لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرموێت (ومن يقتل مؤمنا متعمدا فجزاؤه جهنم خالدا فيها وغضب الله عليه ولعنه وأعد له عذابا عظيما)[22]

واتە: هەر کەسێک بەدەستی ئەنقەست ئیماندارێک بکوژێت (بەحەلالی بزانێت)، ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە، نەمرە تیایدا، هەروەها خوا لێی توڕە بووە و نەفرینی لێکردووە و سزایەکی گەورە و بێ سنووری بۆ ئامادە کردووە.

کوشتن ئەوەندە بەلای خوای گەورەوە گەورەیە هەتا هەندێك هاوەڵانی پێغەمبەر بڕوایان وابووە کەوا کەسێك کەسێك بکوژێت خوای گەورە هەرگیز لێی خۆش نابێت و تەوبەشی لێ وەرناگیرێت و ناچێتە بەهەشتەوە هەتا حوشتر نەچێتە کونی دەرزیەوە.

ولقد بلغت جريمة القتل من الفحش والنكارة مالم تبلغه جريمة أخرى بعد الإشراك بالله، حتى ذهب عدد من أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم إلى أن القاتل لا تقبل له توبة وأنه لن يدخل الجنة حتى يلج الجمل في سم الخياط [23].

بەپێی قورئان کە یەکەم سەرچاوەو گرنگترین سەرچاوەی شەریعەتی

٢٢ سورەتی النساء ٣٩

٢٣ جريمة قتل النفس المسلمة. عبد الله عزام

ئیسـلامەو بەپێـی فەرمـوودە ڕاسـتەکانی پێغەمبـەر درودی خـوای لەسـەر بێـت کـە دووهـەم سـەرچاوەی شـەریعەتی ئیسـلامەو بـە پێـی کـۆڕەوی زانایـان کـە سـێهەم سـەرچاوەی شـەریعەتی ئیسـلامەو بەپێـی قیـاس کـە چـوارەم سـەرچاوەی شـەریعەتی ئیسـلامەو بەپێـی عورفیـش کـە پێنجـەم سـەرچاوەی شـەریعەتی ئیسـلامە هەمـووی کوشـتنی بەناهەقـی پـێ ڕەوا نـی یـە ئەگـەر تەنهـا کەسـێکیش بێـت چ جـای کۆمەڵکـوژی.

لەوانەیـە لێـرەدا پرسـیارێك دروسـت ببێـت و بڵێـن کوشـتنی حـەق چـی یـە؟ کوشـتنی حـەق لـە دینـدا لـە فەرموودەیەکـی سـەحیحدا بـەم شـێوەیە هاتـووە : (لا يحـل دم امـرئ مسـلم يشـهد أن لا إلـه إلا اللّـه، وأني رسـول اللّـه إلا بإحـدى ثـلاث؛ الثيّـب الـزاني، والنفـس بالنفـس، والتـارك لدينـه، المفـارق للجماعـة)[٢٤]

واتـە: خوێنـی مسـوڵمان بـۆ هیـچ کەسـێك حـەڵاڵ نـی یـە تەنهـا بەسـێ ڕێگـە نەبێـت.

١-زیناکەرێکی ژن دار یان پیاودار.

٢-کەسێك کەسێك بکوژێت.

٣-کەسـێك لـە دیـن هەڵبگەڕێتـەوەو دژی کۆمەڵـی مسـوڵمانان جیـا ببێتـەوە.

ئاشـکرایە زۆرێـك لـە دەسـتەودایەرەی سـەدام بـۆ خۆیـان زیناکـەر بـوون و هەندێـك لـەو کەسـانەی کـە دەیانگـرت بـە زۆر زیناشـیان لەگـەڵ دەکـردن و زۆریـان بـە وڵاتانـی ئەمـلاولادا ڕەوانـە کـردن و فرۆشـتنیان، لـە سیمینارێکی ڕێکخراوەکەمانـدا ڕێکخـراوی چـاك لـە بەریتانیـا لـە لیـدز کەسـێك ئامـاژەی بـە چیرۆکێکـی ڕاسـتەقینە کـرد کـە باوکـی ئافرەتێکـی کـوردی لـە کۆیـت

٢٤ رواه البخاري

بینیـــووەو قســـەی لەگـــەڵ کـــردووە کـــەوا بـــەو شـــیوەیە ڕەوانـــە کـــراوەو چیـــتر ناتوانێـــت بگەڕێتـــەوە کوردســـتان، بـــە ســـەدان داســـتانی تـــری لـــەو جـــۆرە بیـــنراوەو جگـــە لـــە وونبوونـــی زیاتریـــش.

## سوورەتی ئەنفال و هەندێك وردەكاری و هەڵوێستەیەك

«ســـورەی ئەنفـــال یەکێکـــە لـــەو ســـورەتانەی کـــە لـــە شـــاری مەدینـــە هاتۆتـــە خـــوارەوە بۆیـــە بـــە (ســـورة المدنیـــة) نـــاو دەبرێـــت.. ســـورەتی ئەنفـــال لـــە کاتـــی غـــەزای بـــەدردا هاتووەتـــە خـــوارەوە ئـــەو غـــەزای کـــە لـــە مێـــژووی ئیســـلامدا بـــە کلیلـــی غـــەزاکان نـــاسراوە، وە ســـەرەتایەك بـــوو بـــۆ ســـەرکەوتنی موســـڵمانان. بۆیـــە هەندێـــك لـــە ســـەحابە بەرێـــزەکان بە ســـورەتی بـــەدر ناویـــان دەبـــرد ، خوای گـــەورە لـــە قورئانـــی پیـــرۆزدا بـــە (الفرقـــان) نـــاوی هێنـــاوە. ئـــەو ڕوداوە شـــێوازی جەنـــگ کردنـــی ڕون کـــردەوە، بۆیـــە لەســـەر موســـڵمانە کـــە دەبێـــت بـــە هەمـــوو هێزێکییـــەوە بـــە ئازایانـــە ڕوبـــەڕووی کوفـــر و باطـــل ببێتـــەوە. لـــەو غەزایـــەدا ژمـــارەی موســـڵمانەکان تەنهـــا ٣١٣ کـــەس بـــوون وە ژمـــارەی کافـــرەکان ١٠٠٠ کـــەس بـــوون، بـــەڵام موســـڵمانەکان توانییـــان بەســـەر کافرەکانـــدا ســـەرکەوون. ئەمـــەش ئـــەوە دەگەیەنێـــت کـــە دەبێـــت موســـڵمان ڕوبـــەڕوی کافـــر و دوژمنانـــی ئیســـلام بووەســـتێتەوە ئەگـــەر چـــی ژمـــارەی کافـــران زۆر لـــە ژمـــارەی موســـڵمانان زیاتر بێـــت!»[٢٥]

٢٥ **پێگەی کورد ژین**
http://www.kurdzhin.net/forum.php/viewtopic.php?id=11856

# سـورة الأنـفـال

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

يَسۡـَٔلُونَكَ عَـنِ ٱلۡأَنفَـالِۖ قُـلِ ٱلۡأَنفَـالُ لِلَّـهِ وَٱلرَّسُـولِۖ فَٱتَّقُـواْ ٱللَّـهَ وَأَصۡلِحُـواْ ذَاتَ بَيۡنِكُـمۡۖ وَأَطِيعُـواْ ٱللَّـهَ وَرَسُـولَهُۥٓ إِن كُنتُـم مُّؤۡمِنِـينَ ١

مەبەسـت لـە (انفـال) ئـەو دەسـتكەوتانەیە کـە لـە کاتـی شـەڕی موسـڵمانان لەگـەڵ بـێ باوەڕانـدا دەسـتیان دەکەوێـت. (انفـال) کـۆی (نفـل) ە، کـە لـە بنەڕەتـدا بەمانـای زیادەیـە. ئـەم ئایەتـە پیـرۆزە لەغـەزای بـەدردا هاتوەتـە خـوارەوە تـا شـێوازی دابەشـکردنی دەسـتکەوتەکان ڕوون بکاتـەوە.. دەفەرموێـت: ئـەی پێغەمبـەر! (صلـی اللـە علیـە وسـلم) موسـڵمانەکان کـە لـە جەنگـی بـەدردا بەشـدار بـوون، پرسـیارت لـێ دەکـەن دەربـارەی ئـەوەی دەسـتکەوتەکانی شـەڕەکە بـۆ کـێ دەبێـت؟! وە چـۆن چۆنـی دابـەش دەکرێـت؟! تـۆ پێیـان بڵـێ: دەسـتکەوتەکان بـۆ خـوداو پێغەمبـەرن (صلـی اللـە علیـە وسـلم) و، خـودا بڕیـاری چۆنیەتـی دابەشـکردنەکەی دەدات و، ئینجـا پێغەمبەریش(صلـی اللـە علیـە وسـلم) بـەو شـێوەیە دابەشـی دەکات.. جـا لـە خـودا بترسـن و بەچاکـی بیپەرسـتن و، دووربکەونـەوە لـە مشـتومڕ ناکۆکـی لەسـەر چۆنیەتـی دابەشـکردنی دەسـکەوتەکان و. ڕازی بـن بـەوەی کـە پێغەمبـەر (صلـی اللـە علیـە وسـلم) دیـاری دەکات... هەروەهـا لـە نێـوان خۆتانـدا چـاك بـن و ڕەوشـتان لەگـەڵ یەکـدی بـاش بێـت و، نەکـەن لەسـەر مـاڵ و سـامانی دنیـا لـە نێـوان خۆتانـدا ناکـۆك بـن.. ئەگـەر بەڕاسـتیی ئیمانـدارن، ئـەوە گوێڕایەڵـی فەرمانەکانـی خـوداو پێغەمبەرەکـەی بـن.

إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتۡ قُلُوبُهُمۡ وَإِذَا تُلِيَتۡ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ٢

بێگومان ئیماندارانی ڕاستەقینە ئەوانەن کاتێك ناوی خودا دەبرێت، دڵیان دەهەژێت و ئەگەر بڕیارو فەرمانەکانی خودایان _کە قورئانە_ بەسەردا بخوێنرێتەوە، ئیمانیان بەهێزتر دەبێت، وە لە گشت کاروبارێکی ژیانیاندا تەنها پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن.

ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣

ئایا ئەو ئیماندارانە کامانەن؟! دەفەرموێت: ئەوانە ئەو کەسانەن کە بە وریایی دڵەوە نوێژ دەکەن و وە لەو سامانەی کە خودا پێی بەخشیون و ڕۆزی یان دراوە، هەندێکی دەبەخشن لە ڕێگای خوادا.

أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ لَّهُمۡ دَرَجَٰتٌ عِندَ رَبِّهِمۡ وَمَغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ٤

جا ئەوانەی کە بەو شێوەیەن، بەڕاستی هەر ئەوانە ئیمانداری ڕاستەقینەن، لە ڕۆژی دوایی لەلای پەروەردگاریان پلەوپایەی بەرزیان بۆ دیاریکراوە، هەروەها لێخۆشبوونیان بۆ هەیەو، بە ژیانێکی خۆش و پڕ ڕێز خەڵات دەکرێن. پێش ئەوەی دەستبکەین بە لێکدانەوەی ئەم دوو ئایەتە پیرۆزەو ئایەتەکانی تر، پێویستە زۆر بە کورتی لێرەدا باسێکی جەنگی (بەدر) بخەینە پێش چاو، سەرجەم بتپەرستانی مەککە بە تایبەتی سەرانی ناوداریان بە هەموو شێوازێکی خراپ دەستیان کردبووە ئازاردانی پێغەمبەری خۆشەویست(صلی الله علیه وسلم) و ئیماندارانی شوێنکەوتووی.. کاتێکیش کە پێغەمبەرو هاوەڵانی کۆچیان کرد بۆ مەدینە، بتپەرستە یاخی یەکان هەموو سەروەت و سامانەکانیان لە مەککەدا داگیرکردو زەوتیان کرد لێیان و، موسڵمانەکان بە ڕەش و ڕووتی و بێ هیچ سامانێك یەك لە دوای یەك دەگەیشتنە مەدینە. لە ساڵی

دووەمـی کۆچیـدا، ئەبوسـوفیان پارەیەکـی زۆری لـە خـاوەن سـامانەکانی مەککـە کۆکـردەوەو بـەرەو شـام بەڕێکـەوت، لـەوێ بازرگانیەکـی چاکـی پێکـردو، قافڵەیەکـی بـەو بازرگانیکردنـە پێکهێنـاو بـەرەو مەککـە گەڕایـەوە. کاتێـك پێغەمبەر(صلـی اللـە علیـە وسـلم) بەمـەی زانـی، لەشـکرێکی پێکهێنـا کـە نزیکـەی (٣١٤) کـەس بـوون و دەرچـوون بـەرەو لای کانیەکانـی (بـەدر) تـا ڕێـگا بگـرن بـەو قافڵـە بازرگانیـەی قورەیـش کـە سـەرجەم سـەرانی ناوداریـان تیایـدا بەشـدار بـوون. کـە ئەبوسـوفیان بـەوەی زانـی، خێـرا خەبـەری نـارد بـۆ مەککـە تـا دانیشـتوانی مەککـە فریـای قافڵەکـە بکـەون و نەهێڵـن موسـڵمانەکان داگیـری بکـەن بـۆ خۆیـان، هـاوکات لەگـەڵ ناردنـی خەبەرەکـەدا، ڕێـگای قافڵەکەیشـی گـۆڕی ! هـەر کـە کاربەدەسـتانی بـێ بـاوەڕی مەککـە بـە هەواڵەکەیـان زانـی، بەپەلـە لەشـکرێکی هـەزار کەسـی یـان پێکهێنـاو، بـۆ ڕزگارکردنـی قافڵەکـە بـەرەو (بـەدر) بەڕێکەوتـن. لەڕێـگادا هەواڵیـان پێگەیشـت کـە قافڵـە بازرگانیەکـە لـە چنگـی موسـڵمانەکان ڕزگاری بـووەو دەرچـووە، هەندێکیـان ووتیـان: کەواتـە بابگەڕێینـەوە، بـەڵام ئەبوجەهـل ـ بـە خەیاڵـی خـۆی ـ بـۆ چاوترسـاندنی موسـڵمانەکان سـوور بـوو لەسـەر ڕۆشـتن بـۆ (بـەدر). هەرچـی موسـڵمانەکانیش بـوون، بـەڕزگار بوونـی قافڵەکـە زۆر خەمبـار بـوون و کۆمەڵێکیشـیان ئامادەییـان نەبـوو بـۆ شـەڕ، چونکـە چاوەڕوانـی ئـەوە نەبـوون.

كَمَآ أَخۡرَجَكَ رَبُّكَ مِنۢ بَيۡتِكَ بِٱلۡحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقٗا مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ لَكَٰرِهُونَ ٥

ئەوەبـوو لـە ئایەتـی ژمـارە (١) دا فەرمـووی: دەسـتکەوتەکانتان بـۆ خـوداو بـۆ پێغەمبەرەکەیەتـی، وە پێغەمبەر(صلـی اللـە علیـە وسـلم) بـە یەکسـانی لەنێـوان بەشـداربووانی جەنگەکـەدا دابەشـی دەکات، نـەك بەپێـی ئـارەزووی هەندێکیـان. ئینجـا لێـرەدا دەفەرموێـت: پـێ

ناخـۆش بوونــی هەندێـك لـە موسـڵمانەكان بـۆ ئـەو دابەشـكردنە، وەكـو ئـەو پێناخۆشـبوونەیانە كـە كاتێـك بـە فەرمانــی خــودا لــە ماڵەكــەت لەگــەڵ هاوەڵانــت دەرچوویــت بــۆ دەســتگرتن بەســەر قافڵەكــەدا، كــە زانییــان قافڵەكەیــان لــە دەســت چــوو، و شــەڕیان تــووش دەبێــت لەگــەڵ بــێ باوەڕانــی مەككــەدا.

یُجَٰدِلُونَكَ فِي ٱلحَقِّ بَعدَ مَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى ٱلمَوتِ وَهُم يَنظُرُونَ ٦

ئـەی پێغەمبــەر (صلــی اللــە علیــە وســلم)! ئــەو ئیماندارانــەی كێشــەو بەردەكـەت لەگەڵـدا دەكـەن و دەڵێـن: ئێمـە ئامـادە نەبوویـن بـۆ شـەڕكردن، ئێمـە بـۆ گرتنـی قافڵەیـەك هاتوویـن نـەك بـۆ شـەڕ، ئەوانـە وەكـو ئەوانـە وان كـە بـەرەو مـردن ڕاپێـچ بكرێـن. چونكـە بـە ئاشـكرا ڕێـگای چـوون بـەرەو مردنیـان دەبینــی، كــە بریتــی بــوو لــە شــەڕ لەگــەڵ دوژمنــدا. خــۆ وەنەبێــت ئەمــە شكســتی بــە بــاوەڕو ئیمانــی ئــەو هاوەڵانــەی پێغەمبــەر (صلــی اللــە علیــە وسـلم) گەیاندبێـت، هەمـوو مرۆڤێـك لـە ئازایەتیـدا وەكـو یـەك نیـن، ترسـی كـوژران و مـردن لـە هەمـوو مرۆڤێكـدا سروشـتی یـە، جـا ئـەو ترسـەی لای هەندێــك كــەس زۆر ئاشــكراو دیــارە، بــەڵام لای هەندێــك كەســی تــر ترسـێكی لاوازو بـێ هێـزو نادیـارە. ئەمـە جگـە لـەوەی كـە ئـەو موسـڵمانانە كاتێـك لـە مەدینـە دەرچـوون خۆیـان بـۆ شـەڕو ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ لەشــكرێكی وا گــەورەدا ئامــادە نەكردبــوو.

وَإِذ يَعِدُكُمُ ٱللَّهُ إِحدَى ٱلطَّآئِفَتَينِ أَنَّهَا لَكُم وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيرَ ذَاتِ ٱلشَّوكَةِ تَكُونُ لَكُم وَيُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُحِقَّ ٱلحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَيَقطَعَ دَابِرَ ٱلكَٰفِرِينَ ٧

ئــەم فەرمایشــتە ئاڕاســتەی ئــەو موســڵمانانەیە كــە بەشــداری جەنگەكــە بــوون، دەفەرموێــت: بیــر بكەنــەوە كــە خــودا بەڵێنــی ســەركەوتنی پێــدان بەســەر یەكێــك لــەو دوولایــەی دوژمنــدا، كــە لایەكیــان دەســتكەوتنی

قافڵـە بازرگانیەکـە بـوو، لاکـەی تریـش سـەرکەوتنتانە بەسـەر لەشـکری بـێ باوەڕانـدا کـە بـۆ جەنـگ هاتبـوون بـۆ (بـەدر). ئێـوە حەزتـان لـە دەسـتکەوتنی قافڵەکـە بـوو، نـەك ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئـەو بـێ باوەڕانـەدا کـە بەهێـزو توانایەکـی زۆرەوە هاتبوونـە مەیـدان، بـەڵام خـودا ئـەوەی نەویسـت کـە ئێـوە دەتانەویسـت، خـودا دەیەوێـت بـە فەرمانەکانـی خـۆی هـەق و ڕاسـتی بێنێتـە دی و سـەرتان بخـات بەسـەر ئـەو بـێ باوەڕانـەداو پەلوپۆیـان ببڕێـت و هێزیـان بنبـڕ بـکات.

لِيُحِقَّ ٱلحَقَّ وَيُبطِلَ ٱلبَٰطِلَ وَلَو كَرِهَ ٱلمُجرِمُونَ ٨

خـودا دەیەوێـت لەگـەڵ بـێ باوەڕانـدا بەرەنـگار ببنـەوە، نـەك قافڵەکەتـان دەسـتبکەوێت، تـا هـەق و ڕاسـتی ـ کـە ئاییـنـی پیـرۆزی ئیسـلامە ـ سـەربکەوێت و بچەسـپێت، ئەوەیـش کـە پوچـەڵ و بـێ کەڵکـە ـ کـە بتپەرسـتی یـە ـ بشـکێت و پوچـەڵ ببێتـەوەو تیـا بچێـت. هەرچەنـدە ستەمکارانی خـراپ و تاوانبـار ـ کـە بـێ باوەڕانـن ـ پێیـان ناخـۆش بێـت و دڵ شکسـت بـن، چونکـە بەدەسـتکەوتنی قافڵەکـە هـەق بـەو شـێوەیە ئاشـکراو سـەرنج ڕاکێشـە، سـەرنەدەکەوت ، بەڵکـو سـەرکەوتن بـە کوژرانـی ئـەو سـەرۆکە یاخیانـە دێتـە دی. ئینجـا ئەوەبـوو لـەو شـەڕەدا حەفتـا کـەس لـە لەشـکری بـێ بـاوەڕان کـوژران و حەفتـا کەسیشـیان لـێ بەدیـل گیـرا.

إِذ تَستَغِيثُونَ رَبَّكُم فَٱستَجَابَ لَكُم أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلف مِّنَ ٱلمَلَٰٓئِكَةِ مُردِفِينَ ٩

تەفسـیری ئایەتـی ٩ واتـە: إذ تسـتغيثون...)، لەگـەڵ تەفسـیری ئایەتـی ١٠ واتـە: ومـا جعلـه اللـه ... بـە یەکەوەیـە، کـە دەفەرموێـت: کاتێـك موسـڵمانەکان لەشکری بـێ باوەڕانیـان بینـی کـە چەنـدە زۆر بـوون، پەنایـان بـۆ خـودا بـردو، داوای یارمەتیـان لـێ کـرد.. پێـش ئـەوەی شـەڕ گـەرم ببێـت،

پێغەمبەر(صلـی اللـه علیـه وسـلم) ڕووی کـرده کەعبـەو دەسـتیکرد بـە لاڵانـەوە لـە خـودا کـە سـەریان بخـات بەسـەر بـێ باوەڕانـدا، جـا لێـرەدا خـودا مـوژدەی سـەرکەوتنی پێـدان و فەرمـووی: هـەزار فریشـتە یـەك لـە دوای یـەك دەنێـرم بـۆ یارمەتیدانتـان، تـا مـوژدە بێـت بـە سـەرکەوتنتان و، هێـزی دڵتـان قایـم ببێـت و تـرس و بیـم لـە دڵتانـدا نەمێنێـت. بێگومـان سـەرکەوتن تەنهـا بەدەسـتی خودایـەو، جگـە لـەو کـەس هیچـی پـێ ناکرێـت، چ فریشـتەو چ غەیـری فریشـتە.. هیـچ سـەرکەوتنێك نیـە، مەگـەر لەلایەنـی خـوداوە بێـت، بەڕاسـتی ئـەو خودایەکـی خـاوەن توانایـە، وە خاوەنـی حیکمەتـەو کار بەجێیـەو کاری بـێ هـوودە نـاکات.

وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشۡرَىٰ وَلِتَطۡمَئِنَّ بِهِۦ قُلُوبُكُمۡ وَمَا ٱلنَّصۡرُ إِلَّا مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ١٠

بـۆ تەفسـیری ئـەم ئایەتـە پیـرۆزە بگەڕێـرەوە بـۆ ئایەتـی پێشـوو واتـە: ئایەتـی ٩.

إِذۡ يُغَشِّيكُمُ ٱلنُّعَاسَ أَمَنَةٗ مِّنۡهُ وَيُنَزِّلُ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ لِّيُطَهِّرَكُم بِهِۦ وَيُذۡهِبَ عَنكُمۡ رِجۡزَ ٱلشَّيۡطَٰنِ وَلِيَرۡبِطَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمۡ وَيُثَبِّتَ بِهِ ٱلۡأَقۡدَامَ ١١

(نعـاس): شـێوە خەوتنێکـە پێـش خەوتنـی تـەواو ڕوو لـە ئادەمیـزاد دەکات، بەکـوردی (وەنـەوز) ی پـێ دەڵێـن. وادیـارە شـەوی پێـش ڕۆژی شـەڕەکە هەندێـك لـە موسـڵمانەکان تـرس دایگرتـوون، ئینجـا ئـەو شـەوە خەویـان هـات و وەنەوزێکیـان دا. هەندێـك تووشـی لەشپیسـی بـوون، ئینجـا شـەیتان بـە وەسوەسـە هێرشـی بـۆ هێنـان، ئاخـر ئێـوە چـۆن دەتوانـن بەرانبـەر دوژمنێکـی وا گـەورە بوەسـتنەوە، لـە کاتێکـدا کـە ئێـوە کەمـن و لەشیشـتان پیـس بـووەو لـە شـوێنێکی لمـاوی وادان کـە مـرۆڤ پێـی دەخزێـت لەسـەری. ئینجـا لێـرەدا خـودا دەفەرموێـت: بیـر بکەنـەوە کـە چـۆن خـودا وەنـەوزی بـۆ

ناردن، تا ترسی دڵتان دامرکێت، ئینجا بارانی باراند بەسەرتاندا تا لە لەش پیسی پاك ببنەوەو وەسوەسەی شەیتانتان لێ دوور بخاتەوە، وە زەوی یە لماویەکەش بەهۆی ئەو بارانەوە یەك بگرێت و توندو تۆڵ بێت، بۆ ئەوەی لە کاتی شەڕدا بتوانن بە چاکیی لەسەری ڕابوەستن.

إِذۡ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمۡ فَثَبِّتُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ سَأُلۡقِي فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلرُّعۡبَ فَٱضۡرِبُواْ فَوۡقَ ٱلۡأَعۡنَاقِ وَٱضۡرِبُواْ مِنۡهُمۡ كُلَّ بَنَانٖ ١٢

خودا بە وەحی فەرمانیدا بە فریشتەکان: کە من لەگەڵتاندام بە یارمەتیدانتان و، ترس دەخەمە دڵی بێ باوەڕەکان وە ئێوەیش بە ئیلهام هێز بخەنە دڵی ئیمانداران، تا لە بەرامبەر دوژمندا خۆڕاگرو پتەو بن. فاضربوا... هەندێك لە موفەسیران دەڵێن: ئەم فەرمایشتە ئاڕاستەی فریشتەکان کراوە. دەفەرموێت: دەست لەگەردن و سەری بێ باوەڕان بوەشێنن و، لەسەر پەنجەکانیان بدەن و بیبڕن، تا توانای گرتنی چەکیان نەمێنێت. هەندێکی تریان دەڵێن: ئەم فەرمایشتە ئاڕاستەیە بۆباوەڕداران، چونکە لە ئایەتی پێشووتردا فەرمووی: خودا فریشتەکانی بۆ موژدەدان نارد، تا موجاهیدەکان دڵنیا بن کە خودا سەریان دەخات. وەکو باسمان کرد ژمارەی لەشکری بێ باوەڕان سێ چەندانەی موسڵمانەکان بوو. چەك و تفاقی شەڕیان بە تەواوی پێ بوو، بە پێچەوانەی موسڵمانەکان کە بۆ شەڕکردن ئامادە نەبووبوون و ژمارەشیان کەم بوو. بۆیە کە زانیان تازە شەڕ یەخەی پێ گرتوون، هەندێکیان ترس دایگرتن خودایش فریشتەکانی نارد تا هێزی دڵیان قایم بکات و بە زۆر بکەونە پێش چاوی بێ باوەڕان. خاوەنی تەفسیری (المنار) یش لەسەر ئەم ڕایەیە.

ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ شَآقُّواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَمَن يُشَاقِقِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ ٱللَّهَ

شَــدِيدُ ٱلعِقَــابِ ١٣
ناردنـی فریشـتەو ئـەو کوشـتارەی لـە بـێ بـاوەڕان کـرا، لەبـەر خراپیـی خۆیـان و بـێ بـاوەڕی یـان و دوژنایەتیـی سەرسـەختانەیان بـوو لەگـەڵ خـوداو پێغەمبـەری خـوادا (صلـی اللـه علیـه وسـلم) ، هـەر کەسـێکیش دوژمنایەتـی خـوداو پێغەمبـەری خـودا بـکات ئـەوە بێگومـان خـودا تۆڵەسـێنەرێکی ئێجـگار تونـدەو ئازاردانـی زۆر بـە تیینـە.
ذَٰلِكُم فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلكَٰفِرِينَ عَذَابَ ٱلنَّارِ ١٤
ئـەی بـێ باوەڕینـە، بـەم شکسـت و سـزایە تۆڵـەی خۆتـان بچێـژن، جگـە لەمەیـش بێگومـان لـەڕۆژی دوایـیـدا ئاگـری دۆزەخ دانـراوە بـۆ بـێ بـاوەڕان.
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ زَحفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلأَدبَارَ ١٥
ئـەی ئەوانـەی کـە باوەڕتـان بەخـوداو بـە پێغەمبەر(صلـی اللـه علیـه وسـلم) هێنـاوە! ئەگـەر بەرەنـگاری بـێ بـاوەڕان بوونـەوە لـەو کاتـەدا کـە هێـرش دێننـە سـەرتان، پشـتیان تـێ مەکـەن و ڕامەکـەن ، بەڵکـو دەبێـت بەوپـەڕی ئازایەتیـەوە ڕووبەڕوویـان ببنـەوەو شـەڕ بکـەن لەگەڵیانـدا.
وَمَـن يُوَلِّهِـم يَومَئِـذ دُبُـرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفًـا لِّقِتَـالٍ أَو مُتَحَيِّـزًا إِلَىٰ فِئَـة فَقَـد بَـآءَ بِغَضَـب مِّـنَ ٱللَّـهِ وَمَأوَىٰـهُ جَهَنَّـمُ وَبِئـسَ ٱلمَصِـيرُ ١٦
هەرکەسـێك بترسـێت و ڕابـکات و پشـت لـە دوژمـن بـکات، ئـەوە دەکەوێتـە بـەر غەزەبـی خـوداو لـەو ڕۆژی دواییشـدا جێگـەی دۆزەخ دەبێـت کـە خراپتریـن سـەرەنجامە، تەنهـا مەگـەر مەبەسـتی لـەو پشـت هەڵکردنـە ئـەوە بێـت بچێـت بـۆ لایەکـی تـری شـەڕەکە کـە بزانێـت بـۆ پەلامـاردان و هێـرش بـردن چاکـترە، یاخـود مەبەسـتی لـە پشـت هەڵکردنەکـە ڕۆیشـتن بێـت بـۆ لایەکـی تـری مەیدانـی جەنگەکـە بـۆ یارمەتیدانـی یەکێـك یـان دەسـتەیەك لـە هاوڕێکانـی تـا لـە دوژمـن بیانپارێزێـت. هەندێـك لـە

تەفسیرنووسـان دەڵێـن: ئەمـە لـە کاتێکـدا فـەرزە کـە دوژمـن دوو چەندانـەی ژمـارەی موسـڵمانەکان زیاتـر نەبێـت، خـۆ ئەگـەر لـەو دوو چەندانـە زیاتـر بـن، ئـەو کاتـە هەرکەسـێك پشـت بکاتـە دوژمـن و ڕابـکات ئـەم هەڕەشـە نایگرێتــەوە.. هەندێـك لـە صەحابـە ئەگێڕنـەوە کـە مەبەسـت لـەم ئایەتـە پشـت کردنـە دوژمـن بـووە لـە شـەڕی بـەدردا.

فَلَم تَقتُلُوهُم وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُم وَمَا رَمَيتَ إِذ رَمَيتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ وَلِيُبلِيَ ٱلمُؤمِنِينَ مِنهُ بَلَآءً حَسَنًا إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ١٧

ئـەی موسـڵمانینە... ئەوانـەی کـە لـە شـەڕی بـەدردا کـوژران، کـە حەفتـا کەس بـوون، ئێـوە بـە هێـزو توانـای خۆتـان نەتانکوشـتن، بەڵکـو بـە یارمەتیدانتـان لـە لایـەن خـوداوەو بەهـۆی غیـرەت خسـتنە نـاو دڵـی ئێـوەو تـرس خسـتنە نـاو دڵـی دوژمـن و بـەزۆر پیشـاندانتان لەپێـش چـاوی دوژمنـداو بەهـۆی ئـەو فریشـتانەوە کـە نـاردی بۆتـان _خـودا ئەوانـەی کوشـتوە_ پێغەمبـەری خـودا (صلـی اللـە علـی وسـلم) لەکاتـی شـەڕەکەدا مسـتێ خۆڵـی بـەرەو ڕووی لەشـکری بـێ بـاوەڕان هاوێشـت و دوعـای لێکـردن. جـا تـۆزی ئـەو خۆڵـە کەوتـە بەرچـاوو دەم و لووتـی بـێ بـاوەڕان و بوویـە هۆیـەك لـە هۆیەکانـی سـەرکەوتنی موسـڵمانەکان. ئینجـا لێـرەدا فەرمایشـت دەفەرموێـت: وەنەبێـت تـۆ ئـەو خۆڵـەت هاویشـتبێت، بەڵکـو خـودا هاویشـتوویەتی، چونکـە خـودا گەیاندیـە سـەر کافـران و وای کـرد کاریـان لـێ بـکات.. و لیبلـی المومنیـن... واتـە: خـودا ئـەوەی بۆیـە کـرد، تـا ئیمانـداران بخاتـە ژێـر تاقیکردنەوەیـەك کـە سـەرکەوتن و خۆشـی بـە دواوە بێـت، بەڕاسـتی خـودا زۆر بیسـەرو زانایـە پاڕانەوەکانتانـی بیسـت و ئـاگای لـە حاڵتـان بـوو.

ذَٰلِكُم وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيدِ ٱلكَٰفِرِينَ ١٨

حاڵـی موسـڵمانەکان و حاڵـی بـێ بـاوەڕەکان ئـەوە بـوو کـە بینـرا، بێگومـان

خـودا فرِوفێـڵ و پیلانـی بـێ بـاوەڕان ڕیسـوا دەکات.
إِن تَستَفتِحُواْ فَقَد جَآءَكُمُ ٱلفَتحُ وَإِن تَنتَهُواْ فَهُوَ خَيرٌ لَّكُم وَإِن تَعُودُواْ نَعُد وَلَن تُغنِيَ عَنكُم فِئَتُكُم شَيًا وَلَو كَثُرَت وَأَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلمُؤمِنِينَ ١٩
دەگێڕنـەوە کـە بـێ بـاوەڕان پێـش دەرچـوون بـەرەو بـەدر، لای کەعبـەدا ووتیـان: خودایـە کان لامـان ئێمـە یـان موسـڵمانەکان باشـترین ئەوەمـان سـەربخە؟! جـا لێـرەدا خـودا دەفەرموێـت: ئەگـەر ئێـوە داواتـان دەکـرد خـودا چاکتریـن کۆمەڵتـان سـەر بخـات ، ئـەوە سـەرکەوتنتان بـۆ هـات کـە سـەرکەوتنی موسـڵمانەکانە... باشـتر وایـە واز لـە دوژمنایەتـی موسـڵمانەکان بێنـن، خـۆ ئەگـەر وازیـان لـێ نەهێنـن و دووبـارە بگەڕێنـەوە بـۆ یاخـی بـوون، ئـەوە ئێمەیـش دوبـارە دەگەڕێینـەوە بـۆ شـکاندتان و واز ناهێنیـن لـە یارمەتیدانـی ئیمانـداران، بـە زۆریـی خۆشـتاندا مەنـازن چونکـە، زۆری یەکەتـان بـە کەڵکتـان نایـەت، چونکـە خـودا بـۆ یارمەتیـدان و سەرخسـتن هەمیشـە لەگـەڵ ئیمانداراندایـە.
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَوَلَّواْ عَنهُ وَأَنتُم تَسمَعُونَ ٢٠
ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە، گوێڕایەڵـی فەرمانەکانـی خـوداو پێغەمبەری(صلـی اللـە علیـە وسـلم) خـودا بـن، وە بـە پێـی ئـەو فەرمانانـە ژیانتـان ببەنـە سـەرو هەرگیـز لێـی لامـەدەن و پشـتیان تـێ مەکـەن، چونکـە ئێـوە ئـەو بڕیـارو فەرمانانەتـان پـێ دەگات و دەیبیسـتن و دەزانـن چـی دەفەرموێـت.
وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ قَالُواْ سَمِعنَا وَهُم لَا يَسمَعُونَ ٢١
ئێـوە وەکـو ئـەو دووڕووانـە مەبـن کـە دەیانـووت: ئێمـە فەرمانەکانمـان بیسـت، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا نەیانبسـتووە،چونکە دڵـی نادەنـێ و کاریـان تێنـاکات تـا بیروباوەڕی پووچـەڵ و ڕەوشـتی خراپیـان بگـۆڕن و واز لـە ڕێـگای

چـەوت بێنـن و بێنـە سـەر ڕاسـتە شـەقامی خـودا.
إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلصُّمُّ ٱلبُكمُ ٱلَّذِينَ لَا يَعقِلُونَ ٢٢
بێگومـان خراپترینـی ئـەو گیاندارانـەی کـە لەسـەر زەوی دەڕۆن لـە لای خـودا، ئـەو ئادەمیـزادە بوغرایانـەن کـە کـەڕن و قسـەی بـاش نابیسـتن، لاڵـن و وتـەی هـەق و ڕاسـت یـان بەسـەر زمانـدا نایـەت، ئەوانـە ئـەو کەسانەن کـە بێهـۆش و نەفـام و نـا تێگەیشـتوون. ئەوانـە وەکـو ڕانـە مەڕێکـن کـە هـاوارو قسـەی شـوانەکەیان دەبیسـتن، بـەڵام تێـی ناگـەن و توانـای قسەکردنیشـیان نیـە. نەخێـر بەڵکـو حاڵـی ئەوانـە لـە حاڵـی مـاڵات خراپـترە، چونکـە مـاڵات بـە پێـی ئـەو غەریـزەی خـودا پێیـداوە ژیانـی خـۆی دەباتـە سـەر، بـەڵام ئەوانـە بیـرو هۆشـی خۆیـان ناخەنـەکار تـا هەقیـان لـە ناهـەق بـۆ جیـا بکاتـەوە. (دواب) کـۆی (دابـة) یـە... بـە هەمـوو گیاندارێك دەوترێـت کـە بەسـەر زەویـدا بـڕوات، یـان بخشـێت، بـەڵام زۆرتـر بـۆ ئـاژەڵ و مـارو مێـروو بـەکار دەبرێـت.
وَلَو عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِم خَيرًا لَّأَسمَعَهُم وَلَو أَسمَعَهُم لَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعرِضُونَ ٢٣
ئەگـەر خـودا بیزانیایـە کـە ئەوانـە ڕوودەکەنـە چاکـەو ئیـمان دێنـن و کەڵکیـان هەیـە، کارێکـی وای دەکـرد کـە خێـرو هـەق _ کـە ئایینـی خودایـە_ بیسـتن، بـەڵام دەزانێـت ئەوانـە لامـل و یاخـی و بـێ کەڵکـن. خـۆ ئەگـەر وای بکردایـە گـوێ بدەنـە قسـەی هـەق و ڕاسـتی و فەرمانەکانـی ئاییـن، ئـەو کاتەیـش هـەر سـوودیان لـێ وەرنەدەگـرت و ڕووی خۆیـان لـێ وەردەگێـڕاو یاخـی دەبـوون... ئـەم فەرمایشـتە زۆر لـە موسـڵمانانی ئـەم سـەردەمە دەگرێتـەوە، ئەمانـە ڕۆژانـە گوێیـان لـە فەرمایشـتەکانی خـوداو پێغەمبـەرە (صلـی اللـە علیـە وسـلم) بـەڵام کاریـان تـێ نـاکات تـا لـە گونـاە و خراپـە لایـان بـدات و ڕوویـان وەربگێڕێـت بـەرەو چاکـەو خواناسـیی ڕاسـتەقینە.
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱستَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحيِيكُم وَٱعلَمُوٓاْ

أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَقَلۡبِهِۦ وَأَنَّهُۥٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ٢٤
ئەی ئەوانەی کەباوەڕتان هێناوە! وەڵامی فەرمانی خوداو فەرمانی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) بدەنەوەو پەیڕەوییان لێ بکەن، کاتێك کە داوای کارێکتان لێ دەکەن کە ژیانێکی تەواو خۆش و پڕ کامەرانییتان بۆ فەراهەم دەهێنێت، ئێوەیش داواکەی جێبەجێ بکەن. جا ئەو فەرمانە فەرمانپێدان بێت بۆ غەزاو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمندا، یاخود هەر بڕیارو فەرمانێکی تر بێت لە فەرمانەکانی ئایینی خودا. بێگومان دەبێت بزانن پشکردنە فەرمانی خوداو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) سەرچاوەی گشت نەهامەتیەکەو ئادەمیزاد بەرەو هەموو جۆرە خراپیەك ڕادەکێشێت و، دەبێتە هۆی ئەوەی خودا دڵی بە پەردەیەکی ڕەش داپۆشێت. بێگومان هەمووتان لە ڕۆژی دواییدا _ بۆ حیساب و لێپرسینەوە لەوەی کردوتانە لەژیانی دنیاتاندا _ کۆدەکرێنەوە بۆ لای خودا.
وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٢٥
ئەی موسڵمانان خۆتان بپارێزن لە هەموو بەڵاو فیتنەیەك، کە زەرەرو زیان و ناخۆشیەکەی تەنها ستەمکاران ناگرێتەوەو بەس، ئەو ستەمکارانەی کە بوونەتە هۆکاری هاتنی ئەو بەڵاو کارەساتە، بەڵکو سەرجەم خەڵکیووڵات دەگرێتەوە، ئێوە بزانن کە بەڕاستی خودا تۆڵەسەندنەوەی زۆر بەتینە بەرانبەر ئەوانەی لەفەرمانەکانی لادەدەن و یاخی دەبن.... بێگومان ستەمکاران بەهۆی ستەمکاریی و بەدکاری خۆیانەوە لەناو دەچن ، گەل و میللەتیش بەهۆی ڕازی بوون و بێ دەنگی یان لە ئاستی ستەمکاریەکانی ئەواندا لە ناودەچن. پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)

دەفەرموێت: ئەگەر بینیتان ستەمكار خەریكی تاوان و خراپەكاری یە دەبێت دەستی بگرن و نەهێڵن ستەم بكات، ئەگەر وانەكەن، نزیكە خودا هەمووتان بخاتە بەر خەشم و سزاو ئازارتان بدات. ئەمە ئێستاكە زۆر ئاشكرایە، بە تایبەتی لەو وولاتانەدا كە دەسەلاتدارانیان دیكتاتۆرن و لە هیچ ستەم و خراپەكاریەك سڵ ناكەنەوە، جا لەبەر ئەوەی گەلەكانیان بێ دەنگن و بەرەنگاریان نابنەوە، دەبینی ئەو گەلانەی لەوپەڕی ناخۆشی و هەژاریدا دەژین.

وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِي ٱلْأَرْضِ تَخَافُونَ أَن يَتَخَطَّفَكُمُ ٱلنَّاسُ فَـَٔاوَىٰكُمْ وَأَيَّدَكُم بِنَصْرِهِۦ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ٢٦

ڕووی ئەم فەرمایشتە لەگەڵ موسڵمانانی سەردەمی پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: بیر بكەنەوە لەو ڕۆژگارەی كە ئێوە لەسەر زەویدا كەم و چەوساوەو بێ هێزو بوون و، لە وە دەترسان بێ باوەڕان بتانفرێنن و بتانكوژن، بەلام خودا لەمەدینەدا نیشتەجێی كردن و بە دەسەلاتی فراوانی خۆی یارمەتی دان و لەشەڕی بەدردا سەری خستن و ڕزق و ڕۆزی پاكی پێ بەخشین بەو دەستكەوتانەی كە لە بەدردا دەستانكەوت، تا سوپاسگوزاری خودا بن.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ٢٧

ئەی ئەوانەی كە باوەڕتان هێناوە! لەگەڵ خوداو پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) ڕاستگۆ بن بە پشتكردنە ئایینی خودا، یان بە ئاشكرا كردنی نهێنی موسڵمانان خیانەت و ناپاكی لەگەڵ خوداو پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دا مەكەن، لە كاتێكدا كە ئێوە دەزانن خیانەت بە هەموو شێوەیەك حەرامەو نابێت كەس خیانەت بكات، نە تاك و نە كۆمەڵ، نە

حکومـەت و نەگـەل و جەمـاوەر، جـا خیانـەت کردنەکـە لەگـەڵ بـرای ئایینـی بێـت، یـان لەگـەڵ غەیـری بـرای ئایینـی.
وَٱعلَمُوٓاْ أَنَّمَآ أَموَٰلُكُم وَأَولَٰدُكُم فِتنَةٞ وَأَنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجرٌ عَظِيمٞ ٢٨
بـاش بزانـن کـە مـاڵ و منداڵەکانتـان بـۆ تاقیکردنـەوەی ئێوەیـە.. جـا منداڵەکانتـان بـە جوانـی پـەروەردە بکـەن و فێـری ڕەوشـتی بەرزیـان بکـەن و ڕێـگای خواناسـییان پـێ بناسـێنن... وە لـە پێنـاو خۆشـگوزەرانی ئەوانـدا خۆتـان تووشـی گونـاه و حـەرام مەکـەن. بۆیـە پێویسـتە لـە پەیداکردنـی ڕزق و ڕۆزیـدا لـە فروفێـڵ بـەدوور بـن، مەبنـە بەنـدەی سـەروەت و سـامان و هەمیشـە هـەر بیـر لـە زۆرکردنـی سـامانەکانتان بکەنـەوە، بەداخـەوە هەندێـك کـەس خۆیـان بـە موسـڵمان و خودانـاس دەزانـن، کەچـی لەپێنـاو پەیداکردنـی پـارەو سـامان و خـۆ نزیـك کردنـەوە لـە کاربەدەسـتان و دەسـەڵاتداران گـوێ نادەنـە ئایینەکایـان و لەگـەڵ خـوداو پێغەمبەر(صلـی اللـە علیـە وسـلم) دا خیانـەت دەکـەن. پاشـان دەفەرموێـت: بێگومـان پاداشـتی گـەورە لـە لای خودایـە ئـەو پاداشـتە گەورەیـە شـایانی ئەوەیـە هەوڵـی بـۆ بدرێـت، نـەك ژیانـی دنیـای فانـی.
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجعَل لَّكُم فُرقَانٗا وَيُكَفِّر عَنكُم سَيِّـَٔاتِكُم وَيَغفِر لَكُم وَٱللَّهُ ذُو ٱلفَضلِ ٱلعَظِيمِ ٢٩
ئـەی ئەوانـەی کـە باوەڕتـان هێنـاوە! لـە خـودا بترسـن و ملەکەچـی بڕیـارو فەرمانەکانـی بـن، ئەگـەر ئێوەیـش وا بـن خـودا هیدایـەت دەخاتـە نـاو دڵتـان تـا بتوانـن چاکـەو خراپـە لـە یـەك جیـا بکەنـەوەو، ڕووناکیەکتـان بـۆ دەڕەخسـێنێت تـا ڕێـگای ژیانتـان بـۆ ڕۆشـن بکاتـەوە، وە لـە گوناهەکانـی پێشـووتان خـۆش دەبێـت و لێتـان دەبوورێـت، خـودا خـاوەن فـەزڵ و بەخششـێکی گەورەیـە. (تقـوی) لـە عەرەبیـدا ماناکـەی زۆر فراوانـە،

**خۆپاراستنە لەهەموو خراپەیەك وەك: خۆ پاراستن لە لاوازی و بێ هێزیی لەبەرانبەر دوژمندا، خۆپاراستن لە ستەم، خۆ پاراستن لەدرۆو خیانەت، خۆ پاراستن لە نەخوێندەواری،... هەموو ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ ژێر ناونیشانی پارێزکاریی و پەرستنی خودا. (فرقان) واتە: جیاوازی لە نێوان دوو شتدا، یان لە دووشت زیاتر هەروەها یەکێکە لە ناوەکانی قورئانی پیرۆزیش، چونکە جیاوازی لە نێوان ئیمان و بێ باوەڕیی و چاکەو خراپەدا دەکات.**

**وَإِذ يَمكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثبِتُوكَ أَو يَقتُلُوكَ أَو يُخرِجُوكَ وَيَمكُرُونَ وَيَمكُرُ ٱللَّهُ وَٱللَّهُ خَيرُ ٱلمَٰكِرِينَ ٣٠**

**لەکاتی خۆیدا بتپەرستەکان لە (دار الندوة) کۆبوونەوە، تا بڕیار بدەن لە بەرانبەر پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) چی بکەن؟! هەندێك ووتیان بیخەنە زیندانەوە تا دەمرێت!، هەندێکی تر ووتیان: لەم شارەی دەری بکەین... (ئەبوجەهل) ووتی: نەخێر... لەهەر هۆزێك گەنجێك هەڵبژێرین و لەشەوێکدا بدەن بەسەر ماڵەکەیداو بیکوژن، ئینجا خودا پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) لەم پیلانە ئاگادار کردەوە... ئەو شەوەی گەنجەکان هێرشیان بردە سەر ماڵەکەی، پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) لە ماڵ دەرچوو بوو وە لەگەڵ ئەبوبەکردا بەرەو ئەشکەوتی (ثور) ڕۆیشتبوون، لەوێشەوە پاش سێ ڕۆژ چوون بەرەو مەدینە. ئینجا خودا دەفەرموێت بە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) : بیر بکەرەوە کە چۆن بتپەرستەکان پیلانیان داڕێژا کە حەپست بکەن یان بتکوژن، یان لەشاری مەککە دەرت بکەن... بەڵێ... ئەوانە پیلانت بۆ دەگێڕن، بەڵا خودا چاکترین نەخشەڕێژە... ئەوا خودا سەری خستیت بەسەر ئەو بتپەرستە پیلانگێڕانەداو، هێزو توانایانی شکاند.**

(مكـر) تەدبیرێكـی نهێنـی یـە بـۆ ئـەوەی كارێـك ئەنجـام بدرێـت بەرانبـەر كەسـێك، یاخـود بەرانبـەر كۆمەڵێـك... جـا كارەكـە چـاك بێـت یـان خـراپ.

وَإِذَا تُتلَىٰ عَلَيهِم ءَايَٰتُنَا قَالُواْ قَد سَمِعنَا لَو نَشَآءُ لَقُلنَا مِثلَ هَٰذَآ إِن هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلأَوَّلِينَ ٣١

ئەگـەر ئایاتـی قورئـان بـۆ ئـەو بـێ باوەڕانـە بخوێنرێتـەوە، لەبـەر عینادیـی و سەركەشـیی خۆیـان دەڵێـن: بەڵـێ گوێمـان لـێ بـوو، ئەگـەر بمانەوێـت ئێمەیـش دەتوانیـن وەكـو قورئـان قسـە ڕێـك بخەیـن؟! چونكـە ئـەم قورئانـە هیچێـك نیـە جگـە لـەوەی كـە درۆو ئەفسـانەی پێشـینانە!... دەگێڕنـەوە كـە ئەمـە قسـەی (نـضری كـوڕی حـارث) بـووە، كـە چیرۆكـی كۆنـی دەزانـی... ئەوەبـوو خـودا تۆڵـەی ئـەم دەمدرێژیـەی لـێ سـەندەوەو لـە غـەزای بـەدردا بەدیـل گیـراو كـوژرا.

وَإِذ قَالُواْ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ ٱلحَقَّ مِن عِندِكَ فَأَمطِر عَلَينَا حِجَارَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيم ٣٢

ئەبوجەهـل و هەندێـك لـە بـێ باوەڕانـی مەككـە، ووتیـان: خودایـە ئەگـەر ئـەم قورئانـە هەقـەو لەلایـەن تۆوەیـە، ئـەوە لـە ئاسـمانەوە بەردمـان بەسـەردا ببارێنـە یـان سزایەكـی پـڕ ئێـش و ئازارمـان بـۆ بهێنـە!!.. دەگێڕنـەوە كـە معاویـەی كـوڕی ئەبوسـوفیان بـە كابرایەكـی خەڵكـی یەمەنـی ووت: چەنـدە قەومەكـەت ناتێگەیشـتوو بـوون كـە ئافرەتێكیـان كردبـوو بـە مەلیكـی خۆیـان ـمەبەسـتی مەلیكـە بەڵقیـس بـووـ كابرایـش ووتـی: ناتێگەیشـتوویی قەومەكـەی تـۆ لـە ناتێگەیشـتوویی قەومەكـەی مـن زیاتـرو پترتـر بـوو، لـەوەدا كـە دەیـان ووت: خودایـە ئەگـەر ئـەم ئیسـلامەتیە ڕاسـتەو لـە لایەنـی تۆوەیـە، ئـەوە بەردبارانمـان بكـە! لەجیاتـی ئـەوەی بڵێـن: خودایـە هیدایەتمـان بـدە بـۆ شـوێنكەوتن و بـاوەڕ پـێ هێنانـی.

وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم وَأَنتَ فِيهِم وَمَا كَانَ ٱللَّهُ مُعَذِّبَهُم وَهُم يَستَغفِرُونَ ٣٣

ڕووی ئەم فەرمایشتە لە پێغەمبەری خودایە (صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێت: مادام تۆ لە ناو ئەو قەومەدای، ئەوە خودا سزایەکی فەوتێنەریان بۆ نانێرێت. هەروەها مادام ئەوان داوای لێخۆشبوون بکەن، خودا سزای بە ئازاریان نادات... دەگێڕنەوە ئەو کەسانەی داوای بەردبارانی خۆیان لە خودا کرد، سەرلە ئێوارەی ئەو ڕۆژە پەشیمانبوونەوەو داوای لێخۆشبوونیان کرد.

وَمَا لَهُم أَلَّا يُعَذِّبَهُمُ ٱللَّهُ وَهُم يَصُدُّونَ عَنِ ٱلمَسجِدِ ٱلحَرَامِ وَمَا كَانُوٓاْ أَولِيَآءَهُۥٓ إِن أَولِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلمُتَّقُونَ وَلَٰكِنَّ أَكثَرَهُم لَا يَعلَمُونَ ٣٤

واتە: چی وادەکات کە خودا سزایان نەدات، هەروەکو لەغەزای بەدردا سزای دان، لە حاڵێکدا کە ئەوان دەڵێن: ئێمە لەنەوەی ئیبراهیمین و مجێوری کەعبەین، کەچی ڕێگای زیارەتی کەعبە لە خەڵکی دەگرن. ئەمە پیشەیان بوو لەگەڵ موسڵمانەکاندا، پێش ئەوەی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیە وسلم) کۆچ بکات بۆ مەدینە، هەروەها لە ساڵی (حودەیبیە)دا ڕازی نەبوون و ڕێگایان نەدا کە موسڵمانەکان لەگەڵ پێغەمبەردا (صلی الله علیە وسلم) بگەنە مەککەو زیارەتی کەعبە بکەن، ئەمانە شایستەی کەعبەی پیرۆز نین،چونکە بت دەپەرستن، ئەوەی شایانی سەرپەرشتی کەعبە بێت تەنها موسڵمانەکانن کە هاوەڵ و وێنە بۆ خودا دانانێن و خۆیان لە خراپەکاری دەپارێزن و تەنها بەندایەتی بۆ خودا دەکەن، بەڵام بەشێکی زۆری ئەوانە بەم ڕاستی یە نازانن کە ئەوان شایستەیی سەرپەرشتیکردنی کەعبەیان نیە، چونکە کەعبەی پیرۆز جێگەی خواناسیینە، نەك بتپەرستن.

وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمۡ عِندَ ٱلۡبَيۡتِ إِلَّا مُكَآءٗ وَتَصۡدِيَةٗۚ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ ٣٥

واتە: نوێژکردنی ئەو بتپەرستانە لە کەعبەدا هیچ نەبوو جگە لە فیکەو چەپڵە لێدان نەبێت، ئەوانەیش ژمارەیەکی زۆر ژن و پیاویان بەڕووتی بە دەوری کەعبەدا دەسوڕاندەوە، ئەگەر بیانبینیایە موسڵمانێك تەواف دەکات بۆ گاڵتە پێکردنی فیکەو چەپڵیان لێ دەدا!. فذوقوا... واتە: ئەی بێ باوەڕینە! بەهۆی ئەوەی کە بێ باوەڕ بوون، سا بچێژن سزای سەخت بەوەی کە لەبەدردا بەسەرتاندا هات.

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيۡهِمۡ حَسۡرَةٗ ثُمَّ يُغۡلَبُونَۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحۡشَرُونَ ٣٦

بێگومان ئەو بێ باوەڕانە ماڵ و سامانی خۆیان خەرج دەکەن بۆ ئەوەی کە خەڵکی لە ڕێگای خودا دوور بخەنەوەو ڕێگای موسڵمانبوونیان لێ بگرن، بەڵام ئەو خەرجکردنە لە پاشاندا بۆیان دەبێتە ئاخ و داخ و خەفتێکی زۆر، ئینجا پاش ئەویش تێدەشکێن و موسڵمانەکان سەردەکەون. ئەوانەی کە بێ باوەڕن لە ڕۆژی دواییدا بەرەو ئاگری دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن و هەموو لەوێ کۆدەکرێنەوە.

لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلۡخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجۡعَلَ ٱلۡخَبِيثَ بَعۡضَهُۥ عَلَىٰ بَعۡضٖ فَيَرۡكُمَهُۥ جَمِيعٗا فَيَجۡعَلَهُۥ فِي جَهَنَّمَۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ٣٧

خودا وای کرد تاوەکو پیس و خراپ _مەبەست بێ باوەڕی و خراپە کاری یە_ لەپاك و چاك _مەبەست ئیمانداری و چاکەکاری یە_ جیا بکاتەوەو، هەموو بێ باوەڕان لەسەر یەك کۆ بکاتەوەو بیانخاتە دۆزەخ، بەڕاستی هەر ئەوانە زەرەرمەندن و ڕووڕەشیی دەیانگرێتەوە.

قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَنتَهُواْ يُغۡفَرۡ لَهُم مَّا قَدۡ سَلَفَ وَإِن يَعُودُواْ فَقَدۡ مَضَتۡ

سُنَّتُ ٱلۡأَوَّلِينَ ٣٨
ئـەی پێغەمبەر!(صلـی اللـه علیـه وسـلم) بـەو بـێ باوەڕانـە بڵـێ: ئەگـەر واز لـە بتپەرسـتی و دوژمنایەتـی لەگـەڵ موسـڵمانەکاندا بێنـن، ئـەوە خـودا لـەو گوناهانـەی کردویانـە خـۆش دەبێـت، بـەڵام ئەگـەر هـەر لەسـەر بـێ باوەڕیـی خۆیـان سـوور بـن و لەسـەر شـەڕ کـردن لەگـەڵ موسـڵماناندا هـەر بـەردەوام بـن، ئـەوە بابزانـن ئـەو سزاو ئازاردانـەی کـە لەمـە و پێشـتر ڕووی کرۆتـە گەلانـی خراپـی پێغەمبەرانـی پێشـوو، هەمـان سـزاو ئـازار ئەمانیـش دەگرێتـەوە.
وَقَٰتِلُوهُـم حَتَّـىٰ لَا تَكُـونَ فِتنَـةٞ وَيَكُـونَ ٱلدِّيـنُ كُلُّـهُ لِلَّـهِ فَإِنِ ٱنتَهَـواْ فَـإِنَّ ٱللَّـهَ بِمَـا يَعمَلُـونَ بَصِـيرٞ ٣٩
ئـەم فەرمایشـتەیش ئاڕاسـتەی موسـڵمانەکان کـراوە، دەفەرموێـت: ئـەی موسـڵمانینە! لەگـەڵ ئـەو بـێ باوەڕانـەدا شـەڕ بکـەن، کـە سـوورن لەسـەر دوژمنایەتـی کردنتـان، تـا لەخـودا زیاتـر بەندایەتـی کەسـێکی تـر نەکرێـت، وە ئاییـن و یاسـا هـەر ئاییـن و یاسـاکەی خـودا بێـت، هەروەهـا تـا هیـچ موسـڵمانێك نەکەوێتـە ژێـر ئـازارو ئەشـکەنجەدانیان، بـۆ ئـەوەی لـە ئاییـنی پیـرۆزی ئیسـلام هەڵبگەڕێتـەوە، هـەروەك بتپەرسـتانی مەککـە لەگـەڵ موسـڵمانە بـێ دەسـەڵاتەکاندا وایـان دەکـرد، جـا ئەگـەر ئـەوان وازیـان لـە دوژمنایەتـی ئێـوە هێنـا، ئـەوە بێگومـان خـودا ئـاگادارە بـە کردەوەکانیـان و بەوەیـش کـە لـە نـاو دڵیاندایـەو، بـەو پێیـە پاداشـت وەردەگرنـەوە. دەبێـت بزانیـن مەبەسـت لـەم فەرمایشـتە ئـەوە نیـە کـە کـەس بـەزۆر موسـڵمان بکرێـت، هـەر وەك هەندێـك وادەڵێـن.. ئـەوەی پێویسـتە ئەوەیـە ڕێـگا بدرێـت بـە ڕوونکردنـەوەی ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام، تـا غەیـری موسـڵمانانیش بەجوانـی تێـی بگـەن، ئینجـا پـاش ئـەوە هـەر کەسـێك موسـڵمان دەبێـت

یـان نابێـت ئـەوە بـە ئـارەزووی خۆیەتـی و تـەواو ئـازادە.. خـودا دەفەرموێـت: لاإكـراه في ديـن واتـە: ئاییـن زۆرە ملێـی تیـا نیـە کـەس بـە زۆر موسـڵمان ناکرێـت.. جـا ئەگـەر هێزێـك یـان دەسـەڵاتێك ڕێـگا لـە گەیاندنـی پەیامـی خـودا بگرێـت و دوژمنایەتـی بـکات لەگـەڵ موسـڵماناندا، پێویسـتە مۆڵەتیـان پـێ نەدرێـت و بەتونـدی شـەڕیان لەگەڵـدا بکرێـت تـا هیـچ ڕێگرێـك نەبێـت لەبـەردەم گەیاندنـی بانگـەوازی خـوادا. بـە درێژایـی مێـژووی ئیسـلام هیـچ کەسـێك بـە زۆرو لەژێـر فشـاردا موسـڵمان نەکـراوە، بەڵگەیـش ئـەو هەمـووە دیـان و جولەکەیەیـە کـە بـە ئازادیەکـی تـەواوەوە لەسـەر زەوی وڵاتانـی ئیسـلامیدا ژیـاون و، بگـرە شـارو گونـدی تایبەتـی خۆیـان هەبـووەو هەیـە.

وَإِن تَوَلَّوۡاْ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَوۡلَىٰكُمۡۚ نِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ ٤٠

گـەر ئـەو بـێ باوەڕانـە هـەر پشـتیان کـردە ڕێـگای ڕاسـت و لەسـەر ڕەوشـتی خراپـی خۆیـان سـوور بـوون، ئێـوە بزانـن کـە ئایینـدە هـەر بـۆ ئێوەیـە، خـودا یارمەتیـدەرو پشـتیوانتانە، کـە چاکتریـن پشـتیوان و باشـترین یارمەتیـدەرە.

وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا يَوۡمَ ٱلۡفُرۡقَانِ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ٤١

واتـە: ئـەی موسـڵمانینە! ئـەو دەسـتکەوتانەی کـە لـە کاتـی جەنـگ کـردن لەگـەڵ بـێ باوەڕانـدا دەسـتان دەکەوێـت! دەبێـت بکرێنـە پێنـج بـەش، چـوار بەشـی بـۆ ئێوەیـەو دابـەش دەکرێـت بەسـەرتاندا، بەشـێکی تریشـی بـۆ خـوداو پێغەمبەرە(صلـی اللـە علیـە وسـلم)، کـە ئەویـش تەرخـان کـراوە بـۆ پێغەمبـەرو کەسـوکاری و هەتیـوان و هـەژاران و ئەوانـەی کـە لەسـەفەردا خەرجییـان لـێ دەبڕێـت و، ناتوانـن بـە ئاسـانی بگەڕێنـەوە بـۆ شـوێنی خۆیـان

.. ئـەی موسـڵمانینە! دەبێـت دەسـکەوتەکانی شـەڕ بـەو شـێوەیە دابـەش بکرێـت، نـەك هـەر بدرێـت بەوانـەی کـە لـە غەزاکـەدا بەشـدار دەبـن.. دەبێـت ئـەو دابەشـکردنە ئـاوا ئەنجـام بدرێـت، ئەگـەر ئێـوە بـاوەڕدارن بـە خـوداو بـەوەی کـە ناردوومانەتـە خـوارەوە _ کـە قورئانـە_ بـۆ سـەر بەنـدەی خۆمـان، کـە پێغەمبەرە(صلـی اللـه علیـه وسـلم) لـە ڕۆژی جیاکردنـەوەی ئیـمان لـە بـێ باوەڕیـی و ئیمانـداران لـە بتپەرسـتان، کـە لـە غـەزای بـەدردا ڕوویـدا، کـە هـەردوولا ڕووبـەڕووی یـەك بوونـەوەو شـەڕ دەسـتی پـێ کـرد، لـەو ڕۆژەدا کـە خـودا بەهێـزو دەسـەڵاتی خـۆی موسـڵمانەکانی سەرخسـت، هەرچەنـدە ژمارەیـان کـەم بـوو وە ژمـارەی بتپەرسـتەکان زۆر بـوو، خـودا دەسـەڵاتی بەسـەر هەمـوو شـتێکدا هەیـەو، هەرشـتێکی بوێـت بـێ دواخسـتن دەیـکات. ئیمانداران ڕاسـتەقینە کاتێـك دەچـوون بـۆ جیهـاد، خۆیـان هەمـوو چـەك و تفـاق و پێویسـتیەکی جەنگیـی خۆیانیـان دابیـن دەکـرد، ئینجـا بـە گیـان و ماڵـەوە ئامادەبـوون کـە خۆیـان بکەنـە قوربانـی ئایینـی خـودا، بۆیـە دەبینیـن خودایـش وەك ڕێزلێنانێکیـان بەشـێك لـە دەسـکەوتەکانی شـەڕی بـۆ بڕیـاردان.. بێگومـان غـەزای ڕاسـتەقینە ئەوەیـە کـە تەنهـا لەبـەر ڕەزامەنـدی خـوداو لـە پێنـاوی بەرزکردنـەوەی ئـاڵای ئیسـلامدا بێـت، نـەك لـە پێنـاو ڕەگەزایەتـی و، نەتەوەپەرسـتی و... یـان لـە پێنـاو زەوتکردنـی سـامانی گەلانـی ژێـر دەسـتدا، وەکـو ئیمپریالیزمـی کـۆن و نـوێ وایـان کـردوەو ئێسـتایش هـەر وادەکـەن.

إِذ أَنتُـم بِٱلعُـدوَةِ ٱلدُّنيَـا وَهُـم بِٱلعُـدوَةِ ٱلقُصـوَىٰ وَٱلرَّكـبُ أَسـفَلَ منكُـم وَلَـو تَوَاعَدتُّـم لَٱختَلَفتُـم فِي ٱلمِيعَٰـدِ وَلَٰكِـن لِّيَقـضِيَ ٱللَّـهُ أَمـرٗا كَانَ مَفعُـولٗا لِّيَهلِـكَ مَـن هَلَـكَ عَـن بَيِّنَـةٖ وَيَحيَـىٰ مَـن حَـيَّ عَـن بَيِّنَـةٖ وَإِنَّ ٱللَّـهَ لَسَـمِيعٌ عَلِيـمٌ ٤٢

بیـر بکەنـەوە کـە ئێـوە لـە بـەدردا لەلایەکـی ئـەو دۆڵـەوە بـوون کـە لـە

مەدینــە نزیکــتر بــوو، بــێ باوەڕەکانیــش لەلاکــەی تریــەوە بــوون، کــە لــە مەدینــە دوورتــر بــوو، وە قافڵــە بازرگانیەکەیــش کەوتبــووە خــوار ئێــوەوە. خــۆ ئەگــەر ئێــوە یەکەمجــار بڕیــاری شــەڕتان لەگــەڵ بتپەرســتەکاندا بدایــە، ئــەوە لــە شــەڕکردن دوادەکەوتــن و نەدەهاتــن بــۆ ڕووبــەڕوو بوونــەوە لەگەڵیانــدا، چونکــە لەبــەر کەمیــی خۆتــان و کەمیــی چــەك و تفاقــی شــەڕتان ئامــادە نەدەبــوون بــۆ شــەڕ کــردن بەرامبــەر ئــەو لەشــکرە زۆرو پــڕ تفاقــە، هــەروەك هەندێکتــان ئــەم ڕاســتیەی ئاشــکرا کــردو کەوتــە موجادەلــە لەگــەڵ پێغەمبــەردا (صلــی اللــە علیــە وســلم) بــەڵام خــودا وای ڕەخســاند کــە تووشــی شــەڕ بــبن و لەگــەڵ بــێ باوەڕانــدا ڕووبــەڕوو ببنــەوە، تــا ئــەوەی خــودا بڕیاریــدا بــوو، بێتــە دی .. وە تــا ئــەوەی تیادەچێــت، پــاش ئــەوە تیابچێــت کــە بــە تەواویــی حەقیقەتــی بــۆ دەربکەوتبێــت، ئەوەیــش کــە دەمێنێتــەوەو دەژی، حەقیقەتــی بــۆ ئاشــکرا ببێــت و بــە بەرچــاو ڕوونــی یــەوە بــژی.. بێگومــان خــودا زۆر بیســەرو زانایــەو، ئــاگادار بــوو لــە هەمــوو گوفتــارو ڕەفتارێکــی هەردوولاتــان لــە جەنگەکــەدا.

إِذ يُرِيكَهُمُ ٱللَّهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلاً وَلَو أَرَىٰكَهُم كَثِيرًا لَّفَشِلتُم وَلَتَنَٰزَعتُم فِي ٱلأَمرِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ سَلَّمَ إِنَّهُ عَلِيمُ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ٤٣

خــودای گــەورەو بــێ وێنــە لــە خــەودا بــێ باوەڕانــی بــە کــەم خســتە پێــش چــاوی پێغەمبەر(صلــی اللــە علیــە وســلم) پێغەمبەریــش خەوەکــەی گێڕایــەوە بــۆ موســڵمانەکان، تاوەکــو ترســی ئەوانەیــان بشــکێنێت کــە لــە دڵــەوە دەترســان، بێگومــان مەبەســت لــە کــەم پیشــاندانی بــێ بــاوەڕان مــەرج نیــە کەمیــی ژمارەیــان بێــت، بەڵکــو مەبەســت لــەوە پیشــاندانی بــێ هێزیــی و بــێ توانایــی و کــەم وورەیــی یانــە. ئینجــا دەفەرموێــت: ئەگــەر خــودا بــێ باوەڕەکانــی بــە زۆرو بــە بەهێــز پیشــان بدانایــە، ئێــوە شــپرزە دەبــوون و لــە

بەشداری کردن لە شەڕەکەدا دەبوو بە مشتومڕتان، چونکە هەندێکتان چاونەترس و خاوەن ئیمانێکی پتەو بوون، بۆیە بە هیچ شێوەیەك نەدەترسان، هەندێکی تریشتان ترس و بیم دایدەگرتن و نەتاندەوێرا بێنە مەیدانی شەڕەکەوە، بەڵام خودا ئێوەی سەلامەت کردو لەو شپرزەیی و تێکچوونە پاراستنی، بێگومان خودا زۆر زاناو ئاگادارە بەوەی کە لەناو دڵ و دەروونی هەموو ئادەمیزادێکدا هەیەو، هیچی لێ شاراوە نیە.

وَإِذۡ يُرِيكُمُوهُمۡ إِذِ ٱلۡتَقَيۡتُمۡ فِيٓ أَعۡيُنِكُمۡ قَلِيلٗا وَيُقَلِّلُكُمۡ فِيٓ أَعۡيُنِهِمۡ لِيَقۡضِيَ ٱللَّهُ أَمۡرٗا كَانَ مَفۡعُولٗاۗ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ٤٤

ئەی موسڵمانینە! لەو کاتەدا کە خودا دوژمنەکانتانی بەبێ هێزو کەم خستە پێش چاوتان، هەروەها ئێوەیشی بە کەم و بێ هێز دەخستە پێش چاوی ئەوان، تا هەردوولاتان گەرم ببن بۆ شەڕ کردن لەگەڵ یەکتری، ئینجا کە شەڕەکە دەستی پێکرد، خودا توانای ئێوەی بەهێز کردو ترس و بیمێکی زۆری خستە ناو دڵی ئەوان و، سەری خستن بەسەریاندا، تا ئەوەی کە لە زانستی خۆیدا بڕیاری لەسەر دابوو بێتە دی، کە ئەویش شکانی لەشکری بێ باوەڕان و کوژرانی حەفتا کەسیان و بە دیل گیرانی حەفتا کەسی تریان بوو. والی اللە ترجع ... هەموو شتێك هەر بۆ لای خودا دەگەڕێتەوەو، هیچ شتێك ڕوو نادات و نابێت مەگەر بەو شێوەیە نەبێت کە خودا بە ئیرادەی خۆی بڕیاری لەسەر داوە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە هەمیشە پێویستە موسڵمان کەرەسەی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بێ باوەڕاندا ئامادە بکات، چونکە بەپێی ئەو خۆ ئامادە کردن و پڕ تفاقی یە، خودا سەرکەوتن دەبەخشێت. ئەوەتا چونکە موسڵمانانی جیهان ئەمڕۆ لەم ڕووەوە کەمتەرخەمی یان کردووە

بێ تفاقن و کەرەسەی تەواوی ململانێکەیان پێ نیە، دەبینیت لە هەموو شوێنێکی جیهاندا هەر چەوساوەو بەش مەینەتن و دوژمنان بەسەریاندا زاڵن.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمۡ فِئَةٗ فَٱثۡبُتُواْ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٤٥

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! کاتێک لەگەڵ کۆمەڵێک لە بێ باوەڕاندا ڕووبەڕوو دەبنەوە زۆر بەچاکی خۆتان ڕابگرن و ناوی خوداتان لەبیر بێت و پشت بەو ببەستن، بەڵکو سەرکەوتوو بن.

وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٤٦

ئەی ئیماندارینە! گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەرەکەی خودا بن (صلى الله عليه وسلم) وە پەیڕەویان لێ بکەن و لەناو خۆتاندا ناکۆک مەبن و کێشمەو بەردەتان نەکەوێتە نێوان، چونکە ئەوە دەبێتە مایەی ئەوەی بێ هێز ببن و تواناتان نەمێنێت و لەبەرانبەر دوژمنانتاندا نەتوانن خۆڕابگرن و بشکێن. سەبر بگرن و هەراسانیی ڕووتان تێ نەکات، بێگومان خودا لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە سەبر دەگرن و بە ئاسانیی کۆڵ نادەن. (ريح) واتە: هەوا، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بۆ هێزو توانایش بەکار دەهێنرێت، چونکە جاری وا هەیە کە هەوا هەڵدەکات، کەشتی لە دەریادا وەردەگێڕێت، یاخود هێندە بە تەوژمە درەختی گەورە گەورە لە ڕیشەکەوە هەڵدەکەنێت.

وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بَطَرٗا وَرِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطٞ ٤٧

کاتێک بێ باوەڕانی مەککە بە لەشکرەکەیانەوە بەهانای کاروانە

بازرگانیەکەیانــەوە هاتــن، بەهەمــوو خۆهەڵکێشــان و لووتبەرزیەکــەوەو بــە خۆپیشــاندانەوە ڕوویــان کــردە دۆڵــی (بــەدر) ئینجــا خــودا بــە ئامــۆژگاری و پەنــددادان بــە موســڵمانەکان دەفەرموێــت: ئێــوە وەکــو ئــەوان مەبــن کــە بەفیــزو خــۆ هەڵکێشــان و خــۆ پیشــاندانەوە لــە مەککــەوە بــەرەو بــەدر کەوتنــە ڕێ و، بەهەمــوو هەوڵێکیانــەوە ڕێــگای خــودا لــە خەڵکــی دەگــرن و ناهێڵــن ئیــمان بێنــن. ئێــوە ئــەی ئیمانداریــنــە! لــە ڕەوشــتی موســڵمانانەی خۆتــان لامــەدەن و لــە غەزاکردنــدا تەنهــا مەبەســتتان ڕەزامەندیــی خــوداو ســەرکەوتنی ئایینەکەتــان و پێغەمبەرەکەتــان بێت(صلــی اللــە علیــە وســلم)... خــودا دەورەی بــە بــێ بــاوەڕان داوەو، ئــاگای لەهەمــوو نیــازو مە بە ســتێکیا نە .

وَإِذ زَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيطَٰنُ أَعمَٰلَهُم وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱليَومَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَّكُم فَلَمَّا تَرَآءَتِ ٱلفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيهِ وَقَالَ إِنِّي بَرِيٓءٌ مِّنكُم إِنِّيٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَونَ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلعِقَابِ ٤٨

ئــەی پێغەمبەر!(صلــی اللــە علیــە وســلم) بــە موســڵمانەکان بڵــێ: شــەیتان کــردەوەی ئــەو بــێ باوەڕانــەی لەبەرچــاو شــیرین کــردوون و بــۆی ڕازاندوونەتــەوە، هەروەهــا وەهــای خســتوەتە دڵیــان کــە لــەو ڕۆژەدا هیــچ کــەس و هێزێــك نیــە بتوانێــت بەســەر ئەوانــدا زاڵ بێــت، وە پێــی وتــوون: بێگومــان مــن لەگــەڵ ئێــوەدام و یارمەتیتــان دەدەم، بــەڵام کاتێــك هــەردوو تاقمەکــە_ ئیمانــداران و بــێ بــاوەڕان_ یەکتریــان بینــی، شــەیتان پاشــەوپاش لێیــان کشــایەوەو بــە بــێ باوەڕانــی ووت: بەڕاســتیی مــن لــە ئێــوە بەریــم و لەگــەڵ ئێــوەدا نیــم، مــن شــتانێك دەبینــم کــە ئێــوە نایانبینــن _ مەبەســتی فریشــتەکان بــوو_ بەڕاســتی مــن لەخــودا دەترســم... تۆڵەســەندنەوەی خــودا زۆر ســەخت و بەتینــە. ئــەم هانــدان و قســەکردنانەی شــەیتان لــەو

کاتـەدا چـۆن بـووە؟! ئایـا بـە وەسوەسـە بـووە، یاخـود خـۆی خسـتوەتە سـەر شـێوەی ئادەمیزادێـك و ئـەم قسـانەی كـردووە؟! ئـەم شـتانە تەنهـا خـودا خـۆی دەیانزانێـت.

إِذۡ يَقُولُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَٰٓؤُلَآءِ دِينُهُمۡ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٤٩

کاتێـك دووڕووەكان، ئەوانـەی كـە لـە دڵیانـدا ئیـمان نیـەو دڵیـان نەخۆشـی تێدایـە، بـە موسـڵمانەكانیان دەوت: ئایینەكەیـان مەغـروری كـردوون، وا خۆیـان تووشـی ئـەو گۆبەنـدە كـردووە _مەبەسـتیان شـەڕی بـەدر بـوو لەگـەڵ بـێ باوەڕانـدا_ بـەڵام ئەوانـە نازانـن هەركەسـێك پشـت بـە خـودا ببەسـتێت و هـەر بـە تەمـای ئـەو بێـت، ئـەوە سـەردەكەوێت و دەیباتـەوە، چونكـە بێگومـان خـودا دەسـەڵاتدارەو خـاوەن توانایەكـی ڕەهایـەو حەكیـم و دانایـەو لـە هەمـوو كارەكانیـدا مەبەسـتی هەیـە. خـودا توانـای زۆری هەیـە كـە فریـای ئـەو كەسـانە بكەوێـت پشـتی پـێ دەبەسـتن و سـەریاندەخات بەسـەر دوژمنانیانـدا.

وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذۡ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَضۡرِبُونَ وُجُوهَهُمۡ وَأَدۡبَٰرَهُمۡ وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ٥٠

ئـەی پێغەمبـەر (صلـی اللـه علیـه وسـلم) ! ئەگـەر دەتبینـی كـە چـۆن لەشـەڕی بـەدردا فریشـتەی گیانكێشـان گیانـی ئـەو بـێ باوەڕانەیـان دەكێشـاو، دەیانكێشـا بـەدەم چـاوو پشـتیاندا... لـەڕۆژی دواییـدا بەوانـە دەوترێـت: بچێـژن سـووتانی ئاگـر لەنـاو دۆزەخـدا.

ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ٥١

پێیـان دەوترێـت: ئـەم سزادانەتان بەهـۆی كـردەوە خراپەكانـی خۆتانەوەیـە كـە پێشـتر ئەنجامتانـداون.. چـاك بزانـن كـە خـودا سـتەم لـە هیـچ

بەندەیەكـی خـۆی نـاكات.

كَـدَأبِ ءَالِ فِرعَـونَ وَٱلَّذِيـنَ مِـن قَبلِهِـم كَفَـرُواْ بِـَٔايَٰـتِ ٱللَّـهِ فَأَخَذَهُـمُ ٱللَّـهُ بِذُنُوبِهِـم إِنَّ ٱللَّـهَ قَـوِيّٞ شَـدِيدُ ٱلعِقَـابِ ٥٢

كـردەوەو ڕەوشـتی ئەوانـە وەكـو كـردەوەو ڕەوشـتی دەسـت و پێوەنـدو شـوێنكەوتوانی فیرعـەون و ئـەو سـتەمكارانەی تـرە كـە لـە پێـش ئەمانـەوە بـوون، وە گەلـی نـوح و گەلـی عـاد و گەلـی ثمـود كـە باوەڕیـان بـە فەرمانـی خـودا نەهێنـاو یاخـی بـوون، خودایـش بەهـۆی گوناهـی خۆیانـەوە سـزای سـەختی دان و لەنـاوی بـردن. بێگومـان خـودا بـە توانایـەو تۆڵەسـەندنەوەو سـزادانی زۆر سـەختە.

ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّـهَ لَم يَكُ مُغَـيِّرًا نِّعمَـةً أَنعَمَهَا عَلَىٰ قَومٍ حَتَّـىٰ يُغَـيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِـهِم وَأَنَّ ٱللَّـهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ٥٣

ئەمـەی باسـكرا سـەبارەت بـە سـزادانی بـێ باوەڕانـی مەككـە لـە دۆڵـی بـەدردا، هەروەهـا سـەبارەت بـە سـزادانی گەلانـی پێـش ئەمانیـش وەكـو فیرعـەون و قەومەكانـی پێغەمبەرانـی پێشـوو، هـۆی ئـەو سـزادان و لەنـاو بردنەیـان خراپەكاریـی خۆیـان و یاخـی بوونیـان بـوو لـە بڕیـارو فەرمانەكانـی خـودا. خـودا هـەر نیعمەتێكـی بەهـەر گـەل و نەتەوەیـەك بەخشـی بێـت، لێیـان ناسـێنێتەوەو لێیـان ناگۆڕێـت، تـا خۆیـان بەهـۆی خراپیـی خۆیانـەوە ئـەو نیعمەتـە لەسـەر خۆیـان لانەبـەن، یاخـود نەیگـۆڕن.. بێگومـان خـودا زۆر بیسـەرو زانایـەو ئـاگای لـە هەمـوو قسـەیەكەو بـە كـردەوەی هەمـوو كەسـێكیش ئـاگادارو زانایـە.

كَـدَأبِ ءَالِ فِرعَـونَ وَٱلَّذِيـنَ مِـن قَبلِهِـم كَذَّبُـواْ بِـَٔايَٰـتِ رَبِّهِـم فَأَهلَكنَٰهُـم بِذُنُوبِهِـم وَأَغرَقنَـآ ءَالَ فِرعَـونَ وَكُلّٞ كَانُـواْ ظَٰلِمِـينَ ٥٤

خـودا ئـەم فەرمایشـتەی دووبـارە كردوەتـەوە بـۆ زیاتـر وریاكردنـەوەو عیبـرەت

وەرگرتــن بێگومــان ســزادانی خــودا یەکێکــە لــە یاســاکانی خــودا، زوو یــا درەنــگ هەمــوو کەسـێکی یاخــی و خراپــەکار دەگرێتــەوە، هەروەکــو چــۆن کاتــی خــۆی فیرعــەون و دەســت و پێوەنــدو شــوێنکەوتوەکانی گرتوەتــەوە، هەروەهــا گشــت گەلانــی خراپــکاری پێــش ئەوانیشــی گرتوەتــەوە کــە فەرمانــی پەروەردگاریــان بــە درۆ دەزانــی... ئینجــا لێــرەدا خــودا دەفەرموێــت: بەهــۆی گونــاه و خراپکاریــی خۆیانــەوە هەمــوو ئەوانەمــان لەنــاو بــرد، وە فیرعــەون و شوێنکەوتوانیشــیمان لــە دەریــای ســووردا خنکانــد... گشــت ئەمانــە ســتەمکارو بــێ بــاوەڕ بــوون.

إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ٥٥

بێگومـان خراپتریـن کـەس لەوانـەی کـە بەسـەر زەویـدا دەڕۆن، ئـەو کەسانەن کـە بـێ بـاوەڕن و سووریشــن لەســەر بــێ باوەڕیــی خۆیــان و بــاوەڕ ناهێنــن. ئــەم فەرمایشــتە حاڵــی ئــەو بــێ باوەڕانــە ڕوون دەکاتــەوە بــۆ پێغەمبــەری خوداو(صلــی اللــه علیــه وسـلم) هاوەڵەکانــی تــا ئیـتر نائومێـد بـن لـەوەی ئـەو یاخــی یانــە ئیــمان بێنــن.

ٱلَّذِينَ عَٰهَدتَّ مِنۡهُمۡ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهۡدَهُمۡ فِي كُلِّ مَرَّةٖ وَهُمۡ لَا يَتَّقُونَ ٥٦

ئــەی پێغەمبــەر !(صلــی اللــه علیــه وسـلم) ئــەو بــێ باوەڕانــە ئەوانــەن کــە پەیمانــت لەگەڵــدا دەبەســتن کــە بــە دۆســتایەتی لەگەڵتــدا بجوڵێنــەوەو، یارمەتــی بــێ باوەڕانــی مەکــە نــەدەن، کەچــی هەمــوو جارێــك پەیمانەکانــی خۆیــان دەشــکێنن و پشــت دەکەنــە پەیمانەکانیــان و، خۆیــان لەســزاو خەشــمی خــودا ناپارێــزن. وادیــارە مەبەســت لــەم ئایەتــە پیــرۆزە جولەکەکانــی دەوروپشــتی شــاری مەدینــە بێــت، بــە تایبەتــی جولەکەکانــی نــەوەی (قریظــة) کــە چەنــد جارێــك پەیمانیــان دا، کەچــی دوایــی پاشــگەز دەبوونــەوەو پەیمانەکانیــان هەڵدەوەشــاندەوەو

دوژمنایەتیی موسڵمانەکانیان دەکرد.. دەگێڕنەوە کە سەرانی ئەم جولەکانە چوونە لای بێ باوەڕانی مەککەو هانیان داون بۆ شەڕکردن لەگەڵ پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) و موسڵماناندا، وە بەڵێنیان پێداون کە یارمەتی تەواویان بدەن.
فَإِمَّا تَثۡقَفَنَّهُم فِي ٱلحَربِ فَشَرِّد بِهِم مَّن خَلفَهُم لَعَلَّهُم يَذَّكَّرُونَ ٥٧
هەر کاتێك لەگەڵ ئەوانەدا لە مەیدانی شەڕدا ڕووبەڕووبونەوە، بە چاکیی هێرشیان بکەنە سەرو کوشتاریان لێ بکەن ... بەشێوەیەکی وا کە ببێتە مایەی درووستبوونی ترس لە دڵی ئەوانەیان کە لە ڕیزەکانی پشتەوەیاندان تا پرژو بڵاوەیان پێ بکەن و یارمەتییان نەدەن و، ترس دایانبگرێت و بیربکەنەوە لەوەی کە ئەوان چییان پێ هات و، ئیتر پەند وەربگرن.
وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَومٍ خِيَانَةً فَٱنبِذ إِلَيهِم عَلَىٰ سَوَآءٍ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلخَآئِنِينَ ٥٨
ئەگەر هەستتان کرد بە خیانەتکردنی قەومێك و پەیمان هەبوو لە نێوانتانداو دەترسان هەڵبگەڕێنەوەو پەیمانەکەیان بشکێنن، وە دەستتان لێ بوەشێنن، ئەوە ئێوەیش بە ئاشکرا پەیمانەکەیان بەرەو ڕووی خۆیان بکەنەوەو پێیان بڵێن: پەیمانەکە حسابی بۆ ناکرێت، تا ئاگادار بن... ئینجا پێش ئەوەی ئەوان دەستتان لێ بوەشێنن، ئێوە پەلاماری ئەوان بدەن. بێگومان خودا ناپاکان و خیانەتکارانی خۆش ناوێت، ئەو ناپاکانەی کە بەدزی یەوە پەیمان و بەڵێنەکانیان هەڵدەوەشێننەوە.
وَلَا يَحسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَبَقُوٓاْ إِنَّهُم لَا يُعجِزُونَ ٥٩
ئەو بێ باوەڕانەی کە پەیمانی خۆیان شکاندو لەگەڵ بتپەرستانی

مەککـەدا ڕێککەوتـن، وا نەزانــن کـە لـە ئەنجامــی ئـەو ناپاکـی و کـردەوە خراپـەی خۆیـان قوتـار دەبـن... بێگومـان وەنەبێـت ئەوانـە بتوانـن خۆیـان لـە سـزای خـودا ڕزگار بکـەن و، خـودا توانـای بەسـەریاندا نەشـکێت و لـە ئاسـتیاندا دەستەوسـان بێـت... بەڵکـو غەزەبیـان لێدەگرێـت و، موسـڵمانەکان زاڵ دەکات بەسـەریانداو دەبێـت سـزای یاخـی بـوون و خراپەکاریـی خۆیـان بچێـژن.

وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ وَمِن رِّبَاطِ ٱلۡخَيۡلِ تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمۡ لَا تَعۡلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعۡلَمُهُمۡۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيۡءٖ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيۡكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تُظۡلَمُونَ ٦٠

شـەڕ کـردن حاڵەتێکـی کۆمەڵایەتـی یـە، لەبەرئـەوە بـە درێژایـی مێـژوو تـا ئەمـڕۆ چەندەهـا شـەڕی گـەورەو بچـووك لـە نێـوان دوو وڵات، یـان دوو هـۆز، یـان دوو نەتـەوەدا هەڵگیرسـاوەو، ئـەم سـەر زەوی یـە بـێ شەڕوشـۆڕ نەبـووە، ئەگـەر لەلایـەك شـەڕ کوژابێتـەوە، لەلایەکـی تـرەوە هەڵگیرسـاوەتەوە. لەبـەر ئـەوە لێـرەدا خـودا فەرمـان دەدات بەسـەر موسـڵمانەکاندا، کـە دەبێـت بەپێـی توانـا هەمـوو جـۆرە هۆکارێکـی هێـزو تفاقـی شـەڕ کـردن ئامـادە بکـەن و هەیانبێـت و، ئەسـپی شـەڕ لەسـەر سـنوورەکانی وڵاتیـان ڕابگـرن، بـۆ ئـەوەی بتوانـن بەچاکـی بەرانبـەر دوژمنانیـان بووەسـتن و، لەگەڵیانـدا ڕووبـەڕوو ببنـەوە. ئیمامـی موسـلیم دەیگێڕێتـەوە، کـە پێغەمبـەری خودا(صلـی اللـە علیـە وسـلم) کـە لەسـەر مینبـەر ئـەم ئایەتـە پیـرۆزەی خوێنـدەوە، سـێ جـار فەرمـووی الا ان القـوة الرمي واتـە: ئـاگادار بـن هێـزو توانـا بریتـی یـە لـە هاوێشـتن و تێگرتـن، جـا ئەگـەر ئـەو تێگرتنـە لـەو سـەردەمانەدا تیـرو کـەوان و مەنجەنیـق بـوو بێـت، لـە ئەمـڕۆدا گولـەو تـۆپ و بۆمبـاو موشـەك و (صـاروخ) دەگرێتـەوە، جـا چ بـە فڕۆکـەی جەنگیـی

بهاوێژرێـت یـان بـه پاپـۆڕی جەنگیـی لـە دەریـاوە بهاوێژرێـت، یاخـود هـەر لەسـەر زەوی یـەوە بتەقێنرێـت. خـودا بـە پێغەمبەر(صلـى اللـه عليـه وسـلم) و موسـڵمانان لـە هەمـوو کات و سـەردەم و شـوێنێکدا دەفەرموێـت: هەمـوو جـۆرە چـەك و هێزێـك ئامـادە بکـەن، بـۆ ئـەوەی دوژمنانـی خـوداو دوژمنانـی خۆتانـی بترسـێنن، ئـەو دوژمنانـەی کـە پێیـان دەزانـن و دەیانناسـن، هەروەهـا ئـەو دوژمنانەیـش کـە پێتـان نەزانیـون و نایـان ناسـن بـەڵام خـودا دەیـان ناسـێت.. ئـەو مـاڵ و سـامانەی کـە لـە ڕێـگای خـوادا دەیبەخشـن، جـا کـەم بێـت یاخـود زۆر بێـت، بەفیـڕۆ نـاڕوات، بەڵکـو پاداشـتەکەیتان پـێ دەدرێتـەوە، لـە ژیانـی دنیـادا سـەرکەوتوو سـەر بـەرز دەبـن و، لـە ڕۆژی دواییشـدا بـە بەهەشـتی ڕازاوەی خـودا شـاد دەبـن.

وَإِن جَنَحُـواْ لِلسَّـلۡمِ فَٱجۡنَـحۡ لَهَـا وَتَـوَكَّلۡ عَـلَى ٱللَّـهِ إِنَّـهُۥ هُـوَ ٱلسَّـمِيعُ ٱلۡعَلِيـمُ ٦١

ئـەی پێغەمبـەر !(صلـى اللـه عليـه وسـلم) ئەگـەر دوژمنانتـان مەیلـی ئاشـتی یـان کـرد، تۆیـش ڕووبکـەرە ئاشـتی و ئاشـتیت بوێـت و، پشـت بـە خـودا ببەسـتە، ئەگـەر ئەوانـە مەبەسـتیان لـەو داوای ئاشـتی کردنـە فڕوفێـڵ بێـت، بێگومـان خـودا زۆر بیسـەرو زانیـارەو، ئـاگای لـە هەمـوو نیـازەکان هەیـە.

وَإِن يُرِيـدُوٓاْ أَن يَخۡدَعُـوكَ فَـإِنَّ حَسۡـبَكَ ٱللَّـهُۚ هُـوَ ٱلَّـذِيٓ أَيَّـدَكَ بِنَصۡـرِهِۦ وَبِٱلۡمُؤۡمِنِـينَ ٦٢

خـۆ ئەگـەر بیانەوێـت بتخەڵەتێنـن و فێڵـت لـێ بکـەن ئـەوە تـۆ خـودات بەسـە، چونکـە هـەر خـودا بـوو یارمەتـی دایـت و سـەرکەوتنی پـێ بەخشـیت و، ئیماندارانـی مەدینـەی بـۆ ڕەخسـاندیت کـە بوونـە پشـتیوان و یارمەتیـدەرت.

وَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡ لَوۡ أَنفَقۡتَ مَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مَّآ أَلَّفۡتَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡ
وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيۡنَهُمۡۚ إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٦٣
خودا دڵی ئەو موسڵمانانەی بەیەکەوە بەستەوە، ئەگەر تۆ هەرچی ماڵ و سامانی دنیات هەیە خەرجت بکردایە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە دڵەکانیان ببەستیت بەیەکەوە، هەرگیز ئەو کارەت بۆ نەدەکرا، بەڵام خودا دڵیانی پەیوەند کرد بەیەکەوەو کردنی بەهۆگری یەکتری، بێگومان خودا خاوەن توانای بێ ئەندازەیەو، لە گشت کارەکانیدا خاوەن حیکمەتە. دەشێت مەبەست لەم ئایەتە پیرۆزە هەردوو هۆزی (ئەوس) و (خەزرەج) بێت، کە پێش موسڵمانبوونیان دوژمنی سەرسەختی یەکتری بوون.
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسۡبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٦٤
ئەی پێغەمبەر!(صلی اللە علیە وسلم) تۆ خودات لەگەڵەو هەر ئەویشت بەسە، هەروەها هەر خودا بەسە بۆ ئەو ئیماندارانەیش کە شوێنت کەوتوون و باوەڕیان هێناوە، ترستان لەدوژمن نەبێت، چونکە خودا یارمەتیدەرتانە. دەبێت دڵنیا بن لەوەی هەمیشە خودا یارمەتیدەری موسڵمانانە، بەمەرجێك ڕاستگۆو پابەندی ئایینەکەی خودا بن و، یەکڕیزو یەك دڵ بن، هەروەها بەپێی سەردەم و ڕۆژگار لە تفاق و کەرەستەی ڕووبەڕوونەوەو جەنگ لەگەڵ دوژمناندا بەجێ نەمێنن، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ موسڵمانانی جیهان بە هۆی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکانەوە لەو سێ شتە پێویستە دوورن، بۆیە لەوپەڕی بێ هێزیی و دواکەوتوویيدان، بە تایبەتی دەوڵەتە عەرەبی یەکان، کە لەگەڵ زۆریی ژمارەشیاندا، کەچی کەمینەیەکی جولەکە زاڵ بووە بەسەریاندا... سەرۆك وەزیرانی پێشوویان (بنیامین نەتەنیاهۆ) لەسەر کێشەیەك بەوپەڕی لووتبەرزیەوە ووتی: وا دەردەکەوێت عەرەبەکان

نازانـن بۆچـی مـن هەڵبژێـراوم بـۆ سـەرۆك وەزیـری... واتـە: منەتیـان نازانـم و هیـچ گوێیـان نادەمـێ و بـێ نرخـن لـەلام.

یَٰٓأَیُّهَا ٱلنَّبِیُّ حَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِینَ عَلَى ٱلۡقِتَالِۚ إِن یَكُن مِّنكُمۡ عِشۡرُونَ صَٰبِرُونَ یَغۡلِبُواْ مِاْئَتَیۡنِۚ وَإِن یَكُن مِّنكُم مِّاْئَةࣱ یَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفࣰا مِّنَ ٱلَّذِینَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمࣱ لَّا یَفۡقَهُونَ ٦٥

واتـە: ئـەی پێغەمبـەر! (صلـی اللـه علیـه وسـلم) موسـڵمانان هـان بـدە بـۆ شـەڕ کـردن... ئەگـەر ئێـوە بیسـت کەسـی ئـازاو شـەڕکەری خۆڕاگـرو کۆڵنەدەرتـان تیـا بێـت بەسـەر دووصـەد شـەڕکەری دوژمنـدا زاڵ دەبـن. خـۆ ئەگـەر صـەد کەسـی لـەو چەشـنەتان هەبێـت، ئـەوا بەسـەر هـەزار کەسـی ئەوانـدا سـەردەکەون و تێکیـان دەشـکێنن، چونکـە ئـەوان تێناگـەن کـە شـەڕ کـردن لەڕێـگای خـوادا دەبێتـە هـۆی سـەرکەوتن ، هەروەهـا لـەو ڕاسـتی یـەش تێناگـەن کـە ئێـوە کاتێـك شـەڕ دەکـەن یەکێـك لـەم دوو مەبەسـتەتان هەیـە، کـە هەردووکیـان مایـەی ئازایەتـی و چاونەترسـی و بوێریـن بـۆ ئادەمیـزاد: یەکێکیـان لـە دنیادایـە کـە سـەرکەوتن و سـەربەرزی یـە، دووەمیشـیان گەیشـتنە بەشـەهیدیی و ڕەزامەندیـی خـوداو چوونـە بەهەشـتی بەرینـە.

ٱلۡـَٰٔنَ خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمۡ وَعَلِمَ أَنَّ فِیكُمۡ ضَعۡفࣰاۚ فَإِن یَكُن مِّنكُم مِّاْئَةࣱ صَابِرَةࣱ یَغۡلِبُواْ مِاْئَتَیۡنِۚ وَإِن یَكُن مِّنكُمۡ أَلۡفࣱ یَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفَیۡنِ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِینَ ٦٦

موسـڵمانەکان لـە غـەزای بـەدردا ژمارەیـان کـەم بـوو، وە هەمووشـیان ئامـادەی شـەڕبوون و، چـەك و زەخیـرەی کەمیـان پـێ بـوو، بۆیـە فەرمایشـت لێـرەدا دەفەرموێـت: ئێسـتا خـودا بارتانـی سـوك کـرد، چونکـە زانـی کـە کەسـی بـێ هێـزو لاوازتـان تێدایـە، ئەگـەر ئێـوە صـەد کەسـی ئـازاو خۆڕاگرتـان بەرامبـەر

دوژمـن هەبێـت، ئـەوە دووصـەد کـەس لەوانـە تێکدەشـکێنن. ئەگـەر هـەزار کەسـی وایشـتان تێـدا بێـت. ئـەوە بـە یارمەتـی خـودا بەسـەر دووهـەزاری ئەوانـدا سـەردەکەون.. یارمەتـی خـودا بـۆ ئـەو کەسـانەیە کـە لەشـەڕدا خۆڕاگـرن و بەرامبـەر دوژمـن وەك پـۆڵا ڕادەوەسـتن و کـۆڵ نـادەن. لـەم دوو ئایەتـە پیـرۆزەدا ئـەوە دەفەرموێـت: کـە موسـڵمانانی ڕاسـتەقینە لـە کاتـی بەهێزییانـدا (یـەك) بـە (دە) کەسـن، لەکاتـی بـێ هێزیشـیاندا (یـەك) بـە (دوو) کەسـن. ئەمەیـش ڕاسـتیەکەو مێـژوو سـەلماندویەتی و، لـە هەمـوو شـەڕێکدا کـە موسـڵمانەکان سـەرکەوتوون، ژمارەیـان گەلێـك کەمـتر بـووە لـە ژمـارەی لەشـکری دوژمنیـان، کەچـی هـەر خـودا سـەرکەوتنی پـێ بەخشـیوون.

مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٦٧

لەشـەڕی بـەدردا هەندێـك لـە موسـڵمانەکان هەوڵیـان دەدا بـێ بـاوەڕان بەدیـل بگـرن، بـۆ ئـەوەی دوایـی کەسـوکاریان بـە پـارە بیانکڕنـەوە، جـا بەهـۆی ئـەوەوە بـە جـددی هەوڵـی کوشـتنی بـێ باوەڕانیـان نـەدەداو زیاتـر هەوڵیـان بـۆ ئـەوە دەخسـتە کار بەدیـل بیانگـرن. خودایـش لـەم بـارەوە دەفەرموێـت: هیـچ پێغەمبەرێـك بـۆی نەبـووە دوژمـن بەدیـل بگرێـت، تـا زۆر بـە تونـدی هێرشـیان نەکردبێتـە سـەر دوژمـن و زۆریـان لـێ نەکوشـتبێتن... ئایـا ئـەی موسـڵمانینە! ئێـوە ماڵـی دنیایـی هیـچ و پووچتـان دەوێـت؟! لـە کاتێکـدا خـودا خۆشـی و کامەرانـی ڕۆژی دوایـی بـۆ ئێـوە دەوێـت. خـودا خـاوەن توانـاو دەسـەڵاتدارەو هیـچ کەسـێك ناتوانێـت بەرامبـەر فەرمانـی بوەسـتێتەوە، خـودا خـاوەن مەبەسـتە لـە هەمـوو کاروبارێکیـداو حەکیـم و کار جوانـە، هەمیشـە بەرزیـی و دەسـەڵاتی بـۆ ئیمانـداران دەوێـت. هەرچەنـدە ئـەم

فەرمایشــتە لێــرەدا ئاڕاســتەی پێغەمبــەر کــراوە (صلــی اللــە علیــە وســلم) چونکــە ئــەو فەرمانــدەی شــەڕ بــوو، بــەڵام مەبەســتی ئــەو موســڵمانانەیە کــە هەوڵیــان دەدا بــێ بــاوەڕان بەدیــل بگــرن... وەك چــۆن ئێمــە هەمــوو شــکان و ســەرکەوتنێك دەدەینــە پــاڵ فەرمانــدەی شــەڕەکە بــۆ نموونــە دەڵێــن: فــڵان ســەرۆك لــە شــەڕەکەدا ســەرکەوت یاخــود تێکشــکا، خــۆ بێگومــان ئێمــە مەبەســتمان خــودی ســەرۆکەکە نیــە بــە تەنهــا، بەڵکــو مەبەســتمان هێــزو لە شــکرە کە یە تی .

**لَّوۡلَا كِتَٰبٞ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمۡ فِيمَآ أَخَذۡتُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ٦٨**

ئــەی موســڵمانینە! کــە ئەمــە کردەوەتــان بــوو، ئەگــەر تەقدیــری خــودا لــە عیلمــی ئەزەلــی خۆیــدا وانەبوایــە کــە لــە هەمــوو گوناهێکتــان خــۆش ببێــت، بەهــۆی ئــەو کارەتانــەوە دووچــاری ســزایەکی گــەورە دەهاتــن. هەندێــك لــە تەفسیرنووســان دەڵێــن: ئــەم عیتــاب و گازاندەیــە ڕوو لــە پێغەمبــەرە (صلــی اللــە علیــە وســلم) چونکــە دوای تەواوبوونــی شــەڕەکە فەرمانــی نــەدا بــە کوشــتنی ئــەو دیلانــەی کــە لــە شــەڕەکەدا گیــرا بــوون ، بــەڵام لــە ڕاســتیدا وانیــەو، هیــچ عیتابێکــی بــۆ پێغەمبــەر تێــدا نیــە، بەڵکــو گازاندەکــە لــە موســڵمانەکانە، چونکــە دیــل ناکوژرێــت، مەگــەر دیلێــك نەبێــت کــە پێشــتر تاوانــی زۆری زۆری ئەنجــام دابێــت و شــایانی کوشــتن بێــت، بەڵگەیــش ئەوەیــە کــە ئایەتەکــە ئاڕاســتەی موســڵمانەکان کــراوە، نــەك پێغەمبــەری خــودا (صلــی اللــە علیــە وســلم).

**فَكُلُواْ مِمَّا غَنِمۡتُمۡ حَلَٰلٗا طَيِّبٗاۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٦٩**

ئــەی موســڵمانینە! لــەو دەســتکەوتانەی کــە لــە جەنگــدا دەســتانکەوت و بــە حەڵاڵــی و بەخۆشــی بیانخــۆن، وە خۆتــان بپارێــزن لــە خەشــمی خــوداو پارێــزکار بــن و، شــتێك مەکــەن خــودا ڕێگــای پــێ نــەدا بێــت... بێگومــان خــودا

لێخۆشبووەو خاوەن بەزەییەکی فراوانە.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّمَن فِيٓ أَيۡدِيكُم مِّنَ ٱلۡأَسۡرَىٰٓ إِن يَعۡلَمِ ٱللَّهُ فِي قُلُوبِكُمۡ خَيۡرٗا يُؤۡتِكُمۡ خَيۡرٗا مِّمَّآ أُخِذَ مِنكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٧٠

واتە ئەی پێغەمبەر!(صلی اللە علیە وسلم) بەو دیلانەی کە لە ژێر دەستاندان بڵێ: ئەگەر دەربکەوێت ئەوەی لە ناو دڵتاندایە خێرو چاکەیەو، باوەڕ بە ئایینی خودا دێنن، ئەوە خودا لەوەی کە لێتان وەرگیراوە لە ماڵ و سامان شتی زۆر زیاترتان دەداتێ و، لە گوناهەکانی پێشووتان خۆش دەبێت... خودا لێبوردەیەو خۆش دەبێت وە زۆر بە بەزەیی و میهرەبانە.

وَإِن يُرِيدُواْ خِيَانَتَكَ فَقَدۡ خَانُواْ ٱللَّهَ مِن قَبۡلُ فَأَمۡكَنَ مِنۡهُمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ٧١

هەندێك لەو دیلانەی لە شەڕی بەدردا گیرابوون، وایان پیشاندا کە حەزیان لە ئایینی ئیسلامەو، بەڵێنیان دا جارێکی تر نەیەنەوە بۆ شەڕ لەگەڵ موسڵمانەکاندا، جا لەم بارەیەوە خودا ڕووی فەرمایشتی دەکاتە پێغەمبەری خودا (صلی اللە علیە وسلم) دەفەرموێت: ئەگەر ئەوانە بیانەوێت ناپاکیت لەگەڵ بکەن و، جارێکی تر دەست بکەنەوە بە تاوانکاریی و شەڕ لەگەڵ موسڵماناندا، وەنەبێت ئەوە شتێکی سەیرو لەوانەوە دوور بێت، چونکە هەر ئەوان بوون پێشتریش خیانەت و ناپاکییان لەگەڵ خوادا کردووە بەوەی هاوەڵ و وێنەیان بۆ داناوە... وە لە جیاتی ئەو بتیان پەرستوەو باوەڕیان بە قورئان نەهێناوە کە بۆمان ناردوویتە خوارەوە، بۆیە خودا ئێوەی بەسەریاندا زاڵ کرد، ئەوەبوو هەندێکتان کوشتن و هەندێکیشتان بەدیل گرتن. خودا زانیارو ئاگادارەو داناو کار بەجێیەو خۆی دەزانێت چی دەکات.

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَيۡءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْۚ وَإِنِ ٱسۡتَنصَرُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيۡكُمُ ٱلنَّصۡرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٧٢

بێگومـان ئـەو کەسانەی کـە ئیمانیـان هێنـاوەو کۆچیـان کـردووە بـۆ مەدینـە، وە لەڕێـگای خـوادا بەمـاڵ و بەگیـان دەسـتیان کـردوە بـە غـەزا، ئـەو موسـڵمانانەی مەدینـە کـە داڵـدەی پێغەمبەر(صلـی اللـە علیـە وسـلم) و موسـڵمانە کۆچـەری یەکانیـان داوەو بەهەمـوو جۆرێـك یارمەتیانـداون، ئەوانـە پشـتیوان و خۆشەویسـتی یەکتریـن و، هەمیشـە یارمەتـی یەکتری دەدەن، بـەڵام ئەوانـەی کـە ئیمانیـان هێنـاوە، بـەڵام کۆچیـان نەکـردووەو هـەر لـە جێـگای خۆیانـداو ماونەتـەوە، ئـەوە هەقتـان نەبێـت بەسـەر پشـتیوانی کـردن و یارمەتـی دانیانـەوە تـا کـۆچ دەکـەن و، دەبنـە هێـز بۆتـان، بـەڵام ئەگـەر لەبـەر ئیـمان و بیروباوەڕەکەیـان داوای یارمەتییـان لـێ کـردن، پێویسـتە بچـن بـە هانایانـەوەو یارمەتیـان بـدەن، وەك ئـەوەی هۆزێکـی بـێ بـاوەڕ لەبـەر موسـڵمانێتی یـان بـدەن بەسـەریانداو بیانەوێـت تووشـی ئـازارو نارەحەتیـان بکـەن، بـەڵام ئـەم یارمەتیدانەتـان دەبێـت بـەو مەرجـە بێـت کـە ئێـوە پەیمانـی شـەڕ نەکردنتـان لەگـەڵ ئـەو هـۆزو کۆمەڵـە بـێ بـاوەڕەدا نەبێـت، خـۆ ئەگـەر پەیـمان هەبـوو لـە نێوانتانـدا، ئـەوە نابێـت بچـن بەهانـای ئـەو موسـڵمانانەوە، چونکـە نابێـت پەیمانشـکێنی بکـەن! خودایـش ئـاگادارە بـەوەی دەیکـەن و، هیچـی لـێ بـزر نابێـت، دەبێـت لـەو سـنوورە نەترازێـن کـە دیـاری دەکات بۆتـان و، ملکەچـی گشـت فەرمـان و بڕیارەکانـی بـن.

وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٍۚ إِلَّا تَفۡعَلُوهُ تَكُن فِتۡنَةٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَفَسَادٞ كَبِيرٞ ٧٣

ئەوانـەی کافـرن و ڕێـگای بـێ باوەڕییـان گرتوەتـە بـەر، هەندێکیـان پشـتیوانی هەندێکـی تریانـن و لـە دوژمنایەتـی کـردن لەگـەڵ ئێـوەدا یارمەتـی یەکـتر دەدەن. جـا ئـەوەی کـە لـە ئایەتـی پێشـوودا بـاس کـرا پێویسـت کـرا لەسـەرتان سـەبارەت بـە یەکگرتـن و یارمەتیدانـی موسـڵمانان، ئەگـەر هەڵنەسـتن بـەو ئەرکـە پیـرۆزەو کەمتەرخەمیـی تیـادا بکـەن ئـەوە لەسـەر زەویـدا ئاشـووب و ناخۆشـی و بـەڵای گـەورە پەیـدا دەبێـت و دووچـار دەبـن، چونکـە بـێ بـاوەڕان ـکـە پشـتیوانی یەکـترنـ یـەك دەگـرن و، ئـەو کاتـەش بەسـەرتاندا زاڵ دەبـن.

وَٱلَّذِيـنَ ءَامَنُـواْ وَهَاجَـرُواْ وَجَٰهَـدُواْ فِي سَـبِيلِ ٱللَّـهِ وَٱلَّذِيـنَ ءَاوَواْ وَّنَـصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِـكَ هُـمُ ٱلْمُؤْمِنُـونَ حَقًّـا ۚ لَّهُـم مَّغْفِـرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيـمٌ ٧٤

خـودای بـەرزی بـێ وێنـە لێـرەدا مەدحـی ئـەو ئیماندارانـە دەکات کـە لـە ئایەتـی پێشـووتردا باسـی کـردن، دەفەرموێـت: ئەوانـەی ئیمانیـان هێنـاو کۆچیـان کـردو لەگـەڵ ئێـوەدا دەسـتیانکرد بـە غەزاکـردن لـە پێنـاوی خـوادا، هەروەهـا ئـەو ئیماندارانەیـش کـە داڵـدەی پێغەمبەر(صلـی اللـە علیـە وسـلم) و کۆچـەری یـە مەککەیەکانیـان داو پشـتیوانیان لـێ کـردن، هەمـوو ئەوانـە ئیمانـداری تـەواوو ڕاسـتەقینەن، بـۆ ئەوانـە هەیـە لێخۆشـبوونی خـوداو بەهەشـتی پـڕ نـازو نیعمـەت و ڕزق و ڕۆزی بەڕێـز.

وَٱلَّذِيـنَ ءَامَنُـواْ مِـن بَعۡـدُ وَهَاجَـرُواْ وَجَٰهَـدُواْ مَعَكُـمۡ فَأُوْلَٰٓئِـكَ مِنكُـمۡ ۚ وَأُوْلُـواْ ٱلۡأَرۡحَـامِ بَعۡضُهُـمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡـضٖ فِي كِتَٰـبِ ٱللَّـهِ ۗ إِنَّ ٱللَّـهَ بِـكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيـمُۢ ٧٥

ئەوانـەی دوایـی باوەڕیـان هێنـاو کۆچیـان کـرد بـۆ لای ئێـوەو لەگـەڵ ئێـوەدا بەشـداریی جیهادیـان کـرد، ئەوانـە لەگـەڵ ئێـوەن و پشـتیوانی یەکـترن... ئەمانـە کۆمەڵـەی چوارەمـن لـە موسـڵمانەکانی ئـەو سـەردەمە. وأولـوا الارحـام.... ئینجـا ئـەم سـوورەتە بـەم فەرمایشـتە پیـرۆزە کۆتایـی

پـێ دێـت: واتـه: خزمـان و خۆێشـان _لەبـارەی میـرات و وەسـیەت و چاکـە کـردن لەگەڵیانـدا_ هەندێکیـان لـە هەندێکـی تریـان لـە پێشـترو نزیکـترن، هەروەکـو لـە فەرمایشـتی خـوادا ئـەوە دیاریکـراوە، بێگومـان خـودا ئـاگادارە لـە هەمـوو شـتێك و هەرچـی چاکەیـە، خـودا هـەر فەرمـان بـەوە دەدات. بەفەرمانـی خـودا، پێغەمبـەری خـودا (صلـی اللـه علیـه وسـلم) برایەتـی یەکـی نموونەیـی خسـتە نێـوان ئیمانداران کۆچکـردو لەمەککـەوە لەگـەڵ ئیماندارانـی مەدینـە، کـە تەنانـەت لـە مـاڵ و سامانیشـدا شـەریك بـن و، گـەر یەکێکیـان مـرد، ئـەوی تریـان میراتەکـەی وەربگرێـت بـۆ خـۆی.. ئـەم برایەتـی یـە ناوازەیـە بـەو شـێوەیە بـۆ کاتێکـی تایبەتیـی بـوو، بۆیـە بـە غـەزای بـەدر ئـەو جـۆرە میـرات بردنـە کۆتایـی پـێ هـات. ئینجـا خـودا دەفەرموێـت: برایەتـی موسـڵمانانی خزمـی یەکـتری لـەم ڕووەوە لـە برایەتـی موسـڵمانانی بێگانـە لەپێـش تـرەو، ئـەو خزمانـە میـرات لـە یەکـتری دەبـەن، بەپێـی نزیکـی و دووریـی خزمایەتیەکەیـان.

لـە کۆتایـی پوختـەی تەفسـیری سـورەتی ئەنفالـدا دەگەیـەن بـەو دەرەنجامـەی کـە کـۆی سـورەتەکە بـاس لـە نێـوان شـەڕو کێشـەی دوو کۆمـەڵ دەکات کـە یەکێکیـان لێبڕانانـە بـۆ خـوای گـەورەو ئـەوی تریـان بـە پێچەوانـەوە، وە سـورەتەکە وردەکاری ئـەو دەسـتکەوتانەی کـە لـە شـەڕدا دەسـت دەکەوێـت چـۆن مامەڵـەی پێـوە بکرێـت و بـۆ سـودی گشـتی بەکار بهێنرێـت، بەپێچەوانـەی جەنگـە نـا ئیسـلامیەکان کـە زۆرجـار دەسـت لـە مـاڵ و موڵکـی تایبەتـی خەڵکـی شـەڕنەکەریش ناپارێـزن و هەرکـەس هەرچـێ دەسـتکەوت بـۆ سـودی تایبەتـی خـۆی بـەکاری دەهێنێـت، هەتـا زۆرجـار کوشـتاری بەناهـەق لەبـەر دەسـتکەوتی مـادی کـراوە، بـەڵام لـە ئیسـلامدا

تەنهـا ئـەو شـتانە دەسـتی بەسـەردا دەگیرێـت کـە هـی هێـزی شـەڕکەرن و بـۆ ئـەوە ئامادەکـراوە هێـزی ئیسـلامی پـێ لاواز بکرێـت، ئـەوە دابەشـکردنی ئـەو شـتانەش بـۆ سـودی و گشـتی و وەك دیـن چەسـپاوە.
ئـەوەی سـەدام بەنـاوی ئەنفالـەوە کـردی ئەگـەر هەڵوێسـتەیەکی خێراشـی لەسـەر بکەیـن خەڵکەکـە هیچـی شـەڕکەر نەبـووەو لەماڵـی خۆیـدا بـووە، بەنـاوی جیـاوازو فێڵـەوە دەسـتیان بەسـەرداگیراوەو زینـدە بەچـاك کـراون و سـوکایەتیان پێکـراوەو فـرۆشراون، هـەروەك ئاماژەشـمان پێـداوە ئـەم کارە لـە سـتەمەکانی جاهیلیـەت و پێـش ئیسـلامەوە نزیکـەو لێکچـووە لەگـەڵ کارەکانـی ئەوانـدا کـە زینـدە بەچـاڵ کـردن بـوو، بـەڵام بـە هاتنـی ئیسـلام ئـەو کەلتـورەی بـە دیـن ڕێگـری لێکـرا.

## بێدەنگی گەلان لەسەر ئەو کارانە بۆ؟

وڵاتانی زلهێزی دونیای هەڵوێستەکانیان لەسەر بەرژەوەندیەکانیان وەستاوە! جاری وا هەیە بێدەنگی ئەوان لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیان و گەلانێکی تریشدا یەك دەگرێتەوە، ئەو گەلانەی کە بێدەنگی بۆ ماوەیەکی کاتی وڵاتانی زلهێز یەکیگرتووەتەوە نابێت مایەی خۆشحاڵیان بێت و زۆرجار مێژوو بێدەنگیەکان پێچەوانە دەکاتەوە، بێدەنگی نەبوون زیاتر گرنکی لە کاتێکدایە دەستەڵاتی لەگەڵدا بێت و بتوانێت ڕێگر بێت لە ئاست ئەو ستەمانەی کە دەکرێت، هەروەك چۆن هەندێکجاریش بێدەنگی مایەی ڕازی بوون نی یەو لە بێدەستەڵاتیدایە! دەبێت بڕوامان بەوەش هەبێت مەرج نی یە ئەوەی ئێمە بە بێدەنگی دەزانین بێدەنگ بوو بێت چونکە زۆرجار بێدەنگی لەگەڵ نەبوونی دەستەڵاتدا ئاسان دەرناکەوێت.

بێدەنگی دەبێت پۆلێن بکرێن و لەبەرچاو بگیرێن:

یەکەم: ئەو وڵاتانەی کە بێدەنگیان کاریگەری هەبووە لەسەر درێژەدان بە کۆمەڵکوژی.

دووهەم: ئەو وڵاتانەی کە بێدەنگیان کاریگەری هەبووە لەسەر شەرعیەتی کۆمەڵکوژی.

سێهەم: ئەو وڵاتانەی کە لە بێ دەستەڵاتیدا بێدەنگیان هەڵبژاردووە.

بەڕاشکاوی دەتوانین ئەوە بڵێین ئەمەریکاو ئەوروپا بە درێژای مێژووی کوردی وەك گەلێکی پەراوێزخراو سەیری کردووەو هەرچی دەرفەتی مێژووی هاتبێتە پێشەوە مافی گەلانی تری بەسەر کورددا داوە.

ئەگەر یەك تۆز هەڵوێستە لەو تاوانانەی سەدام بکەین و لە ڕووی مێژووی

و پلەبەندیـەوە ئـەوا دەبینیـن ئەنفـال و کیمیـاوی بـاران کرایـن ئەوسـا دوای هەمـوو ئـەو تاوانانـە سـەدام دەسـتی بـۆ کۆیـت درێژکـردوو لێیـدا، دەبینیـن ڕاسـتەوخۆو بەبـێ دواکەوتـن ئەمەریـکاو بەریتانیـا لەگـەڵ هاوپەیمانەکانیـان نەوەسـتان و بـە پەلـە هێرشـی سـەربازیان کـردە سـەر عێـراق! ئالێـرەدا ئـەم هێرشـە بەرژەوەنـدی ئێمەشـی تێکـەوت بـەوەی هەندێـك لـەو خاکـە داگیرکراوانەمـان کەوتـەوە دەسـت، کێشـەی سـەرکردایەتی کـوردو هەتـا زۆرێکیـش لـە هاوڵاتیانـی ئەوەیـە وەك خـۆی لـە ڕووداوەکان نارِوانـن، ڕاسـتە لێـرەدا هێرشـەکانی ئەمەریـکا بە سـودی کـورد شـکایەوە بەڵام ئەگـەر بە وردی دیقەتـی بدەیـن ئێمـەی کـورد بوویـن بـە پاڵپشـتی ئەمەریکا بـۆ چەسپاندنی ئـەو ئامانجـەی کـە خـۆی دەیەوێـت، ئیـتر لەوەگـەڕێ ئەمـڕۆ سـودی بـۆ کـورد تێـدا بـووە بـەڵام لـە بنەڕەتـدا لەبـەر کـورد نەبـووە، ئەگـەر لەبەرکـورد بوایـە دەبوایـە پێشـتر ئـەو هێرشـانە بکرایـە نـەك لـە کاتـی لێدانـی کۆیتـدا، بـە واتایەکـی تـر دیسـان بیلێیینـەوە ئـەو شـەڕە لەبـەر خاتـری عەرەبـی کۆیتـی بـوو نـەك کـوردی باشـوور. لەگـەڵ هاتنـە کایـەی ئـەو جەنگـەو ڕزگاربوونـەوەی هەندێـك لـە خاکـی کـورد تـا ئێسـتەش بەڵگەیەکـی نـووسراوی ئاشـکرا نـی یـە لەسـەر ئەوەیـە ئـەم خاکـە کـە ئێسـتە کـوردی لەسـەر دەژی و سـەرکردایەتی دەکات پارێزراوبێـت، خەڵکـی هـەر چـاوی لـە مـادەی ١٤٠ و ناوچـە دابڕاوەکانـە لـە کاتێکـدا ئـەوەی تریـش کـە هەیـە هیـچ گەرەنتیـەك نـی یـە بـۆ لەدەسـت دانـەوەی جارێکـی تـر(وەك بینیـمان دوای ڕینفرانـدۆم لەدەسـتیش درایـەوە) ئـەم کتێبـە پێـش ڕینفرانـدۆم نـوسراوەو ئـەو دەقـە لەسـەر مـادەی ١٤٠ وتـووە کـە گەرەنتـی نـی یـە، وەك بینیشـمان کـە چ ڕوویـدا.

سـەرکردایەتی کـورد هەمـوو هـاوزۆزی و هاوخەمـی و هاوهەڵوێسـتی خـۆی بـۆ ئەمەریـکاو هاوپەیمانەکانـی دەربڕیـووە بـەڵام لەبەرانبـەر ئـەوەدا کارێکـی

بەڵگـەدارو بڕواپێکـراو تـا ئێسـتە لـەم نێوەنـدەدا بوونـی نـی یـە.
ئێستە دەبینین دوو شەڕی سەخت لە جیهاندا هەیە ئەوانیش:
١- ئۆکرانیا
٢- عێراق و سوریا
ئەگـەر ئێمـە ئـەم دوو شـەڕە بـە نموونـەی واقعـی و بەراوردکارانـە وەرگریـن چاکـتر نزیکـمان دەکاتـەوە لـە تێگەشـتن لـە بابەتەکـەو سـود وەرگرتـن لـەو واقعبینیـەی کـە ئێسـتە بوونـی هەیـەو قەیرانێکـی جیهانـی گەورەشـە.
هەرچـی کێشـە لـە وڵاتانـی جیهانـدا ڕوودەدات ڕاسـتەوخۆی ئەمەریـکاو هاوپەیمانەکانـی و چاودێریـان لەسـەری هەیـەو بەپێـی بەرژەوەندیەکانـی خۆیـان بـەژداری تێـدا دەکـەن، ناکرێـت گەلێـك قـڕان بکرێـت و ئـەوان چـاوی خۆیانـی لـێ بنوقێنـن، لـەوەش خراپـتر یارمەتـی دەری سـتەمکارەکەش بـن بـا بەرژەوەنـدی لەگـەڵ خۆیانـدا هەبێـت.
ئەگـەر لـە شـەرقدا بیانـوی نەبوونـی تەکنەلۆژیـاو تیڤـی و ڕاگەیاندنـی گشـتی هەبـوو بێـت لای ئـەوان پێچەوانەکـەی ڕاسـتە، جگـە لـەوەی کـە عێـراق وڵاتێکـی لەبیرنەکـراو نەبـووەو پێشـتر ئـەوان لێـی بێئـاگا بـوو بێـتن، مێـژووی داگیـرکاری یـان ڕزگاری هەرناوێکـی لـێ دەنرێـت ئـەوە تـا ڕادەیـەك کێشـە نـی یـە بـەڵام گوێپێنەدانـی گەلێـك کـە بـە سـتەم دەخرێتـە ژێرخۆڵـەوە قاتوقـڕ دەکرێـت و پاکتـاوی هەمـە چەشـنی بەسـەردا دەدەن چەنـد ئێشـی سـەخت بێـت لـە ڕووە فیزیکیەکـەوە ئـەوا لـە ڕووی دەرونیشـەوە ئازارەکـەی چەنـد بەرانبـەرە، هەربۆیـە هەرچـۆن لێـك بدرێتـەوە ناتوانرێـت ئـەو ڕاسـتیە بشـاردرێتەوە کـە لەگـەڵ سـەدام حسـێن دا ئەوروپـاو ئەمەریـکاو وڵاتانـی زلهێـزی ناتـۆو نەتەوەیەکگرتـووەکان بـەژداری مەعنـەوی و شـەرعیەتدان بـووە بـەو کارە.

ئێستە گەرچی لە بەرژەوەندی کورد دایە شەڕی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا (داعش) بەڵام ئەم شەڕە ناتۆو چەندەها وڵاتی تر تێیدا بەژدارن، واتە بەهۆی ئەم شەڕەوە نەك چەند پارێزگایەکی کورد لەژێر مەترسیدایە بەڵکو زۆرینەی وڵاتانی سەرزەوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە مەترسی لەسەر خۆیانی دەبینن، واتە ئەگەر لێکدانەوەی جۆر بەجۆری بۆ بکەین ئەوا کورد زیاتر یارمەتی دەری ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیەتی کە خاڵکی کوردستان و پێشمەرگەو هەموو تواناکانی کورد دژی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لەکاردایە کەچی تا ئێستەش هێرشی زەمینیان نەکردووە، لە کاتێکدا بۆ کۆیت لە ڕێگەی کەنداوەوە هێرشی زەمینی و ئاسمانی کرد!

ئەوە دەستەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەبینرێت دەستێکی بەرژەوەندی و بەگژدانەوەی یەکترو کێشەی ناوخۆییە تا ئەوەندەی دەستێکی مرۆڤایەتی و سۆزی ڕاستەقینە بێت، ئەوەتا وڵاتێکی وەك سعودیە کە خاوەنی هێزێکی گەورەو ئابووری و چەکداریە لە جیهاندا لە گشت ئەو شەڕانەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە بەژداری پێ دەکات و خۆی عەرەبە عەرەبی پێ دەکوژێت، خۆی مسوڵمانە مسوڵمانی پێ دەکوژێت بەڵام لە شەڕێکی وەك ئۆکرانیادا نابینین ئەم هێزە هاوپەیمانیە عەرەبیانە بتوانن بە فیشەکێك، سەربازێك هەتا بە قسەش بەژداری لەو شەڕەدا بکەن، لە کاتێکدا کێشەی ئۆکرانیا یەکێکە لەو کێشە قوڵ و سەختانەی کە شایستەی ئەوەیە هەموو دەستێکی هاوکاری بۆ درێژبکرێت بە بڕوای من کە خۆم لەم چەند ساڵەشدا چەندین سەردانی ئۆکرانیام کردووە، ئەو گەلە لەبرساو لە سەرماو بەدەست شەڕەوە دەبینین لەنێوان ئەمەریکاو ڕووسیادا کراون بە بەرد ئاش و دەهەڕدرێن. بە ڕاشکاوی دەتوانین ئەوە

بڵێیـن و وە بەشـاهیدی مێـژووش هەمـوو وڵاتانـی زلهێـزی جیهانـی تەنهـا لـە کاتێکـدا هـاوکاری کـورد بـوون کـە هاوتابووبێـت لەگـەڵ بەرژەوەندیەکـی خۆیانـدا! ئـەوەش تـا ڕادەیـەك گـەر ئاسـایی بێـت بـەڵام ئـەوەی نـا ئاسـاییە لەگـەڵ بەرژەوەنـدی ئەوانـدا بەرژەوەندیـە کوردیـەکان پارێـزراو نەبـووە، متمانەیەکـی وا دروسـت نەبـووە کـە ئـەوەی هەیە کێشـەی بڕابێتـەوە، چەندین جـار بـە درێـژای مێـژووی خاکـی کوردسـتان ڕزگارکـراوەو داگیرکراوەتـەوە بـە پێـی بەرژەوەنـدی گـەلان، هەتـا ئـەو بەرژەوەندیـە زۆرجـار وڵاتانی دراوسێشـی گرتووەتـەوە بـۆ نموونـە ئێـران و تورکیـا خاکـی کوردسـتانی باشـوور وەك وڵاتـی خۆیـان مامەڵـەی پێـوە دەکـەن و لـە ڕووی ئابووریـەوە هیـچ وڵاتیـك بەقـەدەر ئـەوان سـودمەند نەبـوون لێـی، لـە ڕووی سەربازیشـەوە هـەرکات بیانەوێـت بـەکاری دەهێنـن بـۆ کێشـەی مەزهەبـی خۆیـان، وەك ئێسـتە چەندیـن هێزیـان لـە خاکـی کوردسـتاندا دژی دەوڵەتـی ئیسـلامی (داعـش) دەجەنگێن و زۆرجـار هەتـا لـە زمانـی پێشـمەرگەوە کـە خۆیـان مامەڵەیـان لەگـەڵ کـردوون لـە دەوڵەتـی ئیسـلامی (داعـش) بـە مەترسـیدارتریان دەزانـن، ئەگـەر تورکیـاو ئێـران پارێـزەری خاکـی کوردسـتانن و لەپێنـاو بەرژەوەندیەکانـی کـورددا دەجەنگـن ئـەوا دەتوانـن بەبـێ جەنـگ ئـەو خاکـەی کوردسـتان کـە داگیریـان کـردووە بگەڕێننـەوە بـۆ کـوردەکان، بـەڵام هەمـوو ئـەم هاوپەیمانیەتیانـە هاوسـۆزیەکی عاتیفـی کاتیـە بـە نسـبەت کـوردەوە، ناتوانرێـت ئـەوە لەبیـر بکرێـت هـەر چەنـد سـاڵ پێـش ئێسـتە ئیـران و تورکیـا سـنورەکانی هەرێمـی کوردسـتانیان تۆپبـاران دەکـردو چەندیـن قوربانـی لێکەوتـەوە، هەتـا ئـاژەڵ و بەسـتەزمانەکانیش لـە دەسـتیان سـەلامەت نەبـوون.

هێـزە جیاوازەکانـی پەکەکە، لەژێـر نـاوی یەپەگـە، یەپـەژە، یان هەر ڕاسـتەوخۆ گەریلاکان کـە بـەژداری شـەڕی دەوڵەتـی ئیسـلامی (داعـش) دەکـەن ئێـران

و تورکیاش لەم شەڕەدا هاوشانیانن ئیتر ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێران و تورکیا یارمەتی دەری کوردن گەرچی ئەم هاوشانیەش لەبەرژەوەندی کورد بێت بەڵام لەولاوە زیاتر لە بەرژەوەندی ئەوان دایە، کورد لە مێژە وتوویەتی دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە، بەڵام لە بنەڕەدا دوژمنە نەك دۆست و کەوتنەوە ژێر کاریگەری کاتی و عاتفیەوە، ئەوەتا ئەوان هەتا لەم کاتەشدا کە دۆخێکی شەڕوپێکدادانی قورسەو ئامانجی هەردوولاشە هەریەکە ناتوانن دوژمنایەتی خۆیان بشارنەوەو زۆرجار دەبینین دژی هێزەکانی پەکەکە لێدوان دەدەن و ناکۆکیان لە چۆنیەتی بەرەکانی شەڕدا.
ئەگەر بێت و تێڕوانینی ئیسلام بە وردبوونەوە لە دەقە قورئانی و شەرعیە جێگیرەکان وەرگرین لەمەڕ بێدەنگی یان یارمەتی خراپە ئەوا دەقەکان لە ژماردندا نایەن، هەربۆیە دەبینین لە شەرعدا تەنەزولکراوە هەتا لە عیبادەتەکاندا لە پێناو پاراستنی مرۆڤەکاندا، ئەگەر ئەو پاراستنە بە کەمتەرخەمی لە دەربڕینی وشەیەکیشدا بێت یان بێدەنگی بێت ئەوا بەژدار دەبێت لەو تاوانەدا، تەنها کەسانێك تاوانبار نابن کە هیچ دەستەڵاتێکیان نەبووەو بەناچاری بێدەنگیان هەڵبژاردووە کە ئەویش نزیمترین پلەی ئیمانەو هەموو ئەمانە بەدەق لە شەریعەدا سەلمێنراوە.
{ولا تحسبن الله غافلا عما يعمل الظالمون إنما يؤخرهم ليوم تشخص فيه الأبصار مهطعين مقنعي رؤوسهم} ابراهيم ٤٢
واتە وا گومان نەبەیت کەخوای گەورە بێ ئاگایە لەو زوڵم و ستەمەی کە دەکرێت بەڵکو خوای گەورە سزاکەی هەڵدەگرێت بۆ ڕۆژێك کە چاو تێیدا ئەبڵەق دەبێت (جاری واش هەیە خوای گەورە هەر لە دونیادا تۆڵەیان لێ دەکاتەوە).
ئایەتەکانی قورئان لە باسی ستەمدا زۆر بە توندی مرۆڤەکان بە

ئـاگا دەهێنێتــەوە لـە سـزای قیامەتـی و پێـوەری دادگەریشـی دانـاوە بـۆ دەسـتەڵات، دەسـتەڵاتی دونیـای کـە مرۆڤـەکان داوایانلێکـراوە کـە پابەنـدی شـەرع و یاسـا ئیسـلامیەکە بـبن گـەر بێـت و لایانـدا لـەو یاسـا دادگەریـە شـەرعیانە ئـەوا دونیاکـە دەبێـت بـە دۆزەخێکـی بچـوك بۆیـان و دۆزەخـی گـەورەش چاوەڕوانیـان دەکات.

ابراهیم ٤٣ {لا يرتد إليهم طرفهم وأفئدتهم هواء}

خـوای گـەورە دیمەنـی گـەورەی تاوانەکەیـان وەك فلیـم لـە دونیـادا لـە ڕێگـەی ئایەتـە قورئانیەکانـەوە نیشـان دەدات کـە چـۆن لـە تـرس و خەشـمی خـوای گـەورە.

{وأنـذر النـاس يـوم يأتيهـم العـذاب فيقـول الذيـن ظلمـوا ربنـا أخرنـا إلى أجـل قريـب نجـب دعوتـك ونتبـع الرسـل أو لم تكونـوا أقسـمتم مـن قبـل مـا لكـم مـن زوال وسـكنتم في مسـاكن الذيـن ظلمـوا أنفسـهم وتبـين لكـم كيـف فعلنـا بهـم وضربنـا لكـم الأمثـال وقـد مكـروا مكرهـم وعنـد اللـه مكرهـم وإن كان مكرهـم لتـزول منـه الجبـال فـلا تحسـبن اللـه مخلـف وعـده رسـله إن اللـه عزيـز ذو انتقـام} ٤٤

[ ٢٣٢٠ ] حدثنـا أبـو اليـمان أخبرنـا شـعيب عـن الزهـري قـال حدثنـي طلحـة بـن عبـد اللـه أن عبـد الرحمـن بـن عمـرو بـن سـهل أخـبره أن سـعيد بـن زيـد رضى اللـه تعـالى عنـه قـال سـمعت رسـول اللـه صـلى اللـه عليـه وسـلم يقـول مـن ظلـم مـن الأرض شـيئا طوقـه مـن سـبع أرضين)بوخـاری

بەسـە بـۆ ئـەوەی لەسـەرەوە باسـمان کـرد کـە خـودی ئیسـلام هاتـووە بـۆ پاراسـتنی مـرۆڤ و ژیـری و نـەوەو سـەروەت و سـامانی، وە بەسـە بـۆ ئـەوەی هـەر هێزیـك بێـت و حسـاب بـۆ ئـەو ئامانجانـە نەکات کـە لـە پێناویـدا هاتووەو پێشـێلیان بـکات!

ئەوەشی کە دەوترێت ئەوان مسوڵمانن و بەناوی دینەوە ئەو کارانەیان کردووە، هەرگیز دین لەگەڵ ستەمدا نی یە ئیتر بەهەرناوێکەوە بکرێت، ئیسلام هاتووە بۆ هەڵگرتنی ستەم نەك خودی خۆی ستەم بکات، ئیسلام دەق گەلێکی داناوە کە وەك یاسا پەیڕەو بکرێت لە دژی ستەمدا. لە مێژووداو تا هەنوکە هەموو ئەو پشێوی و ستەمانەی کە کراوە بە هەرناوێکەوە نابێت مرۆڤەکان بەناوەکان هەڵخەڵەتێن دەبێت سەیری خودی کارەکەو چوارچێوە شەرعیەکەی بکرێت نەك بە هەرناوێکەوە کرا ئەو تاوانبار بکرێت، بە بڕوای ئێمە ئەوە ستەمێکە لە ناوەکان مەرجیش نی یە ئەو ناوە هەر ئیسلام بێت ئەگەر ئێمە قبوڵی ئەوەمان کرد بە هەرناوێکەوە ستەممان لێکرا ئیتر ڕاستەوخۆ ئەو دینە یان هەر فکرو ئایدۆلۆژیایەکیش بێت تاوانبار بکەین ئەوا نا هۆشیاری دەردەخات بەرانبەر ئەو هێزە، هەتا ئەمە بەجۆرێکی تر ستەمە لەو ناوانە، کەسێك بەناوی ئیسلامەوە ستەمیك بکات و کەسێکی تریش هەر بەناوی ئیسلامەوە بەجۆرێکی تر بەرپەرچی بداتەوە ئەم دوو کەسە ئیسلام خوازە!

لە ڕاستیدا ئەمە کردنەوەی دەرگایەکی خراپە بەڕووی ستمەکاریدا کە هەر هێزێك بیەوێت ستەم بکات دەتوانێت ناوێکی ئیسلامی پێوە بلکێنێت و ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی ونکات و بەبێ تاوانیش دەربچێت.

هەر ئیسلامیش نی یە کە ستەمی بەناوەوە دەکرێت! هیچ دین و فکرو ئایدۆلۆژیەکی دونیای نی یە کە ستەمگەلێکی بەناوەوە نەکرێت کە پێچەوانەی خودی فکرو ئایدۆلۆژی و واقعەکە بێت.

باشترین بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیانە هەموو ئەو شەڕە ناوخۆیانەیە لەناو خودی گەلانەوە دروست بووە، ئێمە ئەگەر تەنها خودی خۆشمان وەرگرین بە نموونە شەڕی ناوخۆی یەکیەتی و پارتی و دەبێت چۆن

لێك بدرێتـەوە، هـەردوو حیزبـی و نەتەوەیـی و کـوردن، دەبێت بـۆ فاکتـەرە هەڵەکانـدا بگەڕێیـن یـان دژی خـودی نـاوی کـورددا ببینـەوە.
جۆریەتـی پێکدادانـەکان لـە مێـژوو واقعیشـدا یەکجـار زۆرن بەنـاوی جۆربەجـۆرو دووبارەبوونـەوەی هەمـان نـاوەوە بـەڵام ناکرێـت مرۆڤـی هوشـیار ڕق و دژایەتـی بەرانبـەر نـاوەکان دەربڕێـت، دەبێـت دژایەتـی لـە زوڵـم و سـتەمکاری داگیـرکاری و هـەر بەرژەوەندیەکـی لەسـەربنەمای مافـی خـود نەبێـت ببینـەوە، نابینیـن زۆرجـار هـەر بـرای دایـك و باوکـی بەشـەڕدێن و لەسـەر بەرژەوەنـدی شەخسـی خوێـن ڕژاوە، خـۆ ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ بنـەڕەت و نموونـەی هابیـل و قابیـل وەرگریـن برایـەك بـە دەسـتی برایەکـی تـری دەکوژرێـت، ئـەو هەمـوو یاسـای سـزادانە لـە قورئـان و دەقـە شـەرعیەکاندا دانـراوە خـۆ بـۆ کافـر دانەنـراوە بـۆ خـودی مسـوڵمانەکە دانـراوە، هەربۆیـە سـتەم بـە پێـوەرە قورئانیەکـە دەبێـت لەبەرچاوبگیرێـت و دژایەتـی ببینـەوە نـەك ئەگـەر سـتەمکارەکە کەسـێکی مسـوڵمان بـوو ڕق و قیـن بەسـەر ئیسـلامدا بڕێژرێـت، ئیسـلام یاسـای دەسـتبڕین و هەڵواسـین و بەردبارانکـردن و کوشـتنەوەی کـە دانـاوە جیـاوازی نەکـردووە لـەوەی کەسـی تاوانـکار ئەگـەر مسـوڵمان نەبـوو ئەوسـا ئـەو یاسـایانەی بەسـەردا بسـەپێت نەخێـر کەسـی تاوانـکار هەرکـەس بـوو سـزاکەی بەسـەردا دەسـەپێنرێت، ئاشـکرایە پێغەمبـەری درودو سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت شـەفاعەتی کەسـێك کـە دزی کردبـوو قبـوڵ نەکـرد لـەوەی کـە سـزای تاوانەکـەی بەسـەردا نەسـەپێت و بـە توڕەییـەوە دژی ئـەو شـەفاعەتە بووەتـەوەو پێـی وابـووە ئەگـەر فاطیمـەی کچیشـی دزی کـرد دەبێـت دەسـتی ببڕدرێـت، کاتێـك دەسـتی دزو خیانەتـکارەکان نابڕدرێـت و یاسـا دینیـەکان لـە ژێرنـاوی جۆربەجـۆردا بیانـوی بـۆ دەهێنرێتـەوەو پشـتگوێ دەخرێـت ئەوسـا کۆمەڵگـە بـەم شـێوەی لـێ

دێت کە هەمووی لە دەستی بێدادیەتی! کەواتە دەبێت لەسەر بنەمای ڕەوایەتی ماف و دادگەریە شەرعیەکان کردارەکان بپێورێت نەك عەقیدە.

## کۆتایی

تاوانبارکردنی ئەو ناوانەی کە تاوانەکانی بەناوەوە دەکریت یەکێکە لەو ستەمانەی کە گەورەترین کێشەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە، زۆرجار کەسەکان شکستی خۆیان هەربەسەر ئەو ناوانەدا داوە کە هۆکاری شکستەکەشیان لاوازی توانای خۆیان بووە نەك ناوەکە، سروشتی زۆرینەش وا بووە هەر بەناو خەڵەتاوە هەتا لە چوارچێوەی خۆشیدا، بۆ نموونە کەسێکی حیزبی مادام لە چوارچێوەی هەمان حیزبدایە لای بەرپرسانی حێزبی پاساو بۆ کارە خراپەکانیشیێ دەهێنرێتەوەو پارێزگاریشی لێ دەکرێت لە کاتێکدا کەمتر لە تاوانی ئەو ئەندامانەش لە دەرەوەی حیزبەکەدا زۆرجار شەڕی ڕەگەزی و خێڵەکی و جۆربەجۆری لێ دەکەوێتەوە.
هەربۆیە گرنگە سەیری خودی کارەکان بکرێت و بە کردار پیناسەی ناوو ناوەرۆك بکرێت، چونکە ئاسانە داهێنانی ناو و وە جوانی و بریقەداری ناوەکان، دەبینین زۆرینەی پەیڕەوو پرۆگرامی حیزبی و دەستوری وڵاتان و هەتا فکرو ئایدۆلۆژیە دونیایەکانیش بەناوو پرۆژە جوانن بەڵام کردار شتێکی ترمان پێ دەڵێت، ئیسلامیش وەك هێزێکی ئیلاهی و دەقێکی نووسراوو پارێزراو ڕوون و ئاشکراو لەبەردەستە بەڵام کردارەکان بە دەقەکان دەپێورێت نەك دەقەکان بە کردار، نابینین چەندین مسوڵمان هەیەو خۆی بە هەڵگری ئیسلام و شوێنکەوتەی دادەنێت کەچی لە هەمان

کاتـدا نـە نوێـژ دەکات و نـە خۆشـی لـە تاوانـە نەفسـیەکان دەگێڕێتـەوە، نوێـژ نەکـردن و مـەشروب خـواردن و بـێ ئەدەبـی و بـەدە ڕەوشـی ئـەم بابـای ئیسـلامیە تانەیـە بەنـاو چـاوی خۆیـەوە نـەك دیـن و دەقـە شـەرعیەکان، قورئـان کردەوەیەکـی بـە کـردەوەی شـەیتانی نـاو بـردووە ئـەو ئالـۆدەی بـووە ئـەم شـەیتانە بـۆ دەبێـت لەسـەر ئیسـلام مـاڵ بێـت.
عەربێـك کـە لـە جنوبـەوە ئێسـتە دێتـە کوردسـتان بـا جلـی کوردیـش لەبـەر عەتـف و هـاوزۆزی کـوردان لەبـەر بـکات بـەڵام بـەم جـل گۆڕینـە نابێـت بـە کـورد، پێویسـتە خەڵکیـش ئەوەنـدە هوشـیار بێـت سـەیری کـردارو ناخـی کەسـەکان بـکات نـەك جلەکانـی.
الحمدلله الذي بنعمته تتم الصالحات

# پێڕست


بەرکوڵ ----------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣
سورەتی الشمس------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------ ٦
پێش خوێندنەوە----------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ١١
سەدام و حیزبەکەی------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ١٥
سەدام کێیە؟---------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ١٥
هزری ئیلحادی------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------ ١٩
ئیسلام و ئامانجەکانی-------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٢٧
پاراستنی دین----------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٢٨
پاراستی جەستە---------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣٢
پاراستنی وەچە ---------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣٣
پاراستنی ژیری ----------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣٤
پاراستنی ماڵ ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣٤
ڕای ئیسلام لەسەر کۆمەڵکوژی-------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣٨
قتل الجماعة بالواحد----------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٤٠
سورەتی ئەنفال و هەندێك وردەکاری و هەڵوێستەیەك---------------------------------------------------------- ٤٣
سورة الأنفال--------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٤٤
بێدەنگی گەلان لەسەر ئەو کارانە بۆ؟---------------------------------------------------------------------------------------- ٨٤
کۆتایی---------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٩٣

ماڵمان لە گوندێك بوو خاوەنی مەڕوماڵاتێکی زۆر بووین، زۆرجار ئێواران کە مەڕوماڵاتەکەمان دەهاتەوەو چاومان بەناویاندا دەگێڕا دەمان بینی مەڕێك یان چەند مەڕو بزن نەهاتوونەتەوە، دەبوایە ئێمەش بەو شەوە بەو دەشت و شاخەدا بگەڕایەین بەدوایاندا لەترسی ئەوەی نەوەك شەو گورگ بیان خوات، چونکە گورگ زۆرجار شەرم لە مرۆڤەکانیش ناکات و لە ڕۆژیشدا هێرشیان بۆ دەهێنێت چ جای ئەوەی شەو بێت و خۆی حاکم بێت، جا هەر جارێك گەر مەڕو بزنەکانمان نەدۆزایەتەوە باوکم چەقۆیەکی پێم دەداو دەیناردم بۆ لای مەلای گوندەکەمان بە ئومێدی ئەوەی دەمی گورگ لە مەڕو ماڵاتەکانمان ببەستێت

## پەیامی چاوکراوەیی

# ئەنفالی قورئان و ئەنفالی سەدام



د.عومەر عەلی

٢٠١٨

ISBN 978-168454167-6